حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی باخچەی منداڵان

# کارامەیی پرۆگرامێکی ڕاهێنراو لە سەر هەندێ لە ستراتیژییای فێربوونی چالاک بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە

نامەیەکە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی کراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە باخچەی منداڵاندا

لە لایەن

شاجوان عبدالله احمد

بە سەرپەرشتی

پ.ی.د.عبدالصمد احمد محمد

2723 کوردی　　2023 زاینی　　1444کۆچی

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيْمِ




صدق اللهُ العظيم

( سورة طه- الآية:114)

# بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بە ناونیشانی ( کارامەیی پرۆگرامێکی ڕاهێنراو لە سەر هەندێ لە ستراتیژییای فێربوونی چالاک بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە ) بە سەرپەرشتی و لە ژێر چاودێری مندا لەلایەن خوێندکاری خوێندنی باڵا / ماستەر (شاجوان عبدالله احمد) لە زانکۆی سلێمانی / کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی / بەشی باخچەی منداڵان، ئامادە کراوە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری باخچەی منداڵان، لەو پێناوەدا واژۆمان کردووە.

واژۆ

سەرپەشتیار

پ.ی.د. عبدالصمد محمد احمد

بەروار: / / 2023

بە پێی ئەم پێشنیازانە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژۆ

پ.د.صابر بکر مصطفی

سەرۆک بەشی باخچەی منداڵان

بەروار : / / 2023

## بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ( کارامەیی پڕۆگرامێکی ڕاهێنراو لە سەر هەندێ لە ستراتیژییای فێربوونی چالاک بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە ) ئەرکی پێداچوونەوە و وردبینی زانستی بە من سپێردرا، دوای سەرنجدان دەرکەوت بە جۆرێکە هەڵە و گوزارشتی زانستی نادروستی تێدا نییە، لە بەر ئەوە واژۆم کرد.

واژۆ:

ناو :

بەروار : / / 2023

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی (کارامەیی پڕۆگرامێکی ڕاهێنراو لە سەر هەندێ لە ستراتیژییای فێربوونی چالاک بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە) لەگەڵ خوێندکاری ماستەر (شاجوان عبدالله احمد) گفتوگۆمان کرد دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنی دیکەی کرد و بڕیارماندا کە شایستەی ئەوەیە بە پلەی (        ) بڕوانامەی ماستەر لە بواری باخچەی منداڵانی پێ بدرێت، لەو پێناوەدا واژۆمان کردووە.

| | |
|---|---|
| واژۆ: | واژۆ : |
| ناو : | ناو: |
| پلەی زانستی : | پلەی زانستی : |
| سەرۆکی لیژنە | ئەندام |
| بەروار : | بەروار: |

| | |
|---|---|
| واژۆ: | واژۆ: |
| ناو : | ناو: |
| پلەی زانستی : | پلەی زانستی : |
| ئەندام | ئەندام و سەرپەرشتیار |
| بەروار : | بەروار: |

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی / زانکۆی سلێمانی پەسەند کرا

واژۆ:

ناو: پ.ی.د حسن فخرالدین خالد

سەرپەرشتیاری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

بەروار

# پێشکەشە بە

- ✓ دایک و باوکم
- ✓ هاوسەری ژیانم
- ✓ کوڕە تاقانەکەم ( بوێر )
- ✓ خوشکوبراکانم
- ✓ هەموو ئەو کەسانەی خولیای زانستن

# سوپاس و پێزانین:

- ✓ سوپاس بۆ خودای گەورە کە پشت و پەنام بووە سەرباری هەموو ئاستەنگییەکان  تاکو بەم قۆناغە بگەم و سەرکەوتوو بم.
- ✓ سوپاس بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی و بەشی باخچەی منداڵان کە دەرفەتی خوێندنیان بۆ ڕەخساندم.
- ✓ سوپاس بۆ بەڕێز سەرپەرشتیاری بەڕێزم ( پ.ی.د. عبدالصمد احمد محمد) بە سەرنج و پێشنیازەکانی نامەکەی بەپێزتر و دەوڵەمەندتر کرد.
- ✓ سوپاس بۆ دایک و باوکی ئازیزم کە ماندوونەناسانە و لێبوردانە بەردەوام لە هەوڵدابوون بۆپێگەیاندنم.
- ✓ سوپاسی بێ پایان بۆ هاوسەری ئازیزم کە بەردەوام لە پشتم بووە و هاوکاری کردووم.
- ✓ زۆر سوپاس بۆ خوشک و براکانم کە بەردەوام هاوکارم بوون.
- ✓ سوپاس بۆ کوڕە تاقانەکەم کە زۆربەی ئەو کاتانەی پێویست بوو بۆ ئەوی تەرخانبکەم بۆ توێژینەوەکەم بوو.
- ✓ زۆر سوپاس بۆ (م.جمالدین، م.هێمن، م.هەرێم ) کە زۆر هاوکارییان کردم.
- ✓ سوپاس و پێزانین بۆ زانکۆی ڕاپەڕین کە هاوکار بوون لە وەرگیرانم لە خوێندنی ماستەر.
- ✓ سوپاس بۆ سەرجەم ئەو پسپۆڕانەی لە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەر و پرۆگرامی توێژینەوە بەشداربوون.

- ✓ سوپاس بۆ سەرجەم بەڕێوەبەر و مامۆستایانی باخچەی منداڵان و منداڵان لە سنووری ناوەندی قەزای حاجیاوا کە هاوکارم بوون لە بەشی مەیدانی توێژینەوەکە.
- ✓ سوپاس بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی هاوکاریان کردم ئەگەر بە وشەیەکیش بێت.

## پوختەی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کارامەیی دروستکردنی پرۆگرامێکی ڕاهێنانییە بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە. توێژەر چوار گریمانەی سەرەکی دانا بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە. سنوری توێژینەوەکە بریتییە لە منداڵانی باخچە تەمەن (5) ساڵ بۆ ساڵی خوێندنی (2022–_2023).

لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە توێژەر میتۆدی ئەزمونی بەکارهێناوە کە پشت دەبەستێت بە دوو گرووپی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو). کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (950) منداڵی باخچە لە سنوری قەزای حاجیاوا. نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (24) منداڵ کوڕ و کچ (12) منداڵ بۆ گرووپی ئەزمونی و (12) منداڵ بۆ گرووپی کۆنترۆڵکراو. ئامڕازەکانی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ئامادەکردنی پێوەری وێنەیی بەها ئابوورییەکان، پێوەرەکە پێکهاتووە لە (30) بڕگە وە بڕگەکان دابەشکراون بەسەر (6) بواردا کە بۆ هەر بوارێک (5) بڕگە لە خۆدەگرێت، دوای دڵنیابوونەوە لە ڕاستگۆیی و جێگیری پێوەرەکە بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرا کە گرووپی (ئەزمونی)یە. پاشان توێژەر پرۆگرامێکی ڕاهێنانی دروست کرد بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە کە پشتی بەستووە بە ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک کە پێکدێن لە ستراتیژییەکانی (فێربوونی هەرەوەزی، گفتوگۆ، ڕۆڵبینین، چارەسەرکردنی کێشەکان، بیرپژان، فێربوون بەدۆزینەوە، گێڕانەوەی چیرۆک)بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر سوودی لە توێژینەوەکانی پێشوو بینیوە، پرۆگرامەکە لە (14) دانیشتن پێکهاتووە، (2) دانیشتن لە هەفتەیەکدا وە هەر دانیشتنێک (30) خولەکی خایاند.

وە گرنگترین ئامڕازە ئامارییە بەکارهاتووەکانیش بریتی بوون لە تاقیکردنەوەی (T) دوو نمونە (Independent Samples T.test) بۆ تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گرووپی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو).

له گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتی بوو لە :

1. پرۆگرامی ڕاهێنانی لە سەر ستراتیژییای فێربوونی چالاک، کاریگەری هەیە بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە.

2. جیاوازی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی ئەزمونی دەریخست کە پرۆگرامەکە کاریگەری هەبووە لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکی.

3. نەبوونی جیاوازی لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی کۆنترۆڵکراو دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە شێوازی وانەووتنەوەی ئاسایی هیچ گۆڕانکارییەکی لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی گروپەکەدا دروست نەکرد.

**کلیله ووشه:** پرۆگرامی ڕاهێنراو، فێربوونی چالاک، بەها ئابوورییەکان.

## پێڕستی ناوەڕۆک


| لاپەڕە | ناوەڕۆک |
| --- | --- |
| أ | ئایەتی قورئانی پیرۆز |
| ب | بڕیاری سەرپەرشتیار |
| د | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ |
| ه | پێشکەش |
| و_ز | سوپاس و پێزانین |
| ح_ط | پوختەی توێژینەوە |
| ي_م | پێڕستی ناوەڕۆک |
| م_س | پێڕستی خشتەکان |
| س | پێڕستی پاشکۆکان |
| **11_1** | **بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە** |
| 4_2 | یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە |
| 6_4 | دووەم: گرنگی توێژینەوەکە |
| 6 | سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە |
| 7_6 | چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە |
| 7 | پێنجەم: سنوری توێژینەوەکە |
| 11_7 | شەشەم: پێناسەی چەمک و زاراوەکان |
| **84_12** | **بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە** |
| 13 | یەکەم: چەمکی پرۆگرامی ڕاهێنان |
| 13 | هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پرۆگرامی ڕاهێنان |

| | |
|---|---|
| هەنگاوەکانی پرۆسەی دیزاینکردنی پرۆگرامی ڕاهێنان | 17_14 |
| دووەم: چەمکی فێربوونی چالاک | 19_18 |
| ئامانجەکانی فێربوونی چالاک | 20 |
| ڕۆڵی مامۆستا و فێرخواز لە فێربوونی چالاکدا | 22_20 |
| پاساوەکانی فێربوونی چالاک | 22 |
| ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک | 23_22 |
| ستراتیژی فێربوونی هەرەوەزی | 29_23 |
| ستراتیژی ڕۆڵبینین | 34_29 |
| ستراتیژی گفتوگۆ | 39_35 |
| ستراتیژی بیرپژان | 43_39 |
| ستراتیژی چارەسەر کردنی کێشەکان | 47_43 |
| ستراتیژی دۆزینەوە | 50_47 |
| ستراتیژی فێربوون بە یاری | 54_50 |
| ستراتیژی گێڕانەوەی چیرۆک | 57_54 |
| ئاستەنگەکانی فێربوونی چالاک | 58_57 |
| سێیەم: گەشەکردنی هۆشیاری بەها ئابوورییەکان | 60_59 |
| بەها ئابوورییەکان | 63_60 |
| بەها ئابوورییە پەیوەندیدارەکان | 70_64 |
| بەهای بەکارهێنانی ئاو | 65_64 |
| بەهای بەکارهێنانی خۆراک | 67_66 |
| بەهای بەکارهێنانی کارەبا | 68_67 |
| بەهای بەکارهێنانی کات | 69_68 |

| | |
|---|---|
| بەهای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا | 69 |
| پاشەکەوتککردن | 70_69 |
| چوارەم: تیۆرەکان (ئەو تیۆرانەی ڕاڤەکردنیان بۆ بەهاکان کردووە) | 74_70 |
| تیۆری (ثۆرستۆن) (Thurstone) | 72_70 |
| بۆچوونی زانای ئەڵمانی سپرانگەر (Spranger) | 73_72 |
| بۆچوونی (نیوکمب) (Newcomb) | 74 |
| پێنجەم: توێژینەوەکانی پێشوو | 83_74 |
| شەشەم: گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو | 84_83 |
| **بەشی سێیەم: (ڕێبازی توێژینەوەکە و ڕێکارییەکانی)** | **108_85** |
| یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە | 86 |
| دووەم: دیزاینی ئەزمونی توێژینەوەکە | 86 |
| سێیەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | 87 |
| چوارەم: نمونەی توێژینەوەکە | 88_77 |
| هاوتایی نێوان گروپەکان | 95_89 |
| پێنجەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە | 96 |
| پێوەری بەها ئابوورییەکان | 96 |
| ڕێکارەکانی پێوەری بەها ئابوورییەکان | 97 |
| ڕاستگۆیی | 98_97 |
| هێزی جیاکاری و هاوکۆلکەی قورسی و ئاسانی بڕگەکانی پێوەرەکە | 101_98 |
| جێگیری پێوەرەکە | 102 |
| دروستکردنی پرۆگرامی ڕاهێنان بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵی باخچە | 103_102 |

| | |
|---|---|
| هەنگاوەکانی داڕشتنی پڕۆگرامەکە | 105_104 |
| ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پڕۆگرامەکە | 106_105 |
| جێبەجێکردنی پڕۆگرامەکە | 107_106 |
| شەشەم: ئامڕازە ئامارییەکان | 108_107 |
| **بەشی چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان** | **118_109** |
| خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی یەکەم | 111_110 |
| خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی دووەم | 113_111 |
| خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی سێیەم | 115_113 |
| خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی چوارەم | 116_115 |
| دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | 117_116 |
| ڕاسپاردەکان | 117 |
| پێشنیارەکان | 118 |
| لیستی سەرچاوەکان | 133_119 |
| پاشکۆکان | 134 |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | أ_ب |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | A_B |



## پێڕستی خشتەکان



| ژ.خشتە | ناونیشانی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| (1) | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | 87 |
| (2) | دابەشکردنی تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە هەردوو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو | 88 |

| | | |
|---|---|---|
| 90 | هاوتایی لەسەر تاقیکردنەوەی وێنەیی بەها ئابوورییەکان (تاقیکردنەوەی پێشەکی) پێش جێبەجێ کردنی پرۆگرامەکە | (3) |
| 91 | هاوتایی گۆڕاوی ڕیزیەندی منداڵ لەخێزاندا گروپی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) | (4) |
| 92 | بەهای (کای) بۆ دەرهێنانی هاوتایی گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی باوک | (5) |
| 93 | بەهای (کای) بۆ دەرهێنانی هاوتایی گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی دایک | (6) |
| 94 | بەهای (کای) لە گۆڕاوی پیشەی باوک گروپی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) | (7) |
| 95 | بەهای (کای) لە گۆڕاوی پیشەی دایک گروپی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) | (8) |
| 101_100 | هێزی جیاکاری و ئاسانی و قورسی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی وێنەیی بەها ئابورییەکان | (9) |
| 103 | دەستنیشانکردنی بابەتەکانی پرۆگرامی ڕاهێنان | (10) |
| 110 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی دوو نمونە (independent Samples T.test) بۆ نمرەکانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بەها ئابوورییەکان | (11) |
| 112 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی دوو نمونە (independent Samples T.test) بۆ نمرەکانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بەها ئابوورییەکان | (12) |
| 114 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی دوو نمونە (independent Samples | (13) |

| | | |
|---|---|---|
| | (T.test بۆ نمرەکانی گروپی ئەزمونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بەها ئابوورییەکان | |
| (14) | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی دوو نمونە (independent Samples T.test) بۆ نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بەها ئابوورییەکان | 115 |


**پێرستی پاشکۆکان**


| ژ.پاشکۆکان | ناونیشانی پاشکۆکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| (1) | نوسراوی لارینەبوونی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە لە باخچەی خونچە | 135 |
| (2) | وێنەی سەرەتایی فۆرمی ڕاپرسی شارەزایان لە ڕاستگۆیی پێوەری وێنەیی بەها ئابوورییەکان | 167_136 |
| (3) | ناوی پسپۆڕان و شارەزایان بە پێی ڕیزبەندی پلەی زانستی بۆ دەرکردنی ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەی بەها ئابوورییەکان و پرۆگرامی ڕاهێنان | 169_168 |
| (4) | تاقیکردنەوەی وێنەیی بەها ئابوورییەکان بەشێوەی کۆتایی | 178_170 |
| (5) | ڕاستگۆیی ڕواڵەتی تاقیردنەوەی وێنەیی بەها ئابوریيەکان | 180_179 |
| (6) | فۆڕمی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پرۆگرامی ڕاهێنان | 189_181 |

# بەشی یەکەم

# ( چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە )

یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

دووەم: گرنگی توێژینەوەکە

سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە

چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە

پێنجەم: سنوری توێژینەوەکە

شەشەم: پێناسەی چەمک و زاراوەکان

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:**

ئەو کۆمەڵگایەی کە بە کێشەی ئابووریدا تێ دەپەڕێت کاریگەریی دروست دەکات لەسەر پێشکەوتن و خزمەتکردن بە تاکەکان وە زۆر گۆڕانکاری هەیە لەم سەردەمەدا کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر بچووکترین پێکهاتەی کۆمەڵگا کە خێزانە و بەو شێوەیەش کاریگەری لەسەر منداڵەکەش هەیە بە شێوەک نەتوانرێت خواستەکانی منداڵەکە بەدیبێت.

لە بەرئەوەی بارودۆخی ئابووری زۆربەی خێزانەکان زۆر جیاوازە و زۆر سەختە کاتێک داهاتی خێزان لاواز دەبێت و ناتوانێت داواکارییە سەرەتاییەکانی منداڵەکە جێ بەجێ بکات، ئەوا ڕەنگە ئەو منداڵە هەست بە تووڕەیی بکات بەرامبەر بە خێزانەکەی، هەروەها زیادبوونی خواستەکانی منداڵان لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە دایکان و باوکان نەتوانن وەک پێویست خواستەکان دابینی بکەن، بۆیە وا باشترە خێزان منداڵ بەشداری پێ بکات لە چارە سەرکردنی کێشەکانی خێزان بە جۆرێک کە گونجاو بێت لەگەڵ بیرکردنەوەیدا، چونکە منداڵ لەناو خێزانەکەیدا ڕاهێنراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی دەوروبەردا .

پەرەسەندنی ڕەوتە ئاکاری و ڕەوشتی و ئیجابییەکان و بەهاکان بە گشتی و بەها ئابوورییەکان بەتایبەتی لە ناو کارە بنەڕەتییەکانی باخچەی منداڵانن کە گرنگی پێ بدرێت و لە قۆناغی یەکەمی ژیانی منداڵدا بنیاتبنرێن (**رمضان**، 2019: 56).

منداڵانی کوردستان، ئەمڕۆ پێویستییان بە ڕەفتاری دروستی بەکارهێنان هەیە بۆ ڕووبە ڕوو بوونەوەی هەر گرفتێک کە ڕەنگە لە ژیانیدا ڕووبە ڕوویان ببێتەوە .

کاتێک کە دەگەڕێینەوە بۆ هەندێک لە توێژینەوە پەروەردەییەکان کە مامەڵەیان لەگەڵ بەهاکاندا کردووە، دەریدەخەن کە ڕێکخستنی بەها ئابوورییەکان لە پلەکانی دواوەدایە، هەرچەندە کە چەندین توێژینەوە هەیە کە سەرنجی خستۆتە سەر بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە، کە هەر یەکێک لەم توێژینەوانە چەند بەهایەک لە بەها ئابوورییەکانی خستوەتە

ڕوو کە هەر یەکەیان گرنگی خۆیان هەیە لەو بوارەدا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبینین کە لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگی بە باشترکردنی پڕۆگرامی باخچەکان دەدرێت کە پڕۆگرامی چالاک پێشکەش بە باخچەکان بکرێت، تاکو لەڕێی چالاکییەوە باشتر بەهاکان لای منداڵ بەدی بێت .

پەروەردەی ئابووری لایەنێکی گرنگی پەروەردەییە، بە بێ ئەو پرۆسەی پەروەردە تەواو نابێت و لە تەمەنێکی زووەوە بە دوای ڕێگەیەکی نوێدا بگەڕێت بۆ گەشەکردنی لە منداڵاندا (علي، 2021: 943).

سەرەڕای ئەم گرنگییە، واقعی ئێستا نەبوونی بەرنامەی فێرکاری بە گشتی و پرۆگرامی ڕاهێنانی بە تایبەتی، ڕێگرە لە بەرەو پێش چوونی ڕەوتی فێرکردن لە باخچەکانی کوردستاندا، بۆیە پڕۆگرامێکی چالاکی و فێرکردن پەیڕەو بکرێت کە ببێتە هۆی گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە .

جێ بەجێ کردنی پڕۆگرامێکی چالاکی ئاڕاستەیەکی پۆزەتیڤی هەیە بەرەو هۆشیاری بەکارهێنان و پاشەکەوتکردن و خۆشەویستی کار و پاراستنی موڵکی گشتی و گرنگی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و خۆراک و بەها ئابوورییە پێویستییەکانی تر کە تێبینی دەکرێت لە کەمی سەرنجدان بێت لە هەندێک لەوانە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەم سەردەمەدا دەبینین کە مرۆڤەکان زیادە ڕۆییەکی زۆر دەکەن لە بەکارهێنانی زۆرینەی پێداویستییەکاندا، کە ئەستەمە ئەم ڕەفتارە وا بەئاسانی گۆڕانکاری تێدا بکرێت لە گەورەکاندا، ئێمە ئەم بەهایانە لە باخچەوە لە منداڵەکانماندا بچێنین، تا کە گەورە بوون پابەند بن پێوەی .

وەک ئاشکرایە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێداویستییەکانی مرۆڤ بەردەوام لە زیاد بووندایە بە جۆرێک کە ئەو بابەتانەی لە ساڵانی پێشوودا ئەو گرنگییەی نەبووە، ئێستا بووەتە پێویستییەکی گرنگی ژیان بۆ نموونە مۆبایل، ئینتەرنێت، کۆمپیوتەر، کارەباکات، ئەمانە و چەندان شتی دیکە کە بەردەوام مرۆڤەکان بەکاری دەهێنن، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە

ئابوورییانە بەکاری بهێنن و زیادەڕەوی تێدا نەکەن، کە هەموو ئەمانە منداڵی لەسەر ڕابهێنرێت کە دەبێت پابەند بین بە بەکارهێنانیانەوە و کەسانی دیکە سوودی لێ ببینن .

توێژەر تێبینی ئەوەی کرد لە میانی خوێندنی کۆرسات و سەردانیکردنی باخچەکان و مامەڵەکردنی بەردەوامی ڕۆژانە لەگەڵ منداڵدا، هەستی کرد کە منداڵان گرنگی و بەهای ئەو شتانە نازانێت کە بەکاریان دەهێنێت، کە ئەمەش پێویستی بە پڕۆگرامێک هەیە بۆ دروستکردنی ئەو بەهایانە لە منداڵدا، بۆیە کێشەی توێژینەوەکە پێویستی بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەکییە دەبێت: ئایا ئاستی کارامەیی پرۆگرامێک لە گەشەپێدانی بەها ئابورییەکان چەندە لە سەر هەندێ ستراتیژییای فێربوونی چالاک لای منداڵانی باخچە؟

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە :**

ئامانجی باخچەی منداڵان ئەوەیە کە هەموو ڕەهەندە جیاوازەکانی جەستەیی و مەعریفی و سۆزدارییەوە گەشەیەکی گشتگیری یەکپارچە و هاوسەنگ بە کەسایەتی منداڵاندا بەدیبهێنێت لە ڕێگەی ئەو چالاکییانەی کە باخچەی منداڵان دابینیکردوون، چونکە چالاکی پەروەردەیی هەوڵێکی دەروونیی و جەستەیی و ڕاهێنانی کارامەییە لە پرۆسەی پەروەردەیی لە بوارەکانی زانین و دەروونی و هەڵچوونی و چالاکیدا، توخمێکی گرنگن لە بنیاتنانی کەسایەتی منداڵدا هەروەک منداڵ یارمەتیدەرە لە پەرەدان بە پشت بەستن بە خود و پێکهێنانی خوود و لێهاتوویی و بەها (عطية واخرون، 2018: 3).

کۆمەڵێک خاڵ هەیە کە دەبێت لە بارودۆخی خوێندندا هەبێت کە هەموو ئەمانە لە فێربوونی چالاکدا هەیە، کە خویندکاران لەکاتی بەشداریکردنی چالاکانە لە دۆخی خوێندندا باشتر فێر دەبن و زانیاری خۆیان لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و دۆزینەوە و داهێنان و کارلێککردن لەگەڵ ژینگەدا دروست دەکەن (أحمد، 2008: 4).

لەسەر بەها ئابورییەکان نە بەسامان نە بە زۆری مولک و سامان دەپیورێت بەڵکو مانای جێگیربوونی پێگەی دارایی خێزانە و منداڵەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری پیشنیارەکانی خێزانەکەیەوە ڕەنگە گوێی لیبێت بلێت ( باوکم دەیتوانی کارەکەی لەدەستبدات) و ( کاتێک پیر

دەبم ، من وەک باپیرم هەژار دەبم) وە لەوانەیە گوێمان لەهەندێک منداڵ بێت کە نیگەرانییەکانیان ڕەنگ دەداتەوە و دایک و باوکیان وەک ئەو منداله وایە کە دەڵێن ( دایکم ووتی ئەگەر باوکە نەخۆش بکەوێت ، ئێمە نازانین چۆن چارەسەری بکەین) وە بەو شێوەیە دەتوانین نیشانی بدەین کە منداڵەکان دەتوانن ڕابهێنرێن بۆ فێربوون دەربارەی بەها ئابورییەکان کە دەوریان دەدەن(کاطع ، 2018: 211).

گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی لای خوارەوەیە:

1. ئەم توێژینەوەیە یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە پڕۆگرامی خوێندن بۆ باخچەی منداڵان پەرە پێ دەدەن (عەقڵی و دەروونی و کۆمەڵایەتیی).

2. یەکێک لەو بابەتەی کە ئەم توێژینەوەیە جەختی لەسەر دەکاتەوە و مامەڵەی لە گەڵدا دەکات، پەروەردەی ئابوورییە وەک لایەنێکی گرنگ کە بە بێ ئەوە پرۆسەی پەروەردە تەواو نابێت .

3. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لە بەرئەوەی لە ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقدا کەمە، بە پێی زانینی توێژەر، بۆیدەرکەوتووە کە ئاستی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە گرنگی خۆی هەیە لە پەرتوکخانەکاندا، بۆیە هەر کۆششێک لەو بوارەدا بکرێت گرنگی خۆی هەیە .

4. گرنگی بابەتی توێژینەوەکە لەو فێربوونە چالاکەدا دەردەکەوێت کە یەکێکە لە ڕەوتە پەروەردەییە هاوچەرخەکان و وەڵامێکی بابەتییانەیە بۆ ئەوەی لە ئێستادا پەروەردەکاران داوای چی دەکەن لە کاتی ئێستادا لە پێویستی بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی لە فێربووندا و کاریگەریی ئەو ستراتیژییانە و باشتر کردنی دەستکەوتەکانیان و مەیلی ئەوان بۆ فێربوون.

5. فێربوونێکی چالاکە بۆ ئەوەی منداڵەکە ئەزموونی ئابووری جۆرا و جۆر بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی یارمەتی بدات بە سەر ئەو تەحەدا ئابوورییانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە و هەوڵ بدات بۆ ڕێکخستنی بۆ هۆشیاری بەکارهێنان و خۆشەویستی کار و بەکارهێنانی خواردن و تەکنەلۆجیا و گرنگیدان بە کات.

6. دابین کردنی پەرەپێدانی پڕۆگرامی خوێندن بە یەکێک لە ستراتیژییەکانی فێربوون کە ڕەنگە لەگەڵ بارودۆخی منداڵانی باخچەی منداڵان بگونجێت و ڕێنوێنییان بکات لە هەڵبژاردن و پەرەپێدانی ستراتیژی گونجاو بۆیان .

7. سوود وەرگرتن لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لە ئامادەکردنی ئەو پڕۆگرامەی کە بەشداری دەکات لە گەشە پێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە .

8. مامۆستایانی باخچەی منداڵان دەتوانن سوود لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە وەربگرن بۆ گەشە پێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە.

9. ڕێگا بۆ مەودایەک لە توێژینەوەکانی دیکە لەسەر لێکۆڵینەوەی بەها ئابوورییەکان لە باخچەی منداڵان دەکاتەوە .

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

1. بنیاتنانی پڕۆگرامێکی ڕاهێنان لە سەر هەندێ لە ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک لە گەشە پێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە .

2. زانینی کاریگەری بەکارهێنانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو دوای جێبەجێکردنی پڕۆگرامەکە.

3. زانینی کارامەیی جێبەجێردنی پڕۆگرامێکی ڕاهێنان لە سەر ستراتیژییای فێربوونی چالاک لە گەشە پێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە.

**چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

1. جیاوازی ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) لە نێوان نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لە سەر پێوەری بەها ئابوورییەکان لە تاقیکردنەوەی پێشەکی .

2. جیاوازی ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) لە نێوان نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لە سەر پێوەری بەها ئابوورییەکان لە تاقیکردنەوەی پاشەکی .

3. جیاوازی ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) لە نمرەکانی گروپی ئەزموونی لە سەر پێوەری بەها ئابوورییەکان لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی .

4. جیاوازی ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) لە نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو لەسەر پێوەری بەها ئابوورییەکان لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی.

**پێنجەم: سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری بابەتی: پرۆگرامێکی ڕاهێنانی بۆ هەندێک لە بەها ئابوورییەکان وەکو (بەهای بەکارهێنانی ئاو، بەهای بەکارهێنانی خۆراک، بەهای بەکارهێنانی کارەبا، بەهای بەکارهێنانی کات، بەهای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، بەهای پاشەکەوتکردن).

سنوری مرۆیی: بریتییە لە منداڵانی باخچەی منداڵانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە کە تەمەنیان لە (5)ساڵیدایە.

سنوری کاتی: بریتییە لە ساڵی خوێندنی ( 2022 _2023).

سنوری شوێنی: پارێزگای سلێمانی (قەزای حاجیاوا).

**شەشەم: پێناسەی چەمک و زاراوەکان:**

**یەک: بەها:**

1. "علی" (2011):

کۆی هەموو ئەو هەڵوێستانەیە کە تاک لە بەرامبەر پرسێکی دیاریکراودا دروستی دەکات، بە قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوە؛ ئەمەش بەو مانایەیە کە ڕەوتەکە یەکەیەکی دروستبوونی بەهایە (علي، 2011: 40).

2. "بۆکانی" (2020):

بەهەموو ئەو شتانە دەگوترێت کە شایانی بایەخ پێدانن و گرنگن لە ڕووەکانی ماددی، مەعنەوی، ئاکاری، ئایینی و جوانییەوە. بەها ئەو چەمکانەیە کە کاریگەریی لە سەر ڕەفتاری خەڵکی بەجێ دەهێڵن و ڕاست و پەسەند دیاری دەکەن (بۆکانی، 2020: 6).

3. "النكلاوي" (2020):

چەمکێکە لە کۆمەڵێک ستاندارد و حوکمدان کە لە لایەن تاکێکەوە لە ڕێگەی کارلێک کردنی لەگەڵ بارودۆخ و ئەزموونە تاک و کۆمەڵایەتییەکان پێک دەهێنرێت، توانای ئەوەی پێ دەدات ئامانج و ڕێنماییەکان بۆ ژیان هەڵبژێرێت کە بە جددی دەزانێت بۆ بەکارهێنانی تواناکانی، و لە ڕێگەی بەرژەوەندی و ڕەوتەکانەوە یان ڕەفتاری زانستی یان زارەکی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرجەستە دەکرێن (النكلاوي، 2020: 545).

پێناسەی تیۆری بەها: چەمکێکە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک هەڵوێست و ستاندارد و حکومدان کە شایەنی گرنگی پێدانە لە لایەن تاکەوە کە لە ڕێگەیەوە کارلێک لەگەڵ بارودۆخ و هەڵوێستەکانی چوار دەوریدا دەکات.

پێناسەی ڕێکاری بەهاکان : بریتییە لە کۆمەڵە بەهایەک کە پێویستە تاک بەدەستی بهێنێت لە چوارچێوەی پرۆگرامی داڕێژراو کە بۆ ئەم توێژینەوەیە ئامادەکراوە.

**دوو: پرۆگرامی ڕاهێنان:**

1."زهران" (1986):

پلانێکی داڕێژراوە لە بەر ڕۆشنایی دامەزراوە زانستییەکان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە تاکی، یان بە کۆمەڵ بە ئامانجی یارمەتیدانی گروپی ڕاهێنان بۆ گۆڕینی ڕەفتارەکانیان بۆ شێوەیەکی باش و گونجاو (شبيب، 2019: 19).

2. "النجار" (2011):

کۆمەڵێک چالاکیی پلان بۆ داڕێژراو و ڕێکخراوە کە بریتین لە بنیاتنانی یان پەرە پێدانی دۆخێکی پەروەردەیی یان ڕاهێنان لە ژێر ڕۆشنایی ئامانج و پێداویستییە دیاری کراوەکانی، و بە ئامانجی پەرەپێدانی ئەدای فێرخوازان (النجار، 2011: 47).

3."علی" (2011):

کۆمەڵێک بابەتی ناچاری و ئارەزوومەندانە پێشکەش بە کۆمەڵێکی دیاریکراو لە فێرخوازان دەکات بۆ ئەوەی ئامانجە دیاریکراوەکان لەماوەیەکی دیاریکراودا بەدەست بهێنن، کە ژمارەی

ئەو کاتژمێرانەی کە لەگەڵ هەر بابەتێکدا دەگونجێت و ڕاهێنانەکە نیشان دەدات و دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی بڕوانامە، پێویستە پڕۆگرامی ڕاهێنان لە سەر بنەمای هەڵسەنگاندن بێت (علي، 2011: 69).

پێناسەی تیۆری پڕۆگرامی ڕاهێنان: بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێکار و ڕێنمایی و چالاکی و ڕاهێنانی کرداری ڕێکخراو بۆ بەدەست هێنانی ئامانجێکی دیاریکراو.

پێناسەی ڕێکاری پڕۆگرامی ڕاهێنان: بریتییە لە کۆمەڵێک دانیشتن کە لەم توێژینەوەیەدا ئەنجامدراوە بەشێوەیەکی ڕێک و پێکی پەروەردەیی و زانستی ڕێکخراون، کە بۆ هەر دانیشتنێک بابەت و ئامانج و چالاکی و ستراتیژی و کات و ڕێکار و هەڵسەنگاندن دیاری کراوە.

**سێ: فێربوونی چالاک:**

1. "رمضان و مسعد" (2010):

بریتییە لە پراکتیزەکردنی کار، یان پراکتیزەکردنی بابەتەکە لە کاتی دۆخی فێرکارییدا و مامۆستا وەک ڕاهێنەرێک کاردەکات، نەک تەنها لە ڕۆڵی وانەبێژدا سنووردار بێت، خوێندکاران لە پڕۆسەکەدا دۆزینەوەکانی خۆیان سەبارەت بە بابەتەکە بنیات دەنێن (عبدالقادر، 2018: 178).

2. "لینا" (2014):

فەلسەفەیەکی پەروەردەییە کە پشت دەبەستێت بە بەشداری چالاک و پۆزەتیڤانەی فێرخواز لە دۆخی فێرکاری و فێربووندا و هەموو ڕاهێنانە پەروەردەییەکان و ڕێکارەکانی فێرکردن دەگرێتەوە کە ئامانج لێی چالاک کردنی ڕۆڵی فێرخواز و ئەو شوێنەیە کە فێربوون لە ڕێگەی کار و تاقیکردنەوە و توێژینەوە و پشتبەستن بە فێرکار لە بەدەستهێنانی زانیاری و بەدەستهێنانی لێهاتوویی و پێکهێنانی بەها و ئاڕاستەکان زیاد دەکات (المصري، 2014: 24).

3. "خيري" (2018):

هۆکارێکی فێرکردنی کاریگەرە کە یارمەتی فێرخوازان دەدات بۆ پەرە پێدانی لێهاتووییەکانیان و هەروەها بەدەستهێنانی زانیاری و فێربوونی باشتر کاتێک چالاکانە خەریکی فێربوونن لە ناو پۆلدا (خيري، 2018: 24).

پێناسەی تیۆری فێربوونی چالاک: پڕۆسەیەکی وانە ووتنەوەی پەروەردەییە کە پێک دێت لە جۆرەها چالاکی، کە پشت دەبەستێت بە بەشداری چالاکانەی فێرخواز لە پڕۆسەی فێربوون و فێرکارییدا، کە فێرخواز سەنتەری سەرەکی پڕۆسەی فێربوونە.

پێناسەی ڕێکاری فێربوونی چالاک: سەرجەم ئەو چالاکی و یاری و چیرۆکانەیە کە منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە دەیخوێنن و جێ بەجێی دەکەن لە کاتی ئەنجامدانی پرۆگرامی ڕاهێناندا.

**چوار: بەها ئابوورییەکان:**

1."البلخي" (1991):

یەکێک لە جۆرەکانی بەهاکانە کە خۆشەویستی تاکەکانە بۆ کاری بەرهەمهێن و چالاکییە ئابوورییەکان کە بەشدارن لە باشتر کردنی بارودۆخی تاک و کۆمەڵگا (الحمود، 2010: 10).

2. "اللقاني و الجمل" (2000):

کۆمەڵێک بەهایە کە گوزارشت لە بەرژەوەندی تاکە کەسی و ڕێک خستنی پەیوەندییەکان دەکات بۆ فرۆشتن و کڕین و بەرهەمهێنان و پەیوەندی و ئەنجامە هاوبەشەکان لە جیهانی ئابووری و بازاڕ کردن، وەک کار و مامەڵە کردن لەگەڵ سوو و ڕێز گرتن لە موڵکی تایبەتی و بەرز کردنەوەی بەرهەمی نەتەوەیی (فراج، 2019: 472).

3. "ميخائيل" (2001):

ئەو جۆرە بەهایانەن کە سوورن لە سەر بەرژەوەندییە کردارییە ڕاستەوخۆکان و گەڕانەوەی ماددی کارەکە و هەموو ئەو شتانەی کە دەبێتە هۆی بەرژەوەندی و هێنانی قازانجی ماددی (جمعه، 2020: 7).

پێناسەی تیۆری بەها ئابوورییەکان: کۆمەڵێک بەها ئابووییانەیە کە پێویستە پەرەی پێ بدرێت لە لایەن پەروەردەکارەوە و چاندنی و گەشە کردنی لە لای منداڵ.

پێناسەی ڕێکاری بەها ئابوورییەکان: کۆی ئەو نمرانەیە کە منداڵانی باخچە بەدەستی دەهێنن لە دوای وەڵام دانەوەیان لە سەر بڕگەکانی تاقیکردنەوەی وێنەیی بەها ئابوورییەکان، کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە.

# بەشی دووەم

## ( چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە )

یەکەم: پرۆگرامی ڕاهێنان

دووەم: فێربوونی چالاک

سێیەم: گەشەی هۆشیاری بەها ئابوورییەکان

چوارەم: تیۆرەکان

پێنجەم: توێژینەوەکانی پێشوو

شەشەم: گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو

**یەکەم: پڕۆگرامی ڕاهێنان:**

**چەمکی پڕۆگرامی ڕاهێنان:**

پلانێکی ڕێکخراوە بۆ کۆمەڵێک بابەت و چالاکیی و ڕووداو بە ئامانجی بەدەستهێنانی زانیاری و پەرەپێدانی کارامەیی لە ماوەیەکی دیاریکراودا (العتابي، 2008: 19).

کۆمەڵێک ئەزموون و چالاکیی و ڕووداوی پلان بۆ دارێژراو و بەرنامە بۆ دارێژراو، کە بە پشتبەستن بەو تیۆریانەی فێربوون و پەروەردە ڕاست دەکرێنەوە کە فێرخواز بەرکەوتووە و پراکتیزە دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت زانیاری و لێهاتوویی و شێوازی ڕەفتار و ڕەوتەکان بەدەستبهێنێت کە بەدەستهێنانیان دەبێتە هۆی دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕاهێنانی کارەکە بۆ تاکەکان و گەیشتن بە ئامانجەکان بۆ ڕێکخراوەکان (النجار، 2011: 46).

پڕۆگرامی ڕاهێنان ئەو هێڵکارییە گشتیەیە کە پێشوەختە لە دوو دراوی پەروەردە و فێرکردن لە قۆناغێکی دیاریکراوی پەروەردەدا دارێژراوە، کە لەم ماوەیەدا پوختەیەک لە ڕێکار و بابەتەکان دەخاتە ڕوو کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا جێبەجێ دەکرێن، ئەزموونەکان لەخۆدەگرێت کە فێرخواز دەبێت بە ڕێککەوت بەپێی سالانی گەشەکردن و پێداویستییە پێویستەکان بەدەستی بهێنێت (سماحة و أبوطالب، 2018: 637).

**هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پڕۆگرامی ڕاهێنان:**

1.ئامانجی گشتی پڕۆگرامی ڕاهێنان .

2. ئامانجی تایبەتی پڕۆگرامی ڕاهێنان .

3. ناوەڕۆکی پڕۆگرامی ڕاهێنان .

4. ڕێگا و شێوازەکانی جێبەجێکردنی پڕۆگرامی ڕاهێنان .

5. چالاکییە فێرکارییەکان .

6. ئامرازە هاوکارییەکان .

7. ڕاستگۆیی پڕۆگرامی ڕاهێنان .

8. هەڵسەنگاندنی پڕۆگرامی ڕاهێنان (الأزهر، 2015: 84).

**هەنگاوەکانی پرۆسەی دیزاینکردنی پرۆگرامی ڕاهێنان:**

أ: دیاریکردنی ناوەڕۆکی بەرنامەکە بەپێی ئامانجەکانی ڕاهێنان:

1. دانانی ئامانجی فێرکاری: دانانی ئامانجی فێرکاری پێویستە بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی دارشتنی پرۆگرامی ڕاهێنان، سەرەتای قۆناغەکانی دیزاینە، ئەم ئامانجانە بەگشتی دەتوانن لە سێ ئاراستەی بنەڕەتییەوە سەرچاوە بگرن:

_ گونجاندن لەناو پۆستی کاردا .

_ دەستەبەرکردنی توانای تاکەکان بۆ پڕکردنەوەی پۆستی نوێ .

_ باشترکردنی لێهاتووییەکانی سەرچاوە مرۆییەکان .

2. زنجیرەیی چالاکییە فێرکارییەکان: قۆناغێکی گرنگە دوای دارشتنی پرۆگرامی ڕاهێنان، بە تایبەت کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پرۆسەی فێرکردنەوە هەیە، لەم قۆناغەدا پێویستە ئامانجە فێرکارییەکان بەم شێوەیە دابەش بکرێن بۆ سێ گروپ:

_ ئامانجی سەربەخۆ لەگەڵ یەکتر .

_ ئامانجە پەیوەندیدارەکان .

_ ئەو ئامانجانەی کە پشتیوانی یەکترن (تەواوکەری یەکترن)

ب: دیاریکردنی شێوازی ڕاهێنان :

بەرپرسی ڕاهێنان بە هاوکاری لەگەڵ پسپۆڕێکی یارمەتییەکانی ڕاهێنان و تەواوی کارمەندانی بەشی ڕاهێنان، دەبێت ئەم هۆکارانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرێت:

_ بابەتی ڕاهێنان .

_ تایبەتمەندییەکانی ڕاهێنراوان .

_ قەبارەی کۆمەڵەی ڕاهێنراوان .

_ ئەو ماوەیەی کە بۆ ڕاهێنان بەردەستە .

_ ئاسانکاری بەردەست .

_ لێهاتویی ڕاهێنەر .

ج: هەڵبژاردنی ڕاهێنەران:

دیزاینی پرۆگرامی ڕاهێنانی باش بەندە بە توانای هەڵبژاردنی ڕاهێنەران کە توانای بەخشینی زانیاری و لێهاتوویی پێویستیان هەبێت بە تاکەکان .

د: دابینکردنی ئاسانکاری مادده و تەکنیکی پێویست:

1. بودجەی خەملێنراو: پەرەپێدانی بودجەی خەملێندراو کارێکە کە پێویستی بە بەشداری ئاستی باڵای بەڕێوەبەرایەتی و بەرژەوەندییەکانی دیکە هەیە .

2. دابینکردنی ئامێر و هۆکاری ڕاهێنان: لەوانەیە ئامێرەکانی ڕاهێنان لە دامەزراوەکە بە بڕی پێویست و کوالیتی بەردەست نەبێت، یان گران بێت، دامەزراوەکە دەتوانێت ڕوو لە خزمەتگوزارییەکانی ڕاهێنانی دەرەکی بکات بۆ ئەوەی لەم خەرجییانە دوور بکەوێتەوە، بە تایبەت ئەگەر ئەم ئۆرگانە وێنەیەکی باشیان هەبێت و ناوبانگێکی گەورەیان هەبێت (سامي و عبدالنور، 2009: 106_111).

**بنەماکانی دیزاینی پرۆگرامی ڕاهێنان:**

1. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە مەشقە پێشنیار کراوەکان لەگەڵ ئامانجی گشتی پرۆگرامەکەدا دەگونجێن .

2. پێویستە ڕاهێنانەکان لەگەڵ تواناکانی بەردەستدا بگونجێن، جا جەستەیی بێت یان مرۆیی .

3. لەبەرچاوگرتنی فاکتەری جێگیر و حەماسەت بە هەمەچەشنکردنی ڕاهێنانەکان و دوورکەوتنەوە لەو هۆکارانەی کە هەستێکی بێزاری بۆ دروست دەکەن .

4. بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە تاکەکەسییەکان لە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکەدا .

5. بە لەبەرچاوگرتنی نەرمی پرۆگرامەکە و قبوڵکردنی بەکارهێنانی پراکتیکی (عمران و عبدالله، 2018: 175).

**جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنان:**

قۆناغی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

1. چوونە ژوورەوە بۆ هۆڵی ڕاهێنان:

أ: خولەکی یەکەم لە سەرەتای یەکەم خولی ڕاهێنانەوە بە کاتەکانی ڕاهێنان دادەنرێت بەهۆی کاریگەری لەسەر ڕاهێنراوان لەڕووی:

_ یەکەم سەرنجەکانیان .

_ هەنگاوەکانی جێبەجێکردن و پێشکەوتن لە پڕۆگرامەکەدا .

ب: پێویستە کەسی بەرپرسیار لە جێبەجێکردنی پڕۆگرامەکان لە کاتی خۆیدا ئامادە بێت بۆ دانیشتنەکە، ئەگەر هەندێک زووتر نەبێت .

ج: سەرنج بدە پێش دەستپێکردنی جێبەجێکردنی دانیشتنەکان لەناو ژووری ڕاهێنانەکەدا چی ڕوودەدات .

2. ڕێکخستنی شوێنی ڕاهێنان:

هۆڵی ڕاهێنان بەپێی ئامانج و چالاکییەکان ڕێکدەخرێت، ئایا دانیشتنەکە پێویستی بە ڕاهێنانی تاکەکەسی یان گروپی یان گروپ هەیە، و شوێنی دانیشتنی ڕاهێنراوان بە شێوەی بازنەیی یان پیتی (U) دیاری دەکرێت، یان بە شێوازێکی تری دانیشتن بەجۆرێک کە ڕێگە بە هەمووان بدات بۆ سەیرکردنی یەکتر و ئاسانکاری بۆ پەیوەندیکردن .

3. پێشکەشکردن:

ناساندنی بەرنامەی ڕاهێنان زۆر گرنگە هەم بۆ ڕاهێنەر و هەم بۆ ڕاهێنراو، جا ڕاهێنەر یان ئەو کەسەی بەرنامەکە جێبەجێ دەکات خۆی بناسێنێت یان فێرخوازەکان بەیەکتر بناسێنن .

4. ڕوونکردنەوەی ڕۆڵەکان:

أ: ڕۆڵی توێژەر، ڕاهێنەر، یان کەسی بەرپرسیار لە جێبەجێکردنی پڕۆگرامی ڕاهێنانەکە ڕوون بکەرەوە .

ب: ڕۆڵی ڕاهێنراوان و گروپی ئامانجی ڕاهێنانەکە ڕوون بکرێتەوە (شبیب، 2019: 36_37).

**جۆرەکانی هەڵسەنگاندنی پڕۆگرامی ڕاهێنان:**

1. هەڵسەنگاندن پێش ئەنجامدانی پڕۆگرامی ڕاهێنان: ئەم قۆناغە ئامانجی هەڵسەنگاندنی گشتگیرە بۆ پلانی پڕۆگرامی ڕاهێنان و ئامادەکاری و توانا و ئامرازەکان و لایەنی

ڕێکخراوەیی، سەبارەت بە تاکەکان، هەڵسەنگاندنەکە بە لەبەرچاوگرتنی پێداویستییەکانی ڕاهێنان ئەنجام دەدرێت .

2. هەڵسەنگاندن لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنان: هەڵسەنگاندن لەم قۆناغەدا سەرنج دەخاتە سەر پرۆگرامی ڕاهێنان و دیزاینەکەی، پێشکەوتنی پرۆسەی ڕاهێنان و ئەو ئەنجامانەی کە بەدەست دەهێنرێن .

3. هەڵسەنگاندن دوای تەواوبوونی پرۆگرامی ڕاهێنان ڕاستەوخۆ: هەڵسەنگاندنەکە لەم قۆناغەدا بەپێی چوار پێوەرەکەی تیشک دەخاتە سەر ئەنجامەکان: کاردانەوەی ڕاهێنراوان، ئەو زانیاریانەی بەدەست هاتوون، گۆڕانکاری لە ڕەفتاردا، هەروەها ئەدای ڕاستەقینە و ئەنجامەکان لە شوێنی کارەکەدا .

4. بەدواداچوونی ئەنجامەکان: ئەم قۆناغە بە یەکێک لە ئاڵۆزترین و قورسترین قۆناغەکان دادەنرێت، بە تایبەت کە ئەو لاوازییەی کە لە یەکێک لە قۆناغەکانی پێشوودا هەبووە، کاریگەرییەکانی لەم قۆناغەدا نیشان دەدات (النجار، 2011: 43_44).

**دووەم: چەمکی فێربوونی چالاکActive Learning :**

لە پەروەردەی هاوچەرخدا فێرخواز ڕۆڵی ناوەندی دەگێڕێ و ئەکتیڤە، واتە چالاکی و گەڕان و پرسیار و ئاخاوتن لای فێرخوازە، لە بەرامبەردا مامۆستاش ئاڕاستە و ڕێنیشاندەر و ڕاست کردنەوەی هەڵە و دروست کردنی پاڵنەری فێرخوازە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پەروەردەی هاوچەرخ پێویستی بە مامۆستایەکە ئامادە کرابێت لە ڕووی زانستی و پیشەییەوە، چەندە شارەزایی زانست و بابەتەکە بۆ مامۆستا پێویستە، ئەوەندەش پێویستی بە شارەزایی و شیاوی و لێهاتووییەکانی وانە ووتنەوە هەیە (عزيز، 2014: 6).

سەرەتاکانی سەدەی ٢١ ئەو سەردەمەیە کە فێربوونی چالاک دەدرەوشێتەوە، بەڵام بیرۆکەیەکی نوێ نییە، فێربوون خۆی لەبەرچاوە پرۆسەیەکی چالاکە و بایەخدان بە فێربوونی چالاک وەک ڕێبازێکی وانەووتنەوە (سماحة و أبو طالب، 2018: 639).

واقیعی فێرکاری لەگەڵ چەندین قەیرانی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون بووەتە هۆی ئەوەی کە پێویستی بە جۆرێک لە فێرکردن هەبێت کە کاریگەریی پەروەردە بەدی بهێنێت، هەروەها بەشداریی نێوان لایەنەکان بۆ پرۆسەی فێرکاری لە ناو قوتابخانەدا زیاد دەکات، کە فێربوونی چالاکە (بكري، 2015: 16).

ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی ئەم دواییە دەریخستووە کە شێوازی نەریتی وانەوتنەوە کە تێیدا مامۆستا زانیاری پێشکەشی فێرخوازان دەکات، بەوەی مامۆستا دەیڵێت کاریگەرە، وەک دەردەکەوێت، ئەم شێوازە بەشداری ناکات لە دروستکردنی فێربوونی ڕاستەقینە، بۆیە دووبارە پێویستە بۆ پەرەسەندنی شێوازەکانی فێرکردن کە فێرکار لە فێربوونیدا بەشداری بکات.

بۆ ئەوەی فێربوون چالاک بێت، پێویستە فێرخوازان حەزیان لە خوێندنەوە و نووسین و گفتوگۆ، یان چارەسەرکردنی کێشەیەک بێت کە پەیوەندی بەو شتانەوە هەیە کە فێردەبن، یان بیرکردنەوەی قوڵتر هەبێت، فێربوونی چالاک پێویستی بە فێرخوازان هەیە کە ئەرکی بیرکردنەوەی بەرزتر، وەک شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بکەن بۆ ئەوەی فێرببن (هنداوي، 2021: 37).

فێربوونی چالاک کە هانی خوێندنەوە و نووسین و گفتوگۆ و بەشداریکردن لەچارەسەری کێشەکان و بەشداریکردن لەو چالاکییانەدا دەدات، کە کارامەیی بیرکردنەوەی باڵاتر، وەک شیکردنەوە و پێکهاتن و هەڵسەنگاندنن (سید و الجمل، 2012: 92).

فێربوونی چالاک ژینگەیەکی فێرکاری ئازاد کە ئازادی قسەکردن و گوێگرتن و خوێندنەوە و نووسین و بیرکردنەوەیەکی قووڵ دەدات بە خوێندکاران، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەندین شێواز و میتۆدی وەک چارەسەری کێشەکان ، گروپە بچووکەکان ، هاوشێوەسازی ، ڕۆڵگێڕان و چالاکیەکانی تر کە داوا لە فێرخوازان دەکات ئەو شتانەی کە لەژیانی کارکردندا فێربوون جێ بەجێ بکەن (الجمل، 2017: 12).

لە فێربوونی چالاکدا فێرخوازان چەندین چالاکی جۆراوجۆری فێربوون ئەنجام دەدەن کە دەرفەتیان بۆ دابین دەکات بۆ فێربوون بە ئەنجامدانی چەندین چالاکی لە ژینگەیەکی پەروەردەیی کە هانیان دەدات سەرچاوەی فێربوون بەکاربهێنن (خيري، 2018: 22).

بۆیە دەتوانین بڵێین کە فێربوونی چالاک هەموو ئەو کار و چالاکیانەی فێرخواز لەخۆدەگرێت کە پێویستی بە بیرکردنەوەی هەیە، چونکە هەموو ستراتیجیەکانی فێربوونی چالاک هەمیشە داوا لە فێرخواز دەکات بیر لە هەموو ئەو زانیاریانە بکاتەوە کە پێی بەخشراوە. (علي، 2010: 233)

فێرخوازان فێر دەبن کاتێک بەرپرسیارێتی و بڕیاردان و فێربوونیان هاوبەش دەکەن گشتگیرتر و قووڵترە وە چێژبەخشترە، لەگەڵ گەورەکانی دەوروبەریان، گرنگی بە بەشدار بوونیان دەدەن و ڕێزیان لێ دەگرن، ئەوان ژینگەیەکی پشتگیریکەر، سەلامەت و هاندەر دابین دەکەن بۆ دۆزینەوەی زیاتر (شاهين، 2011: 104).

جگە لەمانە، فێربوونی چالاک سیستمێکی ئیدارییە و فۆڕمی تەکنیکی هەموو پێکهاتەکانی هەڵوێستی فێرکاری و چالاکیەکانی ئاڕاستە دەکات کە بریتین لەستراتیژی فێربوون و فێرکردن کە زانین و زانیاری دابین دەکات (خيري، 2018: 22).

**ئامانجەکانی فێربوونی چالاک:**

ئامانجەکانی فێربوونی چالاک بریتین لە:

1. هانی فێرخوازان دەدات بۆ بەدەستهێنانی چەندین شارەزایی بیرکردنەوە و خوێندنەوەی ڕەخنەیی .

2. هەمەجۆرکردن بۆ چالاکییە پەروەردەییەکان کە گونجاوە بۆ فێرخوازان بۆ گەیشتن بە ئامانجی پەروەردەیی .

3. پێوانەکردنی توانای فێرخوازان بۆ بنیاتنان و ڕێکخستنی بیرۆکەی نوێ .

4. زیادکردنی توانای مامۆستایان بۆ تێگەیشتن و بنیاتنان و هێشتنەوەی زانین .

5. هانی فێرخوازان دەدات بەشداری بکەن لەگەشە پێدانی ئامانجەکانی فێربوون و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانیان .

6. پەرە پێدانی هاندانێکی ناوەکی بۆ فێرخوازان بۆ هاندانیان بۆ فێربوون .

7. هاندانی فێرخوازان بۆ ئەوەی بە ئەزموونێکی پەروەردەیی و ژیانی ڕاستەقینەدا تێپەڕبن (سعد واخرون، 2019: 457).

8. پشتیوانی لە باوەڕ بەخۆبوونی فێرخوازان بەرەو بوارە جۆراوجۆرەکانی زانست دەکات.

9. یارمەتی فێرخوازان دەدات کە کێشە گرنگەکان بدۆزنەوە .

10. هاندانی خوێندکاران بۆ خستنەڕووی پرسیاری جیاواز (سعادة واخرون، 2011: 34).

**ڕۆڵی مامۆستا و فێرخواز لە فێربوونی چالاکدا:**

لە پۆلدا ڕۆڵ هەیە بۆ هەردوو مامۆستا و فێرخواز، لە ڕوانگەی فێربوونی چالاکەوە لەسەر بنەمای هاوبەشی نێوان مامۆستا و فێرخواز و دەتوانرێت ئەم ڕۆڵانە لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕوون بکرێتەوە:

**یەکەم : ڕۆڵی مامۆستا لە فێربوونی چالاک:**

ڕۆڵی مامۆستای چالاک لە پێدانی بەهرەی جیاواز بە فێرخوازان، ئەم ڕۆڵە گرنگییەکی زۆری هەیە لە پێدانی شارەزایی بە فێرخوازان و ئامادە کردنیان بۆ ژیانی کارکردن و بۆ ئەوەی ئەو

کارامەییانە هەمەجۆر بن، کە شارەزایی دەروونی و کۆمەڵایەتیان هەیە، لەسەر بنەمای کارامەیی دەروونی کە پشتگیری لە فێرخوازان دەکات توانای بیرکردنەوە و لێهاتوویی زانستی لەوانە: چاودێریکردن، پۆلێنکردن، پێوانەکردن، پەیوەندی، کۆکردنەوەی داتا جگە لە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی بۆشایی و کات و کارامەیی ئەکادیمی و دەستی و کۆمەڵایەتی (الراشد، 2019: 19).

1. چاکسازی لە پرۆسەی فێربووندا دەکات هەموو فێرخوازان ئاسانکاری بکەن بۆ فێربوون لە گروپە بچووکەکاندا کە بە هاوکاری کار دەکەن .

2. هانی فێرخوازان بدات بۆ بەشداریکردن لە ئامانجی وانە و چالاکی .

3. بە چڕی تیشک دەخاتە سەر پەرە پێدانی شارەزایی فێرخوازان و کەمتر گرنگی دەدات بە گواستنەوەی زانیاری .

4. هەڵسەنگاندنی گریمانە و دەرەنجامەکان و بۆچوونەکانی فێرخوازان و دروست کردنی گفتوگۆ لەسەریان و ئەو چالاکییە زانستیانەی کە لە پۆل ئەنجام دەدرێت .

5. ڕۆڵی مامۆستا تەنیا ئاڕاستەکراو یان ڕێنیشاندەر نییە، بەڵکو پاڵپشتێکی ڕاستەقینەی فێرکارە وەک پێشبڕکێکارێک (خيري، 2018: 89).

**دووەم : ڕۆڵی فێرخواز لە فێربوونی چالاکدا:**

لەسەر بنەمای تەرکیزی فێربوونی چالاک لەسەر بەشداری ئەرێنی و فێرخواز و ئەوەی کە بووە بە تەوەری پرۆسەی فێرکاری دەکرێت سنووردار بکرێت بە ڕۆڵی خۆی لە دۆخی پەروەردەیی چالاکدا لە خوارەوە:

1. کاراکردنی ڕۆڵی فێرخواز لە پرۆسەکانی فێرکردن و فێربووندا بۆئەوەی فێرخواز ناوەندی پرۆسەی فێرکاری ناو پۆل بێت بۆئەوەی بە شێوەیەکی چالاک بەشداری لە پرۆسەی فێرکاری ناو پۆلەکە بکات و نەک تەنیا بینەر و گوێگرێکی نەرێنی .

2. کارلێک کردنێکی بەرهەمهێن و ئەرێنی لەگەڵ چالاکیەکان و لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان .

3. بیرکردنەوە و چارەسەری کێشەکان (سيد و الجمل، 2012: 108).

4. پرسیار و بیرۆکە و بۆچوونەکانی ڕێک دەخات و گەڕان بۆ زانیاری خۆی لە چەندین سەرچاوە .

5. توانای گفتوگۆکردن و دیالۆگی هەیە و لەگەڵ هەموو پێشهاتەکان (شاهین، 2011: 105).

**پاساوەکانی فێربوونی چالاک:**

1. پوختەی ڕاپۆرتی چاودێری جیهانی پەروەردە بۆ هەمووان کە لەلایەن یونسکۆوە دەرچووە، جەخت لەسەر پێویستی پەسەندکردنی بەرنامەی پەروەردەیی دەکاتەوە بە مەبەستی باشترکردنی فێربوون، ئەم بەرنامانە هەوڵ دەدەن هاندەری فێربوون و چالاکی فێرخواز بن .

2. ڕاپۆرتی فێربوون بۆ هەمووان کۆمەڵێک شتی بنەڕەتی دیاری کردووە کە کوالیتی لە فێرکردندا بەدەست دەهێنن، لەوانە: فێربوونی چالاک، کە وا دەکات فێرخواز چالاک بێت نەک بەشدار نەبێت، لە پڕۆسەی فێربووندا .

3. ئەم جۆرە فێربوونە وا دەکات فێرخوازان زیاتر بەشداربن لە کارەکەدا، هەروەها فێربوون زیاتر چێژبەخش و خۆشتر دەکات (محمود، 2014: 20).

4. ستراتیژی فێرکردن یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکان کە کاریگەری لەسەر سەرکەوتنی بەرنامەکە و کوالیتییەکەی هەیە، بۆیە سەرکەوتووترین ستراتیژییەکان ئەوانەن کە جەخت لەسەر ڕۆڵ و کارامەیی فێرخواز دەکەنەوە (رفاعي، 2012: 158).

**ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک:**

ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک پشت بە فەلسەفەی بونیادی دەبەستن، کە فێرخواز مەعریفەی خۆی بنیاد دەنێت و جەخت لە ڕۆڵی کارای فێرخواز و فێربوونی ماناداردەکاتەوە، کە فێربوون پرۆسەیەکی چالاک و بەردەوامەوە بەشداری ئەرێنی لە فێربوونی چالاک، چالاکی ژیان لە پرۆسەی خوێندندا هەناسە دەدات و دووریدەخاتەوە لە ناچالاکی، بۆیە ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک ڕەچاوی یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی فێربوونی کاریگەر دەکەن، کە چالاکی و ئەرێنییە (ابن یاسین و أحمد، 2013: 56).

دیرترین بنەماکانی ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک بریتین لە:

1. چالاکیی فێرخواز و سوودەکانی لە کاتی پرۆسەی فێرکردن-و فێربووندا .

2. فێرخواز بەشێوەیەکی ئەرێنی و پلان بۆ دارێژراو و ئامانجدار کارلێکی لەگەڵ ماددە فێرکارییەکان دەکات .

3. فێرخواز هەوڵی دەروونی و دەستی دا بۆ بنیاتنانی زانیاری لە مێشکیدا (أبوهدروس و الفرا، 2010: 98).

توێژەر لێرەدا جەخت دەکاتە سەر هەندێک لە ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک و باس لەوانە دەکات لە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکەیدا بەکاریاندەهێنێت، کە ستراتیژییەکانیش پێکدێن لەمانەی خوارەوە:

**ستراتیژی فێربوونی هەرەوەزی.Cooperative Learning Strategy :**

**چەمکی فێربوونی هەرەوەزی:**

فێربوونی هەرەوەزی بریتییە لە بەکارهێنانی وانەوتنەوە لە گروپە بچووکەکان کە بە سادەیی تایبەتمەندن، وەک چۆن ئەندامانی پۆلەکە دابەش دەبن بەسەر گروپی دوو، یان چوار ئەندام دوای وەرگرتنی وانەکە لە مامۆستا، دواتر هەموو گروپەکان کار لەسەر ئەو ئەرکانە دەکەن کە بۆ هەریەکەیان دیاری کراوە، بەجۆرێک ئەندامەکان لە هەموو گروپەکان لێیان تێدەگەن و تەواویان دەکەن و خوێندکاران دەبێت جیاوازییە کەسییەکانیان چارەسەر بکەن و پێکەوە کار بکەن، ئەوان تێدەگەن کە هەریەکەیان ڕۆڵی هەیە لە سەرکەوتنی ئەوانی تردا، و بەرپرسیارێتی یەکتریان هەیە (العازمي، 2002: 5).

ڕێکخراوێکی گروپی فێربوون کە تیایدا فێرخواز دابەش دەکرێن بەسەر گروپی بچووکدا کە ئاستی جیاوازی دەستکەوت بۆ فێرخوازان لەخۆدەگرێت، یەکێک لە خوێندکارەکان وەک پێشەنگ، فێرخوازانی گروپەکە بەشدارن لە تێگەیشتن لە چەمک و بنەماکان، ڕاستەوخۆ یارمەتی لە یەکتر وەردەگرن، هەروەها ڕۆڵی مامۆستا سنووردارە بە سەرپەرشتی گشتی کاری گروپەکان و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کورت و پێدانی فیدباک (العید، 2007: 5).

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی دەتوانین بڵێین: فێربوونی هەرەوەزی ستراتیجێکی سەرکەوتووی فێرکردن، بەکارهێنانی گروپە هەرەوەزییە بچووکەکان، هەر گرووپێک فێرخوازی ئاستە جیاوازەکان دەگرێتەوە (خيري، 2018: 139).

**ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی فێربوونی هەرەوەزی:**

**1. کارلێککردنی ئەرێنی ئاڵوگۆڕکراو:**

کارلێککردنێکی ئەرێنی ئاڵوگۆڕکراو، مانای ئەوەیە کە ئەندامانی گرووپ لەکاتی فێربووندا بە ئەرێنی پشت بە یەکتر دەبەستن بۆ ئەوەی یەک، یان زیاتریان بەتەواوی پشت بەگۆڕانەکانی خۆیانەوە نەبەستن لە کاتی فێربوون، بەڵام هەموو کەسێک ڕۆڵ دەبینێت بۆ ئەوەی سەرکەوتن بۆ هەمووان بەدەست بهێنرێت، بەم شێوەیە یەکخستنی گروپەکە هەستی پشتگیری ئەرێنی ئاڵوگۆڕکراو کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەندامانی گروپەکە بە گوڕی خۆیان هەڵبکەن و پێکەوە کار بکەن بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی ئەو ئەرکەی بۆیان دانراوە ئەنجامی بدەن (هنداوي، 2021: 67).

**2. کارلێککردنی ڕووبەڕوو:**

ئەندامانی گروپی هەرەوەزی کارلێک دەکەن و لەیەکتر فێر دەبن کاتێک ڕووبەڕو دەبنەوە و ئەم کارلێککردنە کۆتایی نییە بەڵکو ئامڕازێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان . (خيري، 2018: 142).

**3. لێهاتوویی کۆمەڵایەتی:**

کاتێک ئەندامانی گروپ پێکەوە کاردەکەن و هەوڵەکان هەماهەنگ دەکەن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە هاوبەشانەی کە بەدوایدا دەگەڕێن لە ڕێگەی بەکارهێنانی گونجاوی کارامەیی کۆمەڵایەتی لە ناسینی یەکتر لەلایەک و متمانەکردن بەیەکتر لەلایەکی ترەوە، پەیوەندییەکی کاریگەر لەگەڵ یەکتر بە ڕوونی بە قبوڵکردن و پشتگیری کردنی یەکتر، ئەمەش دەبێتە هۆی چارەسەر کردنی کاریگەرانەی ناکۆکییەکان لەنێوانیاندا، ئەو لێهاتووییە کۆمەڵایەتیانەی کە

فێرخوازان خاوەنیانن و مامۆستا یارمەتیان دەدات بۆ خاوەنداریێتی و شارەزا بوونیان لە ڕێگای سەرکەوتنی فێربوونی هەرەوەزییەوە (عبود، 2016: 13_14).

**4. بەرپرسیارێتی تاکەکەسی:**

پێویستە فێرخوازان فێری کارامەییەکانی کار کردنی گروپی بن بۆ دامەزراندنی ئاستێکی بەرزی هاوکاری و گفتوگۆ و پاڵنەریان هەبێت بۆ بەکارهێنانیان لەسەر بنەمای بەردەوام (الخفاجي، 2008: 179).

**5. چارەسەر کردنی کاری گروپەکان:**

گروپەکان پێویستە کاتێکی تایبەت تەرخان بکەن بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر پێشکەوتنەکانیان لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان و پاراستنی پەیوەندی کاری کاریگەر لە نێوان ئەنداماندا، چونکە گروپەکان پێویستە ئاماژە بە کردارە بەسوودەکانی ئەندامان بکەن، بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو ڕەفتارانەی کە پێویستە بەردەوام بن و ئەوانەی کە پێویستە دەستکاری بکرێن (محمود، 2014: 24).

**سوودەکانی فێربوونی هەرەوەزی:**

دەتوانرێت سوودەکانی فێربوونی هەرەوەزی بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

1. یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن و شارەزا بوون لە چەمک و بنەما گشتییەکان .
2. پەرە بە توانای فێربوون دەدات کە فێرخواز لە بارودۆخی نوێدا چی فێر دەبێت .
3. توانای چارەسەرکردنی کێشەکان پەرەپێدەدات .
4. پەرە بە توانای داهێنەری فێرخوازان دەدات .
5. توانای لێهاتوویی زمان و دەربڕین باشتر دەکات .
6. دەبێتە هۆی زیادبوونی توانای قبوڵکردنی دیدگا جیاوازەکان .
7. دەبێتە هۆی زیادبوونی خۆشەویستی بۆ بابەتەکە (عرقاوي، 2008: 51_52).

**ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیژی فێربوونی هەرەوەزی:**

ڕۆڵی مامۆستا لە فێربوونی هەرەوەزیدا جیاوازە لە ڕۆڵی ئەو لە فێربوونی ئاساییدا، چیتر ناوەندی پڕۆسەی فێرکاری نییە، چیتر پشت بە شێوازی گەیاندن نابەستێت بۆ گەیاندنی زانیاری بە فێرخوازان، بەڵکو بوو بە بەرپرسیار لەسەر بەڕێوەبردنی پۆل و دابەشکردن و ڕێکخستنی گروپەکان، ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن بۆ پڕۆسەی فێربوون، تەنانەت مامۆستا شێوازی فێربوونی هەرەوەزی بەکاردەهێنێت و بە شێوەیەکی دروست جێبەجێی دەکات، دەبێت کارامەیی تایبەتی هەبێت بەم شێوەیە، دەبێت سەرەتا کۆمەڵێک بڕیار بدات سەبارەت بە چۆنیەتی ڕێکخستنی پۆل و گروپەکان، ئەو کات جێبەجێکردنی وانەکە بە شێوەی فێربوونی هەرەوەزی ئەنجام بدەن، دەستێوەردان بکەن لەکاتی کاری گروپە هاوبەشەکان (الأزهر: 2015: 30).

مرعي و الحيلة (2002) پێیانوایە کە مامۆستا لە فێربوونی هاوبەشدا دوو ڕۆڵی سەرەکی هەیە:

یەکەم: بۆ کارکردن بە بەردەوامی و جێگیری بۆ ئەوەی چەمکی کار لە گروپەکانی کارامەیی ژیاندا کار بکات کە بەهایان بۆ خوێندکاران هەبێت .

دووەم: مۆدێلکردنی فێربوونی هەرەوەزی بە بەشداریکردن لە گروپ، یان گروپەکان کاتێک پێویستییەک دروست دەبێت، کە دەتوانرێت ئەم پێشنیارانەی خوارەوە پێشکەش بەو مامۆستایانە بکرێت کە تازەکارن لە فێربوونی هەرەوەزیدا:

1. دڵنیابوونەوە لە تێبینی دیاریکردنی کات .
2. ڕێکاری تەواوکردنی ئەرکەکە پێشکەش بکە .
3. پێشکەشکردنی ستایش و پشتگیری بۆ خوێندکاران، و دروستکردنی پاڵنەر بۆیان .
4. پێشنیارەکە لە کاتی خۆیدا بێت ( أبو جلغيف، 2007: 15_16).

**ڕۆڵی فێرخواز لە فێربوونی هەرەوەزییدا:**

دیارترین ڕۆڵی فێرخواز لە فێربوونی هەرەوەزیدا بریتین لە:

1. لەگەڵ هاوکارەکەی لە چالاکییەکەدا بەشداری دەکات .

2. لە کاتی چالاکییەکەدا پەرۆشی نیشان دەدات (ئەمە لە خێرایی کارکردندا دەردەکەوێت و دوای هەوڵدان، گرنگی بەو کارە دەدات کە دەیکات و خۆڕاگر دەبێت لەو کارەی کە دەیکات. . . هتد).

3. هاوکاری لەگەڵ هاوڕێکانی گروپ دەکات (یارمەتی هاوکارەکەی دەدات و ئەوان ڕۆڵ و شوێن دەگۆڕنەوە بۆ ئەنجامدانی بەشێک لە چالاکییەکە)

4. ئەو کێبڕکێ لەگەڵ هاوکارەکانی دەکات لەوەی کە لە کارەکانیدا هاوبەشن .

5. داواش لە هاوڕێکەی دەکات تا تەواو دەبێت بەردەوام بێت لە چالاکییەکە.

6. لەگەڵ هاوکارەکانیدا سەرقاڵی چالاکییەکانە .

7. وەڵامی ڕێنمایی و ئاڕاستەکانی مامۆستا دەداتەوە (مجلة كلية التربية، 2016: 727).

**جۆرەکانی فێربوونی هەرەوەزی:**

**1. گروپی هەرەوەزی فەرمیFormal Cooperative Group :**

شتەکان و ماناکان و لایەنە جۆراوجۆرەکانی چالاکییەوە هەڵیگرتووە، کە ئارەزووەکانی ئاڕاستە دەکەن و هەڵوێستەکان بەرامبەریان، و ڕەفتاری قبوڵکراو و قبوڵنەکراو، ڕاست و هەڵە بۆی دیاری دەکەن و بە سەقامگیری ڕێژەیی تایبەتمەندن (المعلوف و العوامرە، 2018: 182).

**بەها ئابوورییەکان:**

**پێشەکی:**

لە ئەنجامی ئەو ناهاوسەنگی و کورتهێنانە ئابوورییەی کە لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا نیشانەکانی خۆی داوە، کە ڕەنگدانەوەی گرنگی پەروەردەی ئابووریی دروستە، کە دابینکردنی منداڵ لەخۆدەگرێت لەگەڵ بەها ئابوورییەکان. لەم بابەتەدا، بەها ئابوورییەکان کە تایبەتمەندن لە لێکۆڵینەوەکانی ئێستادا لەڕووی پێناسەکردنی هەر بەهایەک و ڕوونکردنەوەی گرنگییەکەی و چۆنیەتی پەرەپێدانی لە منداڵدا دەخرێنەڕوو، لەم بەشەی ئێستادا توێژەر هەوڵیدا بنەما تیۆریەکانی هەر بەهایەک پیشان بدات و دواتر ئەم بنەمایانە لەسەر قۆناغی باخچەی ساوایان دابنێت، بەجۆرێک کە کۆمەڵێک چالاکیی و شێواز کە ڕەنگە بەشداربن لە چاندنی ئەم بەهایانە منداڵ پێشنیار کران بەهۆی نەبوونی ئاماژە کە تایبەتمەند بوون لە شێوازەکانی پەرەپێدانی ئەم بەها ئابوورییانە کە لە قۆناغی باخچەی منداڵاندا لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە بە تایبەتی لەلایەن مامۆستای باخچەی منداڵانەوە، لەسەر بنەمای بنەما تیۆریەکانی هەر بەهایەک (الحمود، 2010: 50).

ئەرکە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی پەروەردە لە بارودۆخی گەشەپێدانی ئابووری و پێش لێکۆڵینەوە لەو ئەرکانەی کە ئەم کەرتە ئەنجامی دەدات، دەبێت بەرکەوتەی ئەو هۆکار و بارودۆخانە بێت کە سەرنجیان داوە لە کەرتی پەروەردەدا ڕۆژێک لە زیادبووندایە (عطية، 2012: 240).

پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەپێی دیدگای پێشوومان پرۆسەیەکی گشتگیرە کە کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا هەیە، و دواتر پێویستی بە بەشداریکردنی خۆی لە پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا هەیە یان دەیسەپێنێت، ژیانی ئابووری یان لایەنی ئابووری ژیانی

کۆمەڵگا، لەوانەش بەرهەمهێنان و بەکارهێنان و دابەشکردنی ئاستی ژیان (خضور، 2009: 376).

لێرەوە ڕەچاوکردنی پرۆسەی گەشەپێدانی ئابوورییە، وەک چۆن دەربڕینی چەمک و ناوەڕۆکی پرۆسەکە بەرهەمهێنان، چەمکی فراوانی ئەم پرۆسەیەیە و مێژووی ئابووری وڵاتانی پیشەسازی پێشکەوتوو پشتڕاستدەکاتەوە کۆمەڵەی کۆمپانیای پەرەپێدانی کۆمەڵگاکانی لەگەڵ پەرەپێدانی پرۆسەی بەرهەمهێنان، بە واتایەکی تر گەشەپێدان واتە گۆڕینی پێکهاتەی پشکی ڕێژەیی پیشەسازی لە بەرهەمی نیشتمانی و کەمبوونەوەی پشکی ڕێژەیی بەرهەمی سەرەتایی، هەریەکەیان ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو پێشکەوتنە تەکنیکییەیە کە هاوڕێی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانە بەرامبەر بەو پیشەسازییەی کە بەشدارە لە زیادکردنی توانای بەرهەمهێنانی کۆمەڵگا لە ژێر کارەکتەردا (العادلي، 2013: 50).

چەمکە ئابوورییەکان ئەو کۆمەڵە بەهایەن و ڕواڵەتەکانی پەیوەست بە پارە، کڕین، فرۆشتن، قازانج، پاشەکەوتکردن و چەمکە هاوشێوەکانی تر .

منداڵ پێش ئەوەی بچێتە قوتابخانە، گرنگە فێری ئەم چەمکانە بکرێت، چونکە لە ژیانی ڕۆژانەیدا پێویستی پێیانە و هەروەها بەشدارە لە بنیاتنانی ڕەوتە ئابوورییەکانی لە داهاتوودا لە لایەکی ترەوە چەمکە ئابوورییەکان لە خۆیدا گرنگن، بە تایبەت لەم سەردەمەدا، گەشەپێدان لەسەر بنەمای ئابوورییە، و سیاسەتەکە بە گۆڕینی بنیاتنانی ئابووری ڕەنگاوڕەنگە و گۆڕاوە (العناني، 2005: 137).

ئابووری پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ پەروەردەدا هەیە، کاریگەرییەکی زۆری لەسەری هەبووە، بەجۆرێک کە هەندێک وتوویانە کە توێژینەوە ئابوورییەکان دایکی پەروەردەن، وەک چۆن تێڕوانینی ئابووری بۆ پەروەردە درێژەی بەخۆی داوە، وەک وەبەرهێنانێکی ئابووری مرۆڤ سەیر دەکرێت سەروەت و سامان، و گەڕانەوەی هەیە (العمراني، 2012: 39).

**چەمکی بەها ئابوورییەکان:**

کۆمەڵێک زانیارییە کە پەیوەندییان بە لایەنە ئابوورییەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، و بەشدارە لە ڕەفتاری ئابووری بۆ جێبەجێکردنی مەرجەکانی منداڵ، لەوانەش ئەم چەمکانە (پاشکەوتکردن، خەرجکردنی مامناوەند، هۆشیاری بەکاربردن، ڕێزگرتن لە کار و قازانجی ئابووری، پلاندانانی ئابووری) (شرف، 2017: 15).

ئەو چەمکانەن کە پەیوەندییان بە بەرهەمهێنان و پارە و بازرگانی و ئاڵوگۆڕی ئامرازەکانی ژیان و دیاردەکانەوە هەیە کە چالاکیی ئابووری و هەماهەنگی لە نێوان هەموو توخمەکانی بەرهەمهێنان پێکدەهێنن بە ئامانجی بەدەستهێنانی کەرەستە یان خزمەتگوزارییە گونجاوەکان بۆ مرۆڤ لە کۆمەڵگادا (ابراهیم، 2018: 216).

چەمکە ئابوورییەکان وەک کۆمەڵێک ڕاستی و زانیاری ئابووری پێناسە دەکرێن کە لەگەڵ تواناکانی منداڵدا دەگونجێت و لە ئەنجامی تێپەڕاندنی ئەزموونەکانی پەیوەست بە ئابووری وەک پارە، بەرهەمهێنان، کڕین، فرۆشتن و عەقڵانیکردنی بەکاربردن، بەدەستی دەهێنێت (توفیق، 2018: 491).

پێکهێنانی ڕەفتاری ئابووری تاک کە لە پێکهاتەی کەسیی خۆیەوە لە ئیمان، ئەخلاقی، دەروونی و هونەریەوە سەرچاوە دەگرێت و بە دابینکردنی کولتووری فیکری و ئەزموونی پراکتیکی ئابووری، بەپێی مەبەستەکانی یاسای ئیسلامی، بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی شایستە بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە بنیاتنانی زەوی و پەرستنی خوای گەورە (علي، 2021: 949).

**گرنگی بەها ئابوورییەکان:**

وڵاتەکەمان بە زۆر کێشە و قەیراندا تێدەپەڕێت کە کاریگەری نەرێنی لەسەر پێشکەوتنیان هەیە بۆ ئەوەی پێشکەوتن بێتەدی، بۆیە پێویستە لەسەر ئەوانەی کە بەرپرسی ئامادەکردنی نەوەکانی داهاتوو بوون بۆ گرنگیدان بە ئامادەکارییەکانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشانە و چارەسەرکردنیان لەگەڵیان دۆخە ڕەفتارییە ئەرێنییەکان کە بەشدارن لە چارەسەرکردنیان و کۆنترۆڵکردنیان .

ئێمە بۆمان دەردەکەوێت کە گەشەی چەمکە ئابوورییەکان لە سەرەتاوە، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بە درێژایی مێژوو، شاهیدی بووژانەوەیە ئەو گەشەسەندنە خێرایەی کە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان شاهیدی دەدەن، وا لە منداڵان دەکات کە خێراتر لە نەوەکانی پێشوو ڕووبەڕووی بابەت و چەمکەکانی پەیوەست بە ئابووری ببنەوە، بەم شێوەیە منداڵان دەتوانن زانیارییان هەبێت کە لە دایک و باوکیاندا بەردەست نین، و دواتر کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری ئابووری و بەکاربەری دایک و باوک و کۆمەڵگاکان هەبێت (توفيق، 2018: 500).

منداڵی ئەمڕۆ پیاوی کاروباری سبەینێ و بازرگانی داهاتووە و ئەو منداڵەی ئەمڕۆ ئەو دایک و ژنەیە کە لە داهاتوودا ئابووریی ماڵەکە ڕێکدەخات و کۆنترۆڵی دەکات، هەروەها پۆلی منداڵان یەکێکە لەو گروپانەی کە کاریگەری لەسەر ئابووری خێزان هەیە (علي، 2021: 952).

زۆر بەهای ئابووری و ڕەفتار گەلێک هەن کە ئێمە حەزمان لێیە لە دڵی منداڵەکانماندا بیچێنین و پەرەی پێبدەیین وەک هۆشیاری بەکارهێنانی ئاو،بەهای بەکارهێنانی ووزە،بەهای بەکارهێنانی خۆراک،بەهای بەکارهێنان کات،بەهای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا،بەهای پاشەکەوتکردن، بۆ گەیشتن بە خۆشگوزەرانی نەوەکانمان لە داهاتوودا .

بەرزکردنەوەی ڕەفتارە ئابوورییە گونجاوەکان لە منداڵان و بەکارهێنانیان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا گرنگی بەهاکان بۆ منداڵ لەوەدایە کە منداڵ فێری خۆبەڕێوەبردن دەکات بۆ بەدەستهێنانی خود لە ڕێگای ئەزموونی ڕۆژانەیەوە .

ئەمەش سەبارەت بەم بەها ئابوورییە لێکۆڵینەوەکراوانە، سەبارەت بە بەها ئابوورییەکانی تر، ئەوان لە ئێستادا زۆر پێویستن چونکە گەرەنتی ڕەفتارێکی باش بۆ تاکەکەسەکە دەکەن، جا لە بەرهەمهێنان، بەکاربردن، بەبازاڕکردن، کە تاک پێویستی پێیەتی هەموو ڕۆژێک، و ئەم بەهایانە نەرم و نیانن کە مەرجەکانی کۆمەڵگاکان لەبەرچاو بگرن کە ئەو زیاد دەکات بۆ بەکارهێنانی پارە بە شێوەیەکی ئەرێنی کە خاوەنەکەی دەپارێزێت و دەگەڕێتەوە بۆ ڕەفتاری دروست.

**بەها ئابوورییە پەیوەندیدارەکان:**

**1. بەهای بەکارهێنانی ئاو :**

هۆشیاری بەکارهێنانی ئاو یەکێکە لەو بابەتانەی کە ڕای گشتی نێودەوڵەتی داگیر دەکەن و نابێت پشتگوێ بخرێت، هەمووی بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆی ئێمەیە کە پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکان و پراکتیزەکردنی شێوازە شارستانییەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاو و گونجاندنی خووەکانی ڕۆژانەمان .

ئاماژە هەیە کە خراپ بەکارهێنانی ژینگەی ئاوەکەی لە کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی ئاوی شیرین و پیسبوونی چەم و ناوچەکانیدا نوێنەرایەتی دەکرێت و سەرەڕای گرنگی یەکلاکەرەوەی ئاو کە بەرپرسیارێتی پاراستنی بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێت، چونکە ئەوە بەشێکە لە پاراستنی ژیانی ئەو و ژیانی زیندەوەرە زیندووەکان کە سەرقاڵی ئەون، هیچ مانەوەیەکی ئەم بوونەوەرانە بەبێ ئاو نییە، هەروەک چۆن مانەوەی هەموو ژینگەکە لە ژێر ڕۆشنایی نەبوونی ئاوی شیریندا نییە کە بۆ بەکارهێنان باشە (جواد، 2017: 1_4).

ڕەفتاری هۆشیاری ئەو ڕەفتارەیە کە لەگەڵ شێوازی بیرکردنەوەی لۆژیکیدا یەکدەگرێتەوە، هۆشیاری هەموو شتێکە کە لەسەر بنەمای بیرکردنەوە و ئیستدلالکردنی لۆژیکی هۆشیارییە و عەقڵانیکردن لە بەڕێوەبردندا زیاتر هەماهەنگییە لەناو ڕێکخراوەکەدا (عتریس، 2020: 95).

بانگەوازی هۆشیاری بەکاربردن بە مەبەستی بێبەشکردنی بەکارهێنانی ئاو نییە بەو ڕادەیەی کە مەبەست لێی کارکردنە بۆ بەرزکردنەوەی خۆ نێوەندگیری و بەفیڕۆدان .

**گرنگی ئاو:**

هۆشیاری بەکارهێنانی ئاو، ئاو نهێنی بوون و نهێنی ژیانی کۆکردنەوەی بوونەوەرەکانە لەسەر ڕووخساری زەوی، خودا هەموو شتێکی لە نەبوونەوە دروستکردووە، بۆیە خودای گەورە دەڵێت، ئێمە هەموو شتێکمان بە زیندووی بەخشیوە. بۆیە هۆشیاری بەکارهێنانی ئاو پێویستە بۆ ئەوەی ئەو نیعمەتە گەورەیە بپارێزین و ژیان و بەردەوامییەکەی بهێڵینەوە.

پێویستی هۆشیاری بەکارهێنانی ئاو:

هەرچەندە ڕووبەری ئاو لەسەر ڕووی زەوی ٧٦%ی کۆی ڕووبەرەکە، ٩٧%ی ڕێژەی ئەم ئاوە خوێیە و پێویستی بە پرۆسێسەری زیاترە بۆ ئەوەی گونجاو بێت بۆ بەکارهێنان، و ٢%ی ئەو ڕێژەیەش لە باکووریشدا دەبینرێت و جەمسەرەکانی باشوور، و ئاوی شیرین هەروایە بۆ بەکارهێنان تەنها بە ڕێژەی ١%، بۆیە هەموو کەسێک لە هەموو سەر زەوی لە خەڵکی ئاسایی و حکومەتەکانەوە پێویستییان بە گرنگیدان بە پلانەکانی هۆشیاری و پاراستنی بەکارهێنانی ئاوهەیە. (أمل أحمد، 2019، ئینتەرنێت)

ئاڕاستەکردن لە هۆشیاری بەکارهێنانی ئاوەوە:

_ دڵنیابە لە گرتنەوەی بەلوعەکان .

_ بەلوعەکە بە کراوەیی نەهێڵینەوە لە کاتی پاککردنەوە و شۆردنی ددانەکان .

_ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئاو لە کاتی شۆردنی سەیارە و زەوی و حەوشەدا .

_ سەوزە و میوە لەناو دەفرێکدا بشۆ کە پڕە لە ئاو لەبری ئەوەی لە ژێر بەلوعەکەدا بیانشۆرێت

_ نە شۆردنی فەرش و کەلوپەلی زەوی بە بەکارهێنانی سۆندەی ئاو، بەڵکو بە بەکارهێنانی ئامێری پاککردنەوەی تایبەت .

_ چاودێریکردنی ئاودێری لە باخچە .

_ لە کەمترین کاتدا دوشەکە بەکاربهێنە (الحمود، 2010: 52_53).

ڕۆڵی مامۆستای باخچە لە بەهای بەکارهێنانی ئاو لای منداڵانی باخچە:

_ خستنەڕووی وێنەی هەریەکە لەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە ئاوەوە هەیە سوود لە ئاو دەبینین بۆ منداڵان و ئاشناکردنیان پێیان، وەک ( دەستشۆردن، پاک و خاوێنی، خۆشۆردن، چێشتلێنان، خواردنەوە، ددان شۆردن . . هتد).

_ ئاراستەکردنی منداڵ بە گرتنەوەی بەلوعەکە دوای بەکارهێنانی .

_ ئاڕاستەکردنی منداڵ بە جێنەهێستنی بەلوعە بە کراوەیی .

_ خستنەڕووی چەند وێنەیەکی هەڵە بەکارهێنانی ئاو .

ـ گێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵەکان لەسەر گرنگی و سوودەکانی ئاو لە ژیانی هەمووماندا .

**2. بەهای بەکارهێنانی خۆراک:**

خۆراک لەم قۆناغەدا بە مانای دابینکردنی هەموو پێداویستیەکانی منداڵ لە خۆراکەوە نییە، بەڵکو خۆراک دەکات بە کلتوری خۆراکی خۆیان ، بۆیە دایک و باوک دەبێت یارمەتی منداڵەکان بدەن بۆ بەدەستهێنانی خووی خواردنی تەندروست (آل غيهب، 2019: 77).

کاتێک باس لە خۆراک و خۆراکی دروست دەکەین، مەبەستمان ئەوە نییە کە برسێتی، یان هەستکردن بەڕازیبوون بەخواردن، یان خواردنی خۆراکێکی زۆر، بەڵام مەبەستمان ئەوەیە کە جەستە هەموو توخمەکان بەدەست دەهێنێت ئەو خۆراکەی کە پێویستە بۆ گەشەکردن، بەم پێیەش خۆراکی دروست پەیوەندی بەزانینی تاکەوە هەیە لە خۆراک و سەرچاوە و توخمەکان ڕادەی گونجاوی بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی جەستەی و زانیارییەکانی لەبارەی بنەما دروستەکانی هەڵبژاردن (هاشمی واخرون، 2019: 299).

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان پراکتیزەکردنی ڕەفتاری تەندروست و ئاستی هۆشیاری تەندروستی تاکەکەدا هەیە، لەگەڵ زیادبوونی ئاستەکە هۆشیاری تەندروستی لە تاکەکەس دەبێتە هۆی پراکتیزەیەکی بەرزی ڕەفتاری تەندروست، پێویستترین گروپەکانی کۆمەڵگا بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری تەندروستییان (شهاب، 2019: 88).

بەکاربردن تاکە ئامانج و ئامانجی بەرهەمهێنانە، چونکە بەکاربەر لە پێویستییەکی بەپەلەدایە بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خۆی لە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان کە گەرەنتی ئەو دەکات لە ژیاندا، بەڵام ڕازی نییە بە ڕازیکردنی ئەم پێداویستییە سەرەتاییانە، بەڵکو بەوپەڕی چاوەڕوانییەوە چاوەڕێی بەدەستهێنانی دەکات پێویستی زیاتر بە بەدەستهێنانی پلەیەک لەژیانێکی شایستە، لە خۆیدا، ئامانجێکی ڕەوا بۆ بەکاربەر بە مەرجێک بتوانێت خاڵی هاوسەنگی لە نێوان قەبارەی داهاتی مانگانەی و قەبارەی خەرجییەکانی بەکاربردنی بەدەستبهێنێت (حسيب و ياقوت، 2015: 214).

ڕۆڵی مامۆستای باخچە لە بەهای بەکارهێنانی خۆراک لای منداڵی باخچە:

_ پیشاندانی ڤیدیۆیەک لەسەر وڵاتانی برسی بۆ منداڵان تا بەهای خۆراک بزانن .

_ زانینی منداڵان بە شێوەیەکی سادە بۆ سەرچاوەکانی خۆراک و سوودەکانی بۆ مرۆڤ .

_ ئامۆژگاریکردنی منداڵان هەڵگرتنەوەی خواردن لەسەر زەوی و کردنە ناو سەبەتەی خۆڵەوە .

_ پەیوەندیکردن بە دایکی منداڵەوە بە دابینکردنی کیسێک بۆ منداڵەکەی تا پاشماوەی خۆراکەکەی تێبکات .

_ زانینی منداڵ بۆ خۆراکە سوود بەخشەکان و خواردنیان بە بێ زیادەڕەوی کردن تیایدا .

**3. بەهای بەکارهێنانی ووزە (کارەبا):**

سووتاندنی سووتەمەنی بەردینی کە لە بەرهەمهێنانی کارەبادا بەکاردەهێنرێت دەبێتە هۆی برێکی زۆر لە پیسبوون بە بەرگەهەواوە و دزەکردنی نەوت بۆ خاک یان ئۆقیانوسەکان زیانێکی زۆری هەیە و ئەم مەترسییە ژینگەییانە هۆکاری گرنگن بۆ هۆشیاری بەکارهێنانی کارەبا .

هۆشیاری بەکارهێنانی کارەبا یارمەتیدەرە بۆ دوورکەوتنەوە لە کاریگەرییە ژینگەییەکانی زیانبەخش، و پاراستنی هاوڵاتی و سروشتی ڕووەک و ئاژەڵەکان لە پیسبوون. پاراستنی ئاژەڵان و ژیانی دەریایی کەمکردنەوەی پێویستی سووتەمەنی بەردینی و وزەی ئەتۆمی کاریگەرییە لاوەکییە زیانبەخشەکانی کەم دەکاتەوە، بەم شێوەیەش ئاستی پیسبوونی ئاو و هەوا کەمدەکاتەوە و ئەمەش زیانەکانی ئاژەڵ و ژیانی دەریایی کەمدەکاتەوە

(سناء الدویکات،2020، ئینتەرنێت).

هۆشیاری بەکاربردن بە مەبەستی پەروەردەکردنی خەڵکە سەبارەت بە گرنگی ئابووری لە خەرجکردن یان بەکاربردندا، عەقڵانیکردنی بەکاربردن پێویستە لە هەموو سەرچاوەکانی بەردەست بۆ مرۆڤەکان، کە گرنگترینیان سەرچاوەی وزەیە، پاڵنەرەکانی مرۆڤ جیاوازن بۆ هۆشیاری بەکارهێنانی وزە، هەندێکیان هەوڵدەدەن پارە پاشەکەوت بکەن، هەندێک پێیان وایە

کە عەقڵانیکردنی بەکارهێنانی وزە کەمترینە کە دەتوانرێت بۆ پاراستنی ژینگە دابین بکرێت، کەمکردنەوەی ئەو گازە گەرمخانەییانەی کە لە ئەنجامی زیادبوونی بەکارهێنانی وزەوە دێنە ئاراوە، بەکارهێنانی وزە دەتوانرێت بە چەندین شێوە هۆشیاری بکرێت، وەک: کارەبا، غاز، سووتەمەنی ئۆتۆمبێل و ئەوانی دیکە بە ئاسانی. (لارا عبیات،2018، ئینتەرنێت)

ڕۆڵی مامۆستای باخچە لە بەهای بەکارهێنانی ووزە بۆ منداڵانی باخچە:

_ زانینی منداڵ بە شێوەیەکی سادە بۆ سەرچاوەی بەدەستهێنانی ووزە .

_ ئاڕاستەکردنی منداڵ بە کوژاندنەوەی گڵۆپی ژوورەکەی دوای هاتنە دەرەوە لە ژوورەکەی .

**4. بەهای بەکارهێنانی کات :**

کات توخمێکی بنەڕەتییە لە بەدیهێنانی زۆربەی کارەکان، کە گرانترین توخمە لە ژیانی مرۆڤدا و بەنرخترین شتە کە مرۆڤەکان لە ژیاندا خاوەنین، چەندە مرۆڤ گرنگی کات و بەهای کات لەبیر دەکات، بۆیە تاک دەبێت ئاگاداری هەموو ساتێک و خولەک و کاتژمێرێک لە کاتژمێرەکانی ژیان بێت و کاری زۆر بکات بۆ دامەزراندن و سوودمەندبوونیان بۆ ئەوەی لەدەستی نەچێت بەبەفیرۆدانی .

کات بەنرخترین شتە کە لە ژیاندا هەمانە، بەڵام کە ئێمە تەرخان دەکەین بۆ بەفیرۆدان و لەدەستدانی، و پشتگوێخستنی. نەک بۆ ئەوەی بێزار بین کە لە واقیعدا خۆمان دەکوژین، وەک کات ژیان وەک دەڵێن (الفقی، 2009: 25).

گرنگی بەڕێوەبردنی کات دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە پێویستییەکە لەسەر بنەمایە بەهۆی گەشەسەندنی تەکنەلۆژی بەردەوام لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان و گەشەسەندووەکان بە هەمان شێوە، کە بەڕێوەبردنی کات کاریگەری لەسەر ئەرێنی ڕاستەوخۆ لەسەر ئاستی بەختەوەری و ڕەزامەندی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە و بەم شێوەیە لەسەر گونجاوی تاک (حریرة، 2015: 192).

ڕۆڵی مامۆستای باخچە بۆ بەهای بەکارهێنانی کات بۆ منداڵانی باخچە:

_ زانینی منداڵ بۆ گرنگی کات و پابەندبوون بە کات لە ژیانی ڕۆژانەییدا .

ـ داواکردن له منداڵ بۆ دروستکردنی شتێک به میکانۆ له کاتی دیاریکراودا .

ـ داواکردن له منداڵ بۆ ئەنجامدانی چالاکییەک لەکاتی دیاریکراودا .

ـ داواکردن له مندال بۆ نووسینی پیتێک له کاتی دیاریکراودا .

**5. بەهای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا:**

ئێمە بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان و زانیارییەکان گەیشتوینەتە ئەو خاڵەی کە هیچ گەڕانەوەیەکمان نییە، واتە ئێمە بە خێرایی و بەردەوام بە پێ دەڕۆین بۆ پەرەپێدان و دامەزراندن و بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە و چیتر ناتوانین بگەڕێینەوە، ئەمەش بارگرانییەکی قورس بە پەروەردەکاران دەبەخشێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکانی فێرکردن و فێربوون لە سەردەمی گۆڕانکاریدا، چەندین پێشکەوتن و داهێنان (الجابري، 2011: 1).

بۆ نموونە پەیوەندییە تەلەفۆنییە زۆرەکان هیچ سوودێکیان نییە بۆ بەفیرۆدانی کات و پارە، بەفیرۆدانی سەردەمی مرۆڤ و لەهەمان کاتدا ئەو هێڵە تەلەفۆنیانە داگیر دەکەن کە لە گرنگترین بابەتە گرنگەکاندا پێویستن (الحمود، 2010: 55).

ڕۆڵی مامۆستای باخچە لە بەهای بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا بۆ منداڵانی باخچە:

ـ زانینی منداڵ بۆ گرنگی بەکارهێنانی مۆبایل و ئایپاد و زانینی سوودەکانی بەڵام بەپێی پێویست .

ـ ئاشنا کردنی منداڵ بە ئادابەکانی بەکارهێنانی مۆبایل و چۆنیەتی وەڵامدانەوەی تەلەفۆن .

**6. بەهای پاشەکەوتکردن:**

پاشەکەوتکردن ئامرازێکە بۆ بەرهەمهێنان و هۆشیاری بەکاربردن پێکەوە، چونکە زیادبوونی بەرهەمهێنان بەهۆی بەرهەمهێنانەوەیە، کە بڕێکی زیاتر لە پێداویستییەکانی بەکاربردن بەدەست دەهێنێت، بێگومان ئەمەش بە میانڕەوی لە بەکاربردن و عەقڵانیکردندا بەدەست دێت (الخضر، 2021: 247).

لەبەر ئەوەی فاکتەری 'پاشکەوتەکان' جیاوازی نێوان داهات و بەکاربردنە، پێویستە بەهاکە زیندوو بکرێتەوە گەشەکردن بۆ ئەم فاکتەرە، بەهۆی کاریگەرییە ئەرێنییەکانی ئەم بەهایە

لەسەر ئابووری تاک و خێزانەکەی، بەجۆرێک ئەم بەهایە دەبێتە بەشێکی سروشتی لە دروستبوونی کەسایەتی تاکەکە لە لای قەناعەتێکی فیکری و لە لایەکەوە هەڵسوکەوتی بەکاربەر (التركاوي، 2010: 141).

پەروەردەکاران دەبینن کە پاشەکەوتکردن دەبێت بەشێک لە خێزان، یان داهاتی تاکەکەسەکە دابین بکات و خەرج نەکرێت جگە لەو کاتانەی کە زۆرترین پێویستی واتە بەشێکی بێ وێنەیە لە داهات (الخضر، 2021: 247).

مندالانی بچووک دەتوانرێت بە ئاماژەدان بە جیهانی ئاژەڵان و چۆنێتی هەڵگرتنی هەندێک لە مێروو و ئاژەڵەکان لە خۆراکەکانیان بۆ کاتێکی تر وەک مێرووله و مشکەکان .

پاشەکەوتکردن وەک دیاردەیەکی ئابووری، کۆمەلایەتی، کولتووری و پەروەردەیی جێگەیەکی دیار لە بەرژەوەندی زانایان و توێژەران داگیر دەکات، بەهۆی گرنگییە گەورەکەیەوە کە پێویستی بە هۆشیاری و پەروەردەیە بۆ هەموو گروپەکانی کۆمەڵگا لە ئاستی جیاواز و کولتووری و ئابووریدا (فراج، 2019: 477).

ڕۆڵی مامۆستای باخچە بۆ بەهای پاشەکەوتککردن بۆ مندالانی باخچە:

_ ئاراستەکردنی منداڵ بە هەڵگرتنی هەندێک لە پارەی ڕۆژانەی لە ناو دەخیلەدا .

_ زانینی منداڵ بۆ گرنگی پاشەکەوتکردن دانانی پلانی ڕۆژانە .

**چوارەم: تیۆرەکان(ئەو تیۆرانەی ڕاڤەکردنیان بۆ بەهاکان کردووە):**

**1. تیۆری (ثۆرستۆن):Thurstone**

ثۆرستون لەگەڵ ئەوەی سپیرمان سەبارەت بە فاکتەری گشتی وتبووی ناکۆک بوو، لە درێژەی قسەکانیدا وتی کە ئەو فاکتەرە گشتیەی کە سپیرمان باسی دەکرد خۆی چەند هۆکارێک لەخۆدەگرێت، بە کەڵک وەرگرتن لە شیکاری هۆکارەکان وەک "سپیرمان" کردی گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە زیرەکی لە کۆمەڵێک توانا دەروونییە سەرەتاییە بەیەکەوە بەستراوەکان پێکدێت، هەربۆیە تیۆرییەکەی ناوی تیۆری توانا عەقڵییە بەیەکەوە بەستراوەکان بووە و ئەم توانایانە بریتین لە:

1. توانای شوێنی:

توانای تاک بۆ بینینی شتەکان لە شوێنێکدا، وەک دیاریکردنی شوێن و ئاڕاستە و خێرایی و شێوەیان .

2. توانای ڕەوانی زمانی:

بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە، کە لە بەرهەمهێنانی زۆرترین ژمارەی وشەکاندا ڕەنگ دەداتەوە کە لە کاتێکی دیاریکراودا بە پیتێکی دیاریکراو دەست پێدەکات یان کۆتایی دێت .

3. توانای ژماردن :

ئەنجامدانی کارەکانی ژماردنی سادە (کۆکردنەوە، جاران، لێدەرکردن، دابەشکردن).. (ابوغزال، 2015: 159)

4. توانای زارەکی:

ئەم توانایە لە زانینی مانای وشەکان و لێکچوونی زارەکی و ڕێکخستنی ڕستەکاندا نوێنەرایەتی دەکرێت، ئەم توانایە لەو کارەدا دەردەکەوێت کە ئێمە پراکتیزەی دەکەین کە پێویستی بە لێهاتوویی و وردبینی هەیە لە ئەدای زارەکیدا، وەک تێگەیشتن لە پرسیاری تاقیکردنەوە، یان تێگەیشتن لە چیرۆکێک و سەرنجدان لەسەری ئەم توانایە بە تاقیکردنەوەکان دەپێورێت کە پێویستیانە تاک وشەی هاوشێوە، هاوواتا یان دژبەیەک کۆدەکاتەوە، وشە دروست دەکات کە سەرەتا یان کۆتاییەکی دیاریکراوی هەبێت، و ماناکانی وشەکان دەزانێت .

5. توانای درککپێکردنی ڕاستەوخۆ:

ئەم توانایە لە خێرایی دەستنیشانکردنی لێکچوون و جیاوازییەکانی نێوان شێوەکان و خێرایی پۆلێنکردنی وشەکاندا نیشان دەدرێت و بە تاقیکردنەوەکان دەپێورێت کە پێویستە تاک بە خێرایی لێکچوون، جیاوازی یان یەکسانیی نێوان شێوە و وێنە و وێنەکێشانەکان بزانێت .

6. توانای یادهێنانەوەی ڕاستەوخۆ:

بریتییە لە توانای وەرگرتنەوە یان ناسینەوەی ڕاستەوخۆی شێوە و وشە و وێنەکێشان، یاخود ڕاستەوخۆ لەبیری حاڵەتەکانی پەیوەستبوون یان پەیوەندی نێوان ژمارەیەک و وشەیەک یان

لەنێوان ژمارەیەک و ژمارەیەکدا، وە بە تاقیکردنەوەکان دەپێوریت کە پێویستیان بە خێرایی هەیە لە بیرهێنانەوەی ژمارەیەکدا پەیوەندی بە ژمارەیەکی تر یان وشەیەکەوە هەیە، هەروەها ناسینەوەی شێوە و وێنەکان. (الدسوقي،2010، ئینتەرنێت)

7. بیرکردنەوەی دەرئەنجامی :

توانای تاک بۆ دۆزینەوەی ئەو یاسا یان بنەمایەی کە دۆخێک یان ماددەیەکی دیاریکراو ڕێکدەخات، و گشتاندن لە حاڵەت یان زانیارییە تایبەتەکانەوە ئەنجام بدات. (ابوغزال، 2015: 159)

## 2. بۆچوونی زانای ئەڵمانی (سپرانگەر): Spranger

پۆلێنکردنەکە کە لەلایەن دەرونزانە ئەڵمانییەکەوە (سپرانگەر) لە نووسینی نەخشەکانی خەڵکدا باسکراوە، یەکێکە لە پۆلێن بەندییە بەکارهێنراوەکان لە بەهاکانی لێکۆڵینەوەدا، کە ئەم توێژینەوەیە وەریدەگرێت، چونکە بەهاکان دابەشکراون بەسەر شەش گروپدا :

1. بەها ئاینییەکان: ئەوە ئەو کۆمەڵە بەهایەیە کە تاکەکەس جیا دەکاتەوە بە ئاگاداری خۆی لە گەردوون، و حەز و مەیلی تاک بۆ ئەوەی بزانێت میتافیزیکە چییە، دەیەوێت سەرچاوەی مرۆڤ و چارەنووسی خۆی بزانێت، و پێی وایە کە لەوێدا هێزێکە کە ئەو جیهانەی تێیدا دەژی کۆنترۆڵی دەکات، و هەوڵدەدات خۆی بەم هێزەوە ببەستێتەوە، زۆربەی ئەوانەی زاڵن ئەم بەهایانەیان هەیە بە پابەندبوون بە فێرکارییە ئاینییەکان .

2. بەها سیاسییەکان: کۆمەڵە بەهایەکن کە تاک بە بەرژەوەندیەکانی جیا دەکاتەوە لە گەڕان بە ناوبانگ و کاریگەری لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا نەک مەرج نییە لە بواری سیاسەتدا و ئەو کەسەی لەم بەهایانە زاڵە بە پاڵنەرەکانی دەسەڵات و کێبڕکێ و توانای ڕێبەرایەتی .

3.بەها تیۆرییەکان: بریتییە لە کۆمەڵێ ئەو بەهایانەی کە لەلایەن تاکەوە دەردەبڕدرێن بەرژەوەندی زانست و مەعریفە و بەدواداچوونی یاسا حوکمڕانەکان بە مەبەستی ناسینیان و ئەو تاکانەی کە لە فەیلەسووفان و زانایان و ڕۆشنبیرانن گەڕان بەدوای ڕاستیدا.

4. بەها کۆمەڵایەتیەکان: بریتییە لە کۆمەڵە بەهایەک کە تاک بە بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی جیا دەکاتەوە و توانای کارکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و خۆبەخشانە بۆ خزمەتکردنی ئەوانی تر و تاک بە توانای خۆی دیاری دەکرێت بۆ بەخشین لە کات و هەوڵ و پارە بۆ خزمەت واتە خۆشەویستی بۆ خەڵکی .

5. بەها ئابوورییەکان: کۆمەڵە بەهایەکن کە تاک بە بەرژەوەندی پراکتیکی جیا دەکاتەوە و وای لێدەکات هەوڵبدات بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی ماددی و بە هەموو شێوەیەک بەدوای ساماندا دەگەڕێت و ئەم بەهایانە لەلایەن بازرگان و دوکاندار و کارگەکانەوەیە .

6. بەها جوانییەکان: کۆمەڵە بەهایەکن کە تاک بە بەرژەوەندی هونەری و جوانکاری و گەڕان بەدوای کایە هونەرییەکانی ژیاندا جیا دەکاتەوە و تاک خۆشەویستی دروست دەکات و هاوئاهەنگی دەکات و ئەم بەهایانە عادەتەن لە نێوان خاوەن داهێنان و چێژی هونەری جوانیدا زاڵن (الكناني، 2016: 5).

هەرچەندە بنەماکانی پۆلێنکردن فرەن، بەڵام شەش ڕەهەندیان هەیە:

_ دوای ناوەڕۆک و بە بابەتی پەیوەندیدار بەهاکان و ناوەڕۆکەکەیان .

_ دوای شوێنی مەبەست، کە جیاوازی دەکەین لە نێوان بەهاکان وەک ئامرازێک و بەهاکان وەک لە کۆتایی خۆیاندا .

_ دوای چڕی و تیایدا ڕادەی پابەندبوون و هێز لە بەهاکاندا دەپێوین .

_ ڕەهەندی گشتیی پەیوەندی بە ڕادەی بڵاوبوونەوەی بەهاکان و ڕەچاوکردنی وەک گشتی یان تایبەت بە گروپێکی دیاریکراوەوە هەیە .

_ دوای ڕوونی بەهاکان، کە تێیدا جیاوازی لە نێوان ڕوون و ناڕاستەوخۆیاندا دەکەین .

_ دوای هەمیشەیی، ڕادەی بەردەوامی بەهاکان چەندە و ئایا تاڕادەیەک هەمیشەیی دەبن یان لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا نامێنن (محمد وأحمد، 2018: 187).

**3. بۆچوونی (نیوکمب و ایزینک) :Newcomb&Eysenk**

پرۆسەی بەرزکردنەوەی بەهاکان لە ڕوانگەی (نیوکمب) کورتکراوەتەوە کە بابەت یان چالاکییەکان هەن کە گرنگی بە تاک دەدەن و پاڵنەر و پاڵنەرەکانی بەرز دەکەنەوە بۆیە مەیلی دەروونی هەیە بەرامبەریان و دواتر ئەو ڕەوتانە لەناویاندا ڕێکدەخات بۆ ئەوەی بەهایەکی دیاریکراو بن تاک دەربارەی ئەم بابەتانە یان شتەکانی هەیە (سفیان، 2012: 102).

ئەم فۆرمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە فۆرمەتی بەها تاکەکەسییەکان یان ئایدۆلۆژیایەکەیەکی ئاوێتە لە ئەنجامی کۆبوونەوەی ئەزموونەکان = زانینی ژمارەیەک لە ئاستەکان:

ئاستی یەکەم: بۆچوونی کتوپڕ یان کوالیتی هەیە کە نا پەیوەندی بە بۆچوونەکانی ترەوە هەیە و گرینگییەکی زۆری نییە بۆ خاوەنەکەی .

ئاستی دووەم: بۆچوونەکان بە جۆرێک لە سەقامگیری و جێگیرییەوە دیاری دەکرێن .

ئاستی سێیەم: ئەو شتەیە کە ئێمە پێی دەڵێین ئاڕاستەکان کە کۆی بۆچوونەکان پەیوەستن بە بابەتێکەوە لەگەڵ کە ڕەوتێکی دیاریکراوە لەنێویاندا بە ئەرێنی یان نەرێنی .

ئاستی چوارەم : ئەوەی پێی دەڵێین ئایدۆلۆژیا دەیدۆزینەوە و ئەویش ڕێکخستنی کۆمەڵێک ڕەوتی وەک پارێزگاری یان ڕزگاری (خلیفة، 1992: 128).

**پێنجەم: توێژینەوەکانی پێشوو:**

**1. توێژینەوەی شرف (2017):**

**(کاریگەری پرۆگرامی فێرکاری ئەلیکترۆنی بۆگەشەپێدانی کەلتوری بینراو و چەمکە ئابوورییەکان بۆ منداڵانی باخچە)**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتبوو لە دروستکردنی پرۆگرامی فێرکاری ئەلیکترۆنی بۆ گەشەپێدانی کلتوری بینراو و چەمکە ئابوورییەکان بۆ منداڵانی باخچە، پێوانەی کاریگەری پرۆگرامی پێشنیارکراو بۆ گەشەپێدانی کلتوری بینراو و چەمکە ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە، میتۆدی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە میتۆدی نیمچە ئەزموونی، دیزاینی ئەزموونی بۆ یەک گروپی ئەزموونی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە منداڵانی باخچە تەمەن (5_6)

ساڵ ئاستی دووەم، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (35) کوڕ و کچ لە پارێزگای سویس، ئامرازەکانی کۆکردنەوی زانیاری توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە فۆڕمی چەمکە ئابورییەکان بۆ منداڵی باخچە، کەرەستەکانی تاقیکردنەوە کە بریتییە لە چالاکییەکانی پرۆگرامی فێرکاری پێشنیارکراو(ئامادەکردنی توێژەر)، ئامادەکردنی کەرەستەکانی پێوانە کە پێکدێت لە هەردوو پێوانەی وێنەیی کلتوری بینراو و چەمکە ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە (ئامادەکردنی توێژەر). بۆ چەمکەکانی (پاشەکەوتکردن، خەرجکردنی مامناوەند، کەمکردنەوەی بەکاربردن، ڕێزگرتنی کار و داهاتی حەڵاڵ، پلانی ئابوری). ئامڕازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لەt,test ، چوارگۆشەی ئیتا، ناوەندی ژمێرەیی.

گرنترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبوو لە نێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە جێبەجێکردنی پێشەکی و پاشەکی بۆ پێوەری وێنەیی کلتوری بینراو لەبەرژەوەندی جێبەجێکردنی پاشەکی .

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبوو لە نێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە جێبەجێکردنی پێشەکی و پاشەکی بۆ پێوەری چەمکە ئابورییەکان لە بەرژەوەندی جێبەجێکردنی پاشەکی .

### 2. توێژینەوەی کاطع (2018):

**(کاریگەری بەرنامەی چیرۆکی بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە)**

ئامانجی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە کاریگەری بەرنامەی چیرۆکی بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە، میتۆدی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە میتۆدی ئەزموونی، دیزاینی ئەزموونی بۆ دوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە منداڵانی باخچە تەمەن (5_6) ساڵ، نموونەی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە (24) کوڕ و کچ لەباخچە حکومییەکانی شاری بغداد/ ناوچەی کرخ، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە تاقیکردنەوەی بەها ئابوورییەکان بۆ

بەهاکانی بەکارهێنانی (ئاو، کارەبا، پاشەکەوت). کە هەریەکەیان لە (9) برگە پێکهاتبوو، پرۆگرامی چیرۆک (ئامادەکردنی توێژەر) کە پێکهاتبوو لە (12) دانیشتن، ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە ڕێژەی سەددی، هاوکۆلکەی جیاکاری و گرانی، هاوکێشەی پەیوەندی بوینت بای سیریل، هاوکێشەی ألفا کرونباخ،کای دووجا، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، t,test.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

ـ هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نەبوو لە نێوان نمرەکانی گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو بۆ تاقیکردنەوەی بەها ئابوورییەکان (پێشەکی)

ـجیاوازیی بەڵگەداری ئاماری نەبوو لە نێوان نمرەکانی گروپی ئەزموونی لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بەها ئابوورییەکان .

ـ هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نەبوو لە نێوان نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی بەها ئابوورییەکان لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی.

ـ جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری نەبوو لە نێوان نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو بۆ تاقیکردنەوەی بەها ئابوورییەکان بۆ تاقیکردنەوەی پاشەکی .

**3. توێژینەوەی ابراهیم (2018):**

**(کاریگەری پرۆگرامێکی ئامادەکراو لەسەر ستراتیژی نەخشەی چەمکەکان لە بەدەستهێنانی منداڵانی باخچە بۆ هەندێ لە چەمکە ئابوورییەکان)**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتبوو لە زانینی نەخشەی چەمکەکان و گونجاوی بۆ فێربوونی منداڵی باخچە، زانینی چەمکە ئابوورییەکان و چۆنیەتی جێبەجێکردنی لەسەر نەخشەی چەمکەکان، جێبەجێکردنی ستراتیژی نەخشەی چەمکەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە چالاکی باخچەدا و پەیوەندی بە ستراتژییەکانی دیکەوە، گەیشتن بە سوودی تەواو لە ڕێگەی جێبەجێکردنی بەرنامەی پێشنیارکراوی و گەیشتن بە ئەنجامەکان کە کاریگەری بەدەست دەهێنن لەگەڵ بەدەستهێنانی چەمکە ئابوورییەکان بابەتی توێژینەوەکە، میتۆدی توێژینەوەکە

پێکهاتبوو له نیمچه ئەزموونی، دیزاینی ئەزموونی بۆ یەک گروپی ئەزموونی بە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە منداڵانی باخچە تەمەن (5_7) ساڵ، نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (32) کوڕ و کچ لە باخچەی عمروبن العاص لە پارێزگای شرقیە، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە تاقیکردنەوەی چەمکە ئابوورییەکان (ئامادەکردنی توێژەر) بۆ چەمکەکانی (وەبەرهێنان، پارەی کاغەز، پارە و دراو، بازاڕکردن، بەکارهێنان، سەرچاوەکانی داهات، سامان، کار، چینی کۆمەڵایەتی) ، کارتی تێبینی ڕەفتاری ئابووری بۆ منداڵانی باخچە (ئامادەکردنی توێژەر) ، بەرنامەی ئامادەکراو لەسەر سراتیژی نەخشەی چەمکەکان (ئامادەکردنی توێژەر) کە پێکهاتبوو لە (36) دانیشتن، ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە هاوکێشەی جێگیری پیرسون، t,test، لادانی پێوەری، ناوەندی ژمێرەیی .

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبوولە نێوان ناوەندی نمرەکانی تاکەکانی گروپی ئەزموونی لە پێوانەکردنی پێشەکی و پاشەکی بۆ پێوانەی چەمکە ئابوورییەکان بۆ منداڵانی باخچە لە بەرژەوەندی پێوانەی پاشەکی دوای جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە .

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبوو لە نێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە پێوانەکردنی پێشەکی و پاشەکی بۆ کارتی تێبینی ڕەفتاری ئابووری بۆ منداڵانی باخچە لە بەرژەوەندی پێوانەی پاشەکی .

### 4. توێژینەوەی توفیق (2018):

**(دامەزراندنی چالاکییە دەربڕینەکان لە پەرەپێدانی هەندێک چەمکی ئابووری لای منداڵی باخچە لەبەر ڕۆشنایی داواکارییەکانی سەردەم)**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتبوو لەزانینی کارامەیی دامەزراندنی چالاکییە دەربڕینەکان لە پەرەپێدانی هەندێک چەمکی ئابووری لای منداڵی باخچە لەبەر ڕۆشنایی داواکارییەکانی سەردەم، زانین دەربارەی گرنگترین چەمکە ئابوورییەکان کە دەتوانرێت بۆ منداڵی باخچە

پەرەی پێبدرێت لەبەر ڕۆشنایی داواکارییەکانی سەردەمدا، دامەزراندنی ڕەفتارە ئابوورییە ئەرێنییەکانی منداڵی باخچەی لە ڕێگەی چالاکییە دەربڕینەکانەوە، میتۆدی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە میتۆدی نیمچە ئەزموونی، دیزاینی ئەزموونی بۆ هەردوو گروپی ئەزموونی وکۆنترۆڵکراو، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە منداڵانی باخچە تەمەن (5_6) ساڵ ئاستی دووەم، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (40) کوڕ و کچ لە باخچەی (جمالدين الافغانی) لە پارێزگای القليوبيە، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە پێکهاتبوولە تاقیکردنەوە خشتەی چاودێرییکردنە ڕەنگاوڕەنگەکانی رافن تفنين، ليستی چەمکە ئابوورييەکان بۆ منداڵانی باخچە بە پێی داواکارییەکانی سەردەم (ئامادەکردنی توێژەر)، تاقیکردنەوەی وێنەیی چەمکە ئابوورییەکان بۆ منداڵانی باخچە بۆ چەمکەکانی (وەبەرهێنان، بەرهەم، هەناردە، کەمکردنەوەی بەکاربردن، بەڕێوەبردنی بودجە )، ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە هاوکێشەی ڕێژەیی، بەهایz ، ألفا کرونباخ، لادانی پێوەری، ناوەندی ژمێرەیی، چوارگۆشەی ئيتا،t,test .

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبوو لە نێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو لەسەر تاقیکردنەوەی وێنەیی چەمکە ئابوورییەکان لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی لە کۆی تاقیکردنەوەکان .

_ هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نەبوو لە نێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی کۆنترۆڵکراو لەسەر تاقیکردنەوەی وێنەیی چەمکە ئابوورییەکان پێشەکی و پاشەکی لە کۆی تاقیکردنەوەکان .

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبوو لە نێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لەسەر تاقیکردنەوەی وێنەیی چەمکە ئابوورییەکان پێشەکی و پاشەکی لە کۆی تاقیکردنەوەکان لە بەرژەوەندی جێبەجێکردنی پاشەکی .

**5. توێژینەوەی فراج(2019):**

**(کاریگەری پرۆگرامی درامای داهێنانی بۆ گەشەپێدانی هەندێ لە بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە)**

ئامانجی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە دیاریکردنی هەندێک لە بەها ئابوورییە گونجاوەکان لەگەڵ گەشەی منداڵی باخچەدا، گەشەپێدانی هەندێک لە بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە، سوود بینینی منداڵی باخچە لە بەها ئابوورییەکان لە ڕەفتاری ڕۆژانەیاندا پەیوەند بە بەها ئابوورییەکانەوە و چاککردنی هەندێک لە ڕەفتارە هەڵەکانیان، ئامادەکردنی پێوەری وێنەیی بۆ هەندێک لە بەها ئابوورییەکان بۆ منداڵانی باخچە، ئامادەکردنی پرۆگرامی گەشەپێدانی هەندێک لە بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە لە ماوەی بەکارهێنانی درامای داهێنان، بەدیهێنانی کاریگەری پرۆگرامی درامای داهێنان بۆ گەشەپێدانی هەندێک لە بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە، میتۆدی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە میتۆدی ئەزموونی، دیزاینی ئەزموونی بۆ دوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە پێوانەی پێشەکی و پاشەکی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە منداڵانی باخچە ئاستی یەکەم، نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (60) منداڵی کوڕو کچ لە باخچەی (نیشتیمانی تایبەت) لە پارێزگای جیزە، ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە تاقیکردنەوەی زیرەکی منداڵان، فۆرمێک لە ڕاپرسی لە مامۆستایانی باخچەی مندالان بۆ زانینی واقعی پێشکەشکرنی درامای داهێنان ڕادەی گرنگیدان بە چالاکییەکانی گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان بۆ منداڵانی باخچە (ئامادەکردنی توێژەر)، پێوەری وێنەیی هەندێک لە بەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە بۆ بەهاکانی (پارە، کار وپیشە، کڕین و فرۆشتن، پاشەکەوتکردن وکەمکردنەوەی بەکاربردن) ، پرۆگرامی درامای داهێنان بۆ گەشەپێدانی هەندێک لە بەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە (ئامادەکردنی توێژەر) کە پێکهاتبوو لە (36) دانیشتن، ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە کای دووجا، هاوکێشەی جێگیری، هاوکێشەی لاوش، هاوکێشەی فاریمکس، هاوکێشەی الفا کرونباخ، t,test.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبوو لەنێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی دوای نمایشکردنی پرۆگرامی درامای داهێنان و منداڵانی گروپی کۆنترۆڵکراو لەسەر پێوەری بەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونی .

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبوو لە نێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی پێش نمایشکردنی پرۆگرامی درامای داهێنان و دوای نمایش کردن لەسەر پێوەری بەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە بە ئاڕاستەی پێوانەی پاشەکی .

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبوو لە نێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە پێوانەی پاشەکی و بەدواداچوون بۆ پرۆگرامی درامای داهێنان لە ڕووی کار و پیشە و کۆی پلە لەسەر پێوانەی بەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە بەئاڕاستەی پێوانەی بەدواداچوون .

**6. توێژینەوەی رمضان (2019):**

**(پرۆگرامی ئامادەکراو لەسەر چالاکییە هونەرییەکان بۆ گەشەپێدانی هەندێک لەبەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە)**

ئامانجی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە دیاریکردنی بەها ئابوورییەکان کە گونجاون بۆ منداڵی باخچە، ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ بەها ئابوورییەکان کە پێویستن بۆ منداڵی باخچە، ئامادەکردنی پرۆگرامی ئامادەکراو لەسەر چالاکییە هونەرییەکان بۆ گەشەپێدانی هەندێک لەبەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە، دیاریکردنی کاریگەری پرۆگرامی ئامادەکراو لەسەر چالاکییە هونەرییەکان بۆ گەشەپێدانی هەندێک لەبەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە، میتۆدی توێژینەوەکە بریتی بوو لە میتۆدی وەسفی لە جۆری پشکنین و شیکاری، میتۆدی ئەزموونی، دیزاینی ئەزموونی بۆ دوو گروپ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە منداڵانی باخچە ئاستی دووەم تەمەن ( 5_6) ساڵ، نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (60) کوڕ و کچ لە شاری منصورە لە پارێزگای الدهلقیة، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە فۆڕمی دیاریکردنی بەها ئابوورییەکان کە گونجاون بۆ منداڵی باخچە (ئامادەکردنی توێژەر)، پێوەری وێنەیی بەها ئابوورییەکان (ئامادەکردنی توێژەر) بۆ بەهاکانی (کەمکردنەوەی

بەکاربردن، خەرجکردن، پاشەکەوتکردن، کار، ڕێزگرتن لە خاوەن پیشەکان)، ئامڕازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە هاوکێشەی پەیوەندی پیرسون، الفا کرونباخ، لادانی پێوەری، هاوکێشەی هوفستاتر، چوارگۆشەی ئیتا .

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبوو لەنێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە جێبەجێکردنی پاشەکی بۆ پێوەری بەها ئابوورییەکان لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی .

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبوو لەنێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لەجێبەجێکردنی پێشەکی و پاشەکی بۆ پێوەری بەها ئابوورییەکان لەبەرژەوەندی جێبەجێکردنی پاشەکی .

**7. توێژینەوەی منسي واخرون(2020):**

**( پرۆگرامی ئەلیکترۆنی بۆ گەشەپێدانی هەندێک لە چەمکە ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە)**

ئامانجی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە پێوانەی کارامەیی پرۆگرامی ئەلیکترۆنی بۆ گەشەپێدانی هەندێک لە چەمکە ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە، میتۆدی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە میتۆدی ئەزموونی، وە دیزاینی نیمچە ئەزموونی بۆ هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە منداڵانی باخچە ئاستی دووەم، نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (120) کوڕ و کچ لە باخچەی (ابی بکر الصدیق و بورسعید) لە پارێزگای بورسعید، ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە فۆڕمی ڕاپرسی مامۆستایانی باخچەی منداڵان (ئامادەکردنی توێژەر)، فۆڕمی چەمکە ئابوورییەکان کە گونجاوە بۆ منداڵانی باخچە (ئامادەکردنی توێژەر)، تاقیکردنەوەی توانا عقڵییە گشتییەکان ( أوتیس – لیون)، تاقیکردنەوەی ئەلیکترۆنی چەمکە ئابوورییەکان بۆ منداڵانی باخچە (ئامادەکردنی توێژەر) بۆ چەمکەکانی (پارە، مامەڵەی ڕۆژانە، وەبەرهێنان، بەکاربردنی ڕۆژانە)، ئامڕازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە ڕێژەی سەددی، هاوکێشەی پەیوەندی پیرسون،

هاوکێشەی جێگیری، لادانی پێوەری، ناوەندی ژمێرەیی، الفا کرونباخ، هاوکێشەی گرانی و هاوکێشەی جیاکاری، t,test، چوارگۆشەی ئیتا، هاوکێشەی ڕێژەیی کاریگەری ماک جوجیان.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبوو لە نێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو دوای جێبەجێیکردنی پاشەکی بۆ تاقیکردنەوەی چەمکە ئابوورییەکان لە بەرژەوەندی منداڵانی گروپی ئەزموونی .

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبوو لە نێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە جێبەجێکردنی پێشەکی و پاشەکی بۆ تاقیکردنەوەی چەمکە ئابوورییەکان لە بەرژەوەندی جێبەجێکردنی پاشەکی .

_ بەدیهێنانی کاریگەری پرۆگرامی ئەلیکترۆنی بۆ گەشەپێدانی هەندێک لە چەمکە ئابوورییەکان بۆ منداڵانی باخچە .

**8. توێژینەوەی جمعە(2020):**

**(کارامەیی پرۆگرامی ئامادەکراو لەسەر فێربوونی چالاک بۆ گەشەپێدانی هەندێک لەبەها ئابوورییەکان لای منداڵی باخچە)**

ئامانجی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە دیاریکردنی هەندێک لە بەها ئابوورییەکان کە دەتوانرێت پەرەی پێبدرێت لای منداڵی باخچە بەبەکارهێنانی فێربوونی چالاک، ئامادەکردنی پرۆگرامی ئامادەکراو لەسەر فێربوونی چالاک بۆ گەشەپێدانی هەندێک لەبەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە، زانینی کارامەیی فێربوونی چالاک بۆ گەشەپێدانی هەندێک لەبەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە، گەشەپێدانی هۆشیارییە بە بەها ئابوورییەکان لای منداڵی باخچە، میتۆدی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە نیمچە ئەزموونی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە منداڵانی باخچە تەمەن (4_6) ساڵ ئاستی یەکەم، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (16) کوڕ و(15) کچ لەشاری سادات لە پارێزگای المنوفیە، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە فۆڕمی بەها ئابوورییەکان (ئامادەکردنی توێژەر، کارتی تێبینی ئەدای منداڵانی

باخچە بۆ بەها ئابوورییەکان (ئامادەکردنی توێژەر)، تاقیکردنەوەی وێنەیی بەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە (ئامادەکردنی توێژەر) بۆ بەهاکانی بەکارهێنانی (ئاو، خۆراک، کات، پارە، کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، پاشەکەوتکردن، پارێزگاریکردن لە کەلوپەلی گشتی، پارێزگاریکردن لە کەلوپەلی تایبەتی، ڕێزگرتن لە کرێکار و خاوەن پیشەکان، کڕین و فرۆشتن)، پڕۆگرامی ئامادەکراو لەسەر فێربوونی چالاک بۆ گەشەپێدانی هەندێک لەبەها ئابوورییەکان لای منداڵی باخچە (ئامادەکردنی توێژەر)، ئامڕازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە لادانی پێوەری، ناوەندی ژمێرەیی، t,test.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

ـ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبوو لە نێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە پێوانەی پێشەکی و پاشەکی لەسەر پێوانەی بەها ئابوورییەکان دوای خستنەڕووی پڕۆگرامی پێشنیارکراو لەبەرژەوەندی پێوانەی پاشەکی.

ـ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبوو لەنێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە پێوانەی پێشەکی و پاشەکی ئەدای منداڵی باخچە بۆ بەها ئابوورییەکان دوای خستنەڕووی پڕۆگرامی پێشنیارکراو لەبەرژەوەندی پێوانەی پاشەکی .

**شەشەم: گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو :**

**1. لەڕووی ئامانجی توێژینەوەکە:**

سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو وە توێژینەوەی ئێستاش هەمان ئامانجییان هەیە کە ئەویش گەشەپێدانی ( بەها ئابوورییەکان ) ە لای منداڵی باخچە.

**2. لەڕووی میتۆدی بەکارهاتووەوە :**

توێژینەوەی ( کاطع ، 2018) ، (منسي واخرون ، 2020) ، لەگەڵ توێژینەوەی ئێستا هەمان (میتۆدی ئەزمونی) یان بەکارهێناوە ، توێژینەوەی (شرف ، 2017) ، (ابراهیم ، 2018) ، (جمعە، 2020) ، (میتۆدی نیمچە ئەزمونی ) وە جگە لە توێژینەوەی ( رمضان، 2019)، کەمیتۆدە وەسفی جۆری پشکنین و جیاکاری بەکارهێناوە.

**3. لەڕووی ئامڕازەکانی توێژینەوەکە :**

سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو و توێژینەوەی ئێستا هەمان ئامڕازییان بەکارهێناوە ، ئەویش دروست کردن و ئامادەکردنی ( پڕۆگرامێکی زانستی ) و (پێوەرێکی زانستی ) یە بۆ تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی ، ئامڕازی ئەم توێژینەوەیەی ئێستاش بریتیە لە دروستکردنی ( پڕۆگرامی ڕاهێنان لە سەر هەندێ لە ستراتیژییای فێربوونی چالاک بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵی باخچە ) و ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی وێنەیی بەها ئابوورییەکان ).

**4. لەڕووی کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە :**

توێژینەوەکەی ئێستا و سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو هەمان کۆمەڵگەیان هەیە ( منداڵی باخچە ) یە کە ژمارەی کۆمەڵگەکە بریتییە لە (950) منداڵ، وە نمونەی توێژینەوەکەیان لە نێوان ( 24 – 120 ) منداڵ.

**5. لەڕووی ئامڕازە ئامارییەکانەوە:**

ئامڕازە ئامارییە بەکارهاتووەکان لە نێوان توێژینەوەکاندا لێکچوون و جیاوازی هەیە ، توێژینەوەکەی ئێستاش ئامڕازی ئاماری تاقیکردنەوەی (T) بۆ دوو نمونە Independent) (Samples T_testبەکارهێناوە لەگەڵ چەند ئامڕازێکی تر کە گونجاون لەگەڵ پێویستی و سروشتی توێژینەوەکەدا.

**6.لەڕووی ئەنجامەوە:**

توێژینەوەکانی پێشوو و توێژینەوەی ئیستاش تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکییان ئەنجامداوە ، توێژینەوەی (شرف،2017) ، (ابراهیم،2018) ، (توفیق،2018) ، (فراج،2019) ، (منسي واخرون،2020) ، (جمعە،2020) سەرجەمییان لە تاقیکردنەوەی پاشەکیدا پڕۆگرامەکەیان کاریگەری هەبووە بێجگە لە توێژینەوەی (کاطع،2018) کە کاریگەری نەبووە ، ئەم توێژینەوەیەی ئێستاش لە تاقیکردنەوەی پاشەکیدا پڕۆگرامەکەی کاریگەری هەبووە.

## بەشی سێیەم

## ( ڕێبازی توێژینەوەکە و ڕێکارییەکانی )

### یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە

### دووەم: دیزاینی ئەزمونی توێژینەوەکە

### سێیەم:کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

### چوارەم: نمونەی توێژینەوەکە

### پێنجەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە

### شەشەم: ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان

# بەشی سێیەم

## ( ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە )

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە :**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر پشتی بە میتۆدی ئەزموونی بەستووە، میتۆدی ئەزموونی لە نێو میتۆدەکاندا وردترین میتۆدی توێژینەوەیە و ڕەنگە لە هەموویان ئاڵۆزتر و قورستر بێت، لەم ڕێبازەدا توێژەر بە تەنها دۆخەکە وەسف و دیاری ناکات و چالاکییە زانستییەکەی هەر ئەوەندە نییە کە تێبینی ئەو ڕەوشە بکات کە هەیە، بەڵکە لەوەش زیاترە و هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنی فاکتەرەکانی توێژینەوەکەی (بۆکانی، 2020: 101).

**دووەم: دیزاینی ئەزمونی :**

توێژەر پشتی بەستووە بە دیزاینی ئەزموونی بۆ دوو گرووپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو (لە پێوانەی پێشەکی و پاشەکی). مەبەست لە دیزاینی ئەزموونی بە واتای پێکهاتەی بنەڕەتی تاقیکردنەوەکە دێت، وە وەسفی ئەو گروپە دەکات کە ئەندامانی تاقیکردنەوەکە لە خۆدەگرێت و دیاریکردنی ئەو ڕێگایانەی کە نموونەی توێژینەوەکە هەڵدەبژێردرێن (کاطع، 2018: 222).

**پاساوەکانی بەکارهێنانی ئەم جۆرە دیزاینە:**

1. یەکێکە لەو دیزاینانەی کە بە توندی کۆنترۆڵ دەکرێت، چونکە پێویستی بە هاوتای نێوان هەردوو گرووپەکە (تاقیکردنەوە و کۆنترۆڵکراو) هەیە بۆ دۆزینەوەی بەرزترین پلەی کۆنترۆڵی ئەزموونی.
2. پێداچوونەوە بەو ئەنجامانەی کە بەدەست هاتوون بە دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکە زیاتر لە جارێک و لە بارودۆخ و هەڵوێستی جیاوازدا.
3. ئەم جۆرە دیزاینە یارمەتی توێژەر دەدات بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەو گریمانە یان پرسیارانەی کە بۆ توێژینەوەکە دانراون، و ئەوەی کە یەکپارچەیی و دروستی ڕاستکردنەوەکە گەرەنتی بنەڕەتییە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی جێی متمانە (کاطع ، 2018: 223).

**سێیەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە :**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە برتییە لە کۆی گشتی یەکە و ڕەگەزەکانی بابەتێک، یاخود دیاردەیەک کە توێژەر توێژینەوە ئەنجام دەدات لە بارەیەوە، ئەو یەکە و بابەت و ڕەگەزی توێژینەوەیە دەگونجێت ( قوتابخانە، کارگە، خێزان، دامەزراوە، هتد.)بێت (حسن، 1982: 224).

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە منداڵانی باخچەی تەمەن (5) ساڵ ئاستی (سەرەتایی) لە هەردوو ڕەگەزی (کوڕ و کچ) بۆ ساڵی خوێندنی (2022_2023) کە ژمارەیان بریتییە لە (950) منداڵی باخچە لە قەزای حاجیاوا، جێبەجێکردنی لە باخچە حکومییەکان. لە خشتەی (1) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (1)**

**کۆمەڵگەی توێژینەوە**

| قەزای حاجیاوا | ژمارەی باخچە | ژمارەی منداڵ |
|---|---|---|
| حاجیاوا | 6 | 950 |

**چوارەم: نمونەی توێژینەوەکە :**

نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتەیەکی هەڵبژێردراوە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکە دەکات، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بنوێنێت (العزاوي، 2008: 162_163).

نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (24) منداڵی (کوڕ و کچ) بەشێوەی یەکسان لە باخچەی منداڵانی خونچە لە حاجیاوا، (12) منداڵ بۆ گروپی ئەزموونی (6 کوڕ) و (6) کچ. (12) منداڵ بۆ گروپی کۆنترۆڵکراو (6 کوڕ) و (6) کچ ، نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی ناهەڕەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردرا. لە خشتەی (2) خراوەتە ڕوو.

## خشتەی (2)

**دابەشکردنی تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە هەردوو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو**

| باخچەی منداڵان | گروپەکان | ژمارەی منداڵەکان | | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| | | کوڕ | کچ | |
| باخچەی منداڵانی خونچە | ئەزمونی | 6 | 6 | 24 کوڕ و کچ |
| | کۆنترۆڵکراو | 6 | 6 | |
| کۆ | | 12 | 12 | |

نموونەی مەبەستدار: ئەو نموونەیەیە کە توێژەر لە کۆمەڵگایەک وەریدەگرێت، بڕوای وایە کە بە تەواوەتی نوێنەرایەتی کۆمەڵگاکەی دەکات، بە پشتبەستن بە پێوەرێکی زانستی دەرەکی کە پەیوەندی بە ئەزموونی خۆیەوە هەیە و بۆچوونی وایە ئەم جۆرە نموونەیە باشترینە کە دەتوانێت نوێنەرایەتی کۆمەڵگاکەی بکات. (بۆکانی، 2016: 113 )

**چۆنیەتی هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە :**

توێژەر سەرەتا بۆ مەبەستی تاقیکردنەوە و جێبەجێکردنی پرۆگرامەکەی بە گرنگی زانی کە باخچەیەک هەڵبژێرێت کە لە ناو ناوچەیەکی شعبیدا بێت تاوەکو بزانێت تا چەند پرۆگرامەکە کاریگەریی دەبێت لەسەر ئەو منداڵانە کە لە ماڵەوە زۆر گرنگی بەو بەهایانە نادرێت لە گەڵیان، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر سەردانی باخچەی خونچەی لە حاجیاوا کرد بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەری باخچەکە، بە سوپاسەوە ڕەزامەندییان دەربڕی، پاشان توێژەر سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیەیەی کرد و داواکارییەکی پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی کرد، بە خۆشحاڵییەوە داواکارییەکەیان قبوڵکرد. لە پاشکۆی (1) خراوەتە ڕوو.

**هاوتایی نێوان گروپەکان:**

توێژەر بە پێویستی زانی کە ڕێکارییەکانی هاوتا بوون لە نێوان گروپەکاندا بکات بە مەبەستی بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ئەو گۆڕاوانەی کە ڕەنگە کاریگەرییان بە شێوەیەکی ئەرێنی، یاخود نەرێنی لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە هەبێت، بۆیە توێژەر هەوڵیدا ئەم هاوتابوونە ئەنجام بدات لەگەڵ ئەو گۆڕاوانەی کە کاریگەرییان لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە دەبێت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر منداڵەکان کە ئەمانەن:

1. هاوتایی لەسەر تاقیکردنەوەی وێنەیی بەها ئابوورییەکان (تاقیکردنەوەی پێشەکی) پێش جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە:

بۆ زانینی هاوتایی نێوان ئەندامانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا، توێژەر تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی قەبارە یەکسان (t.test) بەکارهێنا، دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری بەرچاو لە نێوان ئەو دوو گروپەدا نەبووە، کە بەهای هەژمارکراو گەیشتە (0.126) کە بچوکترە لە بەهای خشتەیی کە گەیشتە (0.90)، لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، نمرەی ئازادی (20). لە خشتەی (3) خراوەتە ڕوو.

## خشتەی (3)

## هاوتایی لەسەر تاقیکردنەوەی وێنەیی بەها ئابوورییەکان ( تاقیکردنەوەی پێشەکی ) جێبەجیکردنی پرۆگرامەکە

| گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای ت | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزمونی | 12 | 13.2500 | 3.74469 | 20 | 0.126 | 0.90 | بەڵگەدارنییە |
| کۆنترۆڵکراو | 12 | 13.4167 | 2.64432 | | | | |

2. هاوتایی لەسەر ڕیزبەندی منداڵ لە خێزاندا:

توێژەر بۆ دەرهێنانی هاوتایی نێوان ئەندامانی گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە ڕیزبەندی منداڵ لە خێزاندا، دابەشیکردوون بەسەر شەش ڕیزبەندا لە (1،2،3،4،5،6) دا بە بەکارهێنانی (کای دووجا)، کە بەهای هەژمارکراو گەیشتە (6.311) کە بچوکترە لە بەهای خشتەیی کە گەیشتە (11.07)، لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، نمرەی ئازادی (5). لە خشتەی (4) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (4)**

**هاوتایی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ لە خێزاندا گرووپی ( ئەزمونی و کۆنتڕۆڵکراو ) بە بەکارهێنانی کای دووجا**

| گرووپ | ژمارە | ڕیزبەندی منداڵ لە خێزاندا | | | | | | نمرەی ئازاد | بەهای کای دووجا | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | یەک | دوو | سێ | چوار | پێنج | شەش | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 12 | 5 | 2 | 2 | 0 | 2 | 1 | 5 | 6.311 | 11.07 | بەڵگەدارنییە |
| کۆنترۆڵکراو | 12 | 4 | 2 | 3 | 3 | 0 | 0 | | | | |

3. هاوتایی بە پێی دەستکەوتی خوێندنی باوک:

بۆ بەدەستهێنانی هاوتایی لە گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی باوک توێژەر دوو ئاستی داناوە (خوێندەوار و نەخوێندەوار)، بە بەکارهێنانی (کای دووجا) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ زانینی جیاوازی نێوانیان، کە بەهای (کای دووجا) هەژمارکراو یەکسانە بە (1) کە کەمترە لە بەهای خشتەیی کە گەیشتە ( 3.84)، لەئاستی بەڵگەداری (0.05)،وە نمرەی ئازادی (1) ، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە ئەو دوو گروپە یەکسانن لە گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی باوک. لە خشتەی (5) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (5)**

**بەهای (کای دووجا ) بۆ دەرهێنانی هاوتایی گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی باوک**

| گروپ | ژمارە | دەستکەوتی خوێندن | | نمرەی ئازاد | بەهای کای دووجا | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخوێندەوار | خوێندەوار | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 12 | 3 | 9 | 1 | 1 | 3.84 | بەڵگەدارنییە |
| کۆنترۆڵکراو | 12 | 5 | 7 | | | | |

4. هاوتایی بە پێی دەستکەوتی خوێندنی دایک:

بۆ بەدەستهێنانی هاوتایی لە گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی دایک، توێژەر دوو ئاستی داناوە (خوێندەوار و نەخوێندەوار)، بە بەکارهێنانی (کای دووجا) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ زانینی جیاوازی نێوانیان، کە بەهای (کای دووجا) هەژمارکراو یەکسانە بە (1) کە کەمترە لە بەهای خشتەیی کە گەیشتە ( 3.84)، لەئاستی بەڵگەداری (0.05)، وە نمرەی ئازادی بریتییە لە (1) ،ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە ئەو دوو گروپە هاوتان لە گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی دایک. لە خشتەی (6) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (7)**

**بەهای (کای دووجا ) بۆ دەرهێنانی هاوتایی گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندنی دایک**

| گروپ | ژمارە | دەستکەوتی خوێندن | | نمرەی ئازاد | بەهای کای دووجا | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخوێندەوار | خوێندەوار | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 12 | 5 | 7 | 1 | 1 | 3.84 | بەڵگەدارنییە |
| کۆنترۆڵکراو | 12 | 3 | 9 | | | | |

5. هاوتایی لە گۆڕاوی پیشەی باوک :

بۆ دڵنیا بوونەوە لە هاوتایی لە هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە گۆڕاوی پیشەی باوک، توێژەر دابەشی کردووە بە سەر دوو پیشەدا (پێشمەرگە، کاسب) بە بەکارهێنانی (کای دووجا) بۆ زانینی جیاوازی نێوان گروپەکان، کە (بەهای کای دووجا) هەژمارکراو گەیشتە (1) کە کەمترە لە بەهای خشتەیی کە گەیشتە (3.84) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وە نمرەی ئازاد بریتییە لە (1) ،ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە ئەو دوو گروپە هاوتان لە گۆڕاوی پیشەی باوک. لە خشتەی (7)خراوەتەڕوو.

**خشتەی (7)**

**بەهای ( کای دووجا ) لە گۆڕاوی پیشەی باوک گروپی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو)**

| گروپ | ژمارە | پیشە | | نمرەی ئازاد | بەهای کای دووجا | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پێشمەرگە | کاسب | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 12 | 9 | 3 | 1 | 1 | 3.84 | بەڵگەدارنییە |
| کۆنترۆڵکراو | 12 | 7 | 5 | | | | |

6. هاوتایی لە گۆڕاوی پیشەی دایک:

بۆ دڵنیا بوونەوە لە هاوتایی لە هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە گۆڕاوی پیشەی دایک، توێژەر دابەشی کردووە بە سەر دوو گروپدا (ژنی ماڵ، فەرمانبەر) بە بەکارهێنانی (کای دووجا ) بۆ زانینی جیاوازی نێوان گروپەکان، کە (بەهای کای دووجا) هەژمارکراو گەیشتە (1) کە کەمترە لە بەهای خشتەیی کە گەیشتە (3.84) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)،وە نمرەی ئازاد بریتییە لە (1)، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە ئەو دوو گروپە هاوتان لە گۆڕاوی پیشەی دایک. لە خشتەی (8) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (8)**

**بەهای ( کای دووجا ) لە گۆڕاوی پیشەی دایک گروپی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو)**

| گروپ | ژمارە | پیشە | | نمرەی ئازاد | بەهای کای دووجا | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژنی ماڵ | فەرمانبەر | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 12 | 11 | 1 | 1 | 1 | 3.84 | بەڵگەدارنییە |
| کۆنترۆڵکراو | 12 | 11 | 1 | | | | |

**پێنجەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە :**

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە کە بریتییە لە زانینی کارامەیی پرۆگرامێکی ڕاهێنانی بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە تەمەن (5) ساڵ یەک پێوەری بەکارهێناوە کە بریتیە لە:

**پێوەری بەها ئابوورییەکان:**

توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی پێوەرێک بە پشت بەستن بە چەند پێوەرێکی زانستی و کتێب و توێژینەوە زانستییەکان، وەک (کاطع 2018، رمضان2010، جمعە 2020)، پێوەرەکە پێکهاتووە لە (30) بڕگە، سەرەتا توێژەر بوارەکانی دیاریکردووە کە پێکهاتبوون لە (شەش) بوار کە بریتین لە بوارەکانی (بەهای بەکارهێنانی ئاو، بەهای بەکارهێنانی خۆراک، بەهای بەکارهێنانی کارەبا، بەهای بەکارهێنانی کات، بەهای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، بەهای پاشەکەوتکردن) کە هەریەکە لە بوارەکانی (بەهای بەکارهێنانی ئاو، بەهای بەکارهێنانی کارەبا، بەهای پاشەکەوتکردن) توێژەر بڕگەکانی ئامادەکردووە بە سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو بە دەستکاریکردنێکی کەمەوە، بەڵام هەریەکە لە بوارەکانی (بەهای بەکارهێنانی خۆراک،بەهای بەکارهێنانی کات، بەهای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا) توێژەر ئامادەی کردووە و دایڕشتووە بە سوود بینین لە سەردانیکردنی باخچەکان و مامەڵکردنی بەردەوامی ڕۆژانە لە گەڵ منداڵدا کە بە پێویستی زانی ئەم (سێ) بوارەش زیاد بکات لە توێژینەوەکەیدا، لەسەرەتادا توێژەر بۆ هەریەکە لە بوارەکان (6) بڕگە و پرسیاری دانابوو کە بۆ هەر بڕگە و پرسیارێک جێگرەوەکانی بریتی بوون لە (بەڵێ، نەخێر)، پێدانی نمرەی (1، سفر) بۆ جێگرەوەکان، لە پاش گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە، بە گونجاوییان زانی بۆ هەر بوارێک (5) بڕگە و پرسیار دابنرێت کە دەگونجێت لەگەڵ ئاستی تەمەنی منداڵ، چونکە پێیوابوو منداڵ زوو بێزار دەبێت و توانای وەڵامدانەوەی پرسیاری زۆری نییە ، پێوەرەکە بە شێوەی سەرەتایی لە پاشکۆی (2) خراوەتەڕوو.

**ڕێکارەکانی پێوەری بەها ئابوورییەکان:**

## 1. ڕاستگۆیی:

مەبەست لە ڕاستی ئەوەیە ئەو پێوانەیەی ئامادەکراوە ئەو توانا و بابەتانە بپێوێت کە بۆی ئامادە کردووە، چونکە شارەزا سەرنجی ناوەڕۆکی بڕگەکانی پێوەرەکە دەدات بۆ ئەوەی بڕیار بدات تا چەند ڕاست و دروستن گوزارشت لەو خاسیەت و خەسڵەتانە دەکات کە بۆی ئامادە کراوە (قەرەچەتانی، 2018: 120_121).

چەند جۆر و ڕێگا و شێوازێک هەیە بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا ڕێگای ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بەکارهێناوە.

**ڕاستگۆیی ڕواڵەتی :**

ئەو جۆرە ڕاستیەیە کە پێوانەکە تا چەند لە ڕواڵەتدا بابەتەکە دەپێوێت، بۆ ئەم مەبەستە بڕگەکان پیشانی چەند کەسێکی شارەزای بوارەکە دەدرێت، بۆ ئەوەی ڕای خۆیان لەسەر تاک بە تاکی بڕگەکان دەرببڕن کە گونجاوە، یان نەگونجاوە (بۆکانی، 2016: 174).

توێژەر بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستی و دڵنیابوون لە ئاستی پێوەرەکە و گونجانی لەگەڵ ئاستی تەمەنی منداڵەکان و تا چەند بڕگەکان بەشێوەیەکی ورد و ئەکادیمی داڕێژراوە و لە توانایدا هەیە پێوانەی ئاستی منداڵەکان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر لە ڕێکەوتی (2022/9/7) هەستا بە دابەشکردنی فۆڕمی پێوەرەکە، کە پێکهاتبوو لە (30) بڕگە بەسەر (11) شارەزا لە بوارەکانی دەروونزانی و پەروەردە و ڕێگاکانی وانەووتنەوە، ناو و پسپۆڕی شارەزاکان لە پاشکۆی (3) خراوەتەڕوو.

داوای لە شارەزاکان کرد کە ڕاوو و بۆچوون و تێبینییە زانستییەکانی خۆیان لەسەر گونجاوی و نەگونجاوی پێوەرەکە بخەنەڕوو، پێوەرەکە بەشێوەی کۆتایی لە پاشکۆی (4) خراوەتەڕوو.

پاشان توێژەر لە ڕێکەوتی (2022/9/24) کۆتا فۆڕمی وەرگرتەوە، ڕێژەی سەدی بەکارهێنا بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەرەکە، توێژەر کۆدەنگی پسپۆڕ و شارەزاکانی بۆ ئاستی گونجاوی بوار و بڕگەکانی پێوەرەکە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (79.47%) ی کۆ دەنگی پسپۆڕ و شارەزاکان، دەرکەوت کە سەرجەم بڕگەکانی پێوەرەکە پەسەندن بەپێی بوارەکانی پێوەرەکە کە سەرجەم بڕگەکان مانەوە تەنها (7) بڕگە لە ڕووی داڕشتنی ڕێزمانی چاککران. لە پاشکۆی (5) خراوەتەڕوو.

**2. هێزی جیاکاری و هاوکۆلکەی ئاسانی و قورسی بڕگەکانی پێوەرەکە:**

مەبەست لە هێزی جیاکاری بریتییە لە توانای ئەو بڕگانە لە جیاکاری لە نێوان منداڵێکی لاواز و منداڵێکی زۆر باش دەکات ، ئەگەر هاوکۆلکەی جیاکاری زۆر بەرز بوو ئەوە مانای وایە تەنها منداڵە زۆر باشەکان دەتوانن وەڵامی دروست بدەنەوە ئەگەر هاوکۆلکەی جیاکاری نزم بوو بۆ بڕگەکان مانای وایە سەرجەم منداڵەکان دەتوانن وەڵامی دروست بدەنەوە (أحمد ، 2021: 93).

-توێژەر بۆ هێزی جیاکاری بڕگەکانی تاقیکردنەوەکەی بەسەر (100) منداڵی باخچەکانی قەزای حاجیاوادا دابەشکرد کە پێکهاتبوون لە (5) باخچە بە ناوەکانی باخچەی منداڵانی ( خونچە ، هەسێر ، چرا ، نێرگز ، لانە) کە لە هەر باخچەیەک توێژەر (20) منداڵی وەرگرتووە و تاقیکردنەوەی کردوون ، دوای وەڵامدانەوە و تۆمارکردنی وەڵامەکان توێژەر فۆڕمەکان ڕیز دەکات لە بەرزترینەوە بۆ نزمترین نمرە ، پاشان کۆمەڵەی نمرە بەرزەکان بە ڕێژەی (27%) کە ژمارەیان بریتی بوو لە (27) منداڵ و ، وە کۆمەڵەی نمرە نزمەکان بە ڕێژەی (27%) وەرگیرا کە ژمارەیان بریتی بوو لە (27) منداڵ ، وە دورخستنەوەی ئەو گروپەی کە ناوەند بوون.

-دۆزینەوەی ئاستی جیاکاری بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە لە ڕێگەی لێدەرکردنی ژمارەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیەی کە کەمترین نمرەیان بە دەستهێناوە کە وەڵامی ڕاستییان داوەتەوە (ن ن) لە

ژمارەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیەی کە بەرزترین نمرەیان بەدەستهێناوە کە وەڵامی ڕاستییان داوەتەوە ( ن ب ) وە دابەشکردنی ئەنجامەکە بەسەر سەرجەمی تاکەکانی هەردوو کۆمەڵەی (بەرز و نزم ) دەرکەوت کە بەهای بڕگەکانی جیاکاری لە نێوان (0.37 – 0.67) دا بوو، کەواتە دەتوانین بڵێین کە بڕگەکانی تاقیکردنەوەی وێنەیی بەها ئابوورییەکان توانای جیاکارییان هەیە لە نێوان منداڵەکاندا ، توێژەر بۆ دەرهێنانی هاوکۆلکەی جیاکاری ڕێگای کیلی بەکارهێناوە.لەخشتەی (9) خراوەتە ڕوو.

سەبارەت بە دیاریکردنی ئاستی قورسی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە ، توێژەر یاساکانی دۆزینەوەی هاوکۆلکەی قورسی بەکارهێناوە (کۆی وەڵامی هەڵە ÷ ژمارەی نمونە × 100) ، دەرکەوت ئاستی قورسی بڕگەکان لە نێوان (31_68) دایە کە ئەم ئەنجامەش تا ڕادەیەک گونجاوە لەگەڵ ئاستی تەمەنی منداڵەکان و دەتوانین بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە پەسەند بکەین .

وە دیاریکردنی ئاستی ئاسانی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە ، توێژەر یاساکانی دۆزینەوەی هاوکۆلکەی ئاسانی بەکارهێناوە ( کۆی وەڵامی ڕاست ÷ ژمارەی نمونە × 100) ، دەرکەوت کە ئاستی ئاسانی بڕگەکان لە نێوان (32_69) دایە کە ئەم ئەنجامەش تا ڕادەیەک گونجاوە لەگەڵ ئاستی تەمەنی منداڵەکان و دەتوانین بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە پەسەند بکەین. خشتەی (9) خراوەتەڕوو .

## خشتەی (9)

## هێزی جیاکاری و ئاسانی و قورسی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی وێنەیی بەها ئابوورییەکان

| ڕیزبەندی بڕگەکان | بوارەکانی تاقیکردنەوە | گروپە بەرز | گروپی نزم | هاوکۆلکەی ئاسانی | هاوکۆلکەی قورسی | هاوکۆلکەی جیاکاری | ئاستی بەڵگەداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەهای بەکارهێنانی ئاو | 24 | 11 | 65 | 35 | 0.48 | بەڵگەدارە |
| 2 | | 24 | 12 | 53 | 47 | 0.44 | بەڵگەدارە |
| 3 | | 24 | 8 | 57 | 43 | 0.59 | بەڵگەدارە |
| 4 | | 20 | 9 | 62 | 38 | 0.41 | بەڵگەدارە |
| 5 | | 23 | 9 | 60 | 40 | 0.52 | بەڵگەدارە |
| 6 | بەهای بەکارهێنانی خۆراک | 18 | 6 | 63 | 37 | 0.44 | بەڵگەدارە |
| 7 | | 26 | 12 | 55 | 45 | 0.52 | بەڵگەدارە |
| 8 | | 19 | 9 | 57 | 43 | 0.37 | بەڵگەدارە |
| 9 | | 22 | 11 | 42 | 58 | 0.41 | بەڵگەدارە |
| 10 | | 14 | 6 | 60 | 40 | 0.30 | بەڵگەدارە |
| 11 | بەهای بەکارهێنانی کارەبا | 21 | 7 | 67 | 33 | 0.52 | بەڵگەدارە |
| 12 | | 22 | 9 | 53 | 47 | 0.48 | بەڵگەدارە |
| 13 | | 26 | 15 | 63 | 37 | 0.41 | بەڵگەدارە |
| 14 | | 23 | 8 | 40 | 60 | 0.56 | بەڵگەدارە |
| 15 | | 26 | 14 | 32 | 68 | 0.44 | بەڵگەدارە |
| 16 | | 28 | 14 | 67 | 33 | 0.52 | بەڵگەدارە |
| 17 | | 26 | 13 | 68 | 32 | 0.48 | بەڵگەدارە |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 18 | بەهای بەکارهێنانی کات | 23 | 11 | 37 | 63 | 0.44 | بەڵگەدارە |
| 19 | | 26 | 11 | 42 | 58 | 0.56 | بەڵگەدارە |
| 20 | | 29 | 14 | 43 | 57 | 0.56 | بەڵگەدارە |
| 21 | بەهای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا | 27 | 12 | 57 | 43 | 0.56 | بەڵگەدارە |
| 22 | | 25 | 12 | 33 | 67 | 0.48 | بەڵگەدارە |
| 23 | | 29 | 11 | 35 | 65 | 0.67 | بەڵگەدارە |
| 24 | | 25 | 9 | 45 | 55 | 0.59 | بەڵگەدارە |
| 25 | | 26 | 11 | 45 | 55 | 0.56 | بەڵگەدارە |
| 26 | بەهای پاشەکەوتککردن | 20 | 7 | 65 | 35 | 0.48 | بەڵگەدارە |
| 27 | | 25 | 9 | 63 | 37 | 0.59 | بەڵگەدارە |
| 28 | | 24 | 10 | 69 | 31 | 0.52 | بەڵگەدارە |
| 29 | | 24 | 11 | 45 | 55 | 0.48 | بەڵگەدارە |
| 30 | | 25 | 11 | 65 | 35 | 0.52 | بەڵگەدارە |

### 3. جێگیری پێوەرەکە:

مەبەست لە جێگیری واتە وەرگرتنەوەی هەمان ئەنجام بە نزیکەیی لە ئامرازەکە، ئەگەر هاتوو ئەو پێوەرە لە سەر گرووپێک، یان کەسێک تاقیکردەوە، یان وەرگرتنەوەی هەمان ئەو ئەنجامانەی لە تاقیکردنەوەیەکی نزیک و هاوشێوەدا بێت بە هەمان ئامراز (عبدالكريم، 2022: 80).

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری پێوەرەکە یەک ڕێگای بەکارهێناوە کە بریتین لە (ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە).

**ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە :**

توێژەر لەم ڕێگایەدا بە مەبەستی دڵنیا بوون لە جێگیری تاقیکردنەوەکە هەستا بە وەرگرتنی (20) منداڵی باخچەی خونچە و تاقیکردنەوەیان، لەپاش (21) ڕۆژ لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی یەکەم، تاقیکردنەوەی هەمان ئەو منداڵانە کرایەوە. لەدوای دەرهێنانی ئەنجامەکان فۆڕمەکانی هەردوو تاقیکردنەوەکە، هاوکۆلکەی پەیوەندی (پێرسۆن) لە نێوانیان دەرهێندرا، کە ئەنجامەکەی بریتی بوو لە (0.87) کە ئەمەش ئەنجامێکی زۆرباشە بۆ جێگیری تاقیکردنەوەکە و تاقیکردنەوەی لەسەر نموونەی توێژینەوەکە.

### 4. دروستکردنی پرۆگرامی ڕاهێنان بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵی باخچە:

مەبەست لە چەمکی پرۆگرامەکە بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی و یاری و پراکتیزەکردن کە منداڵ لە ژێر چاودێری و ڕێنمایی توێژەر ئەنجامی بدات، بەو پێیەی کە ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئاستی کارامەیی پرۆگرامێکی ڕاهێنانیە بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ دروستکردنی پرۆگرامێکی ڕاهێنانی گونجاو بۆ ئاستی منداڵانی باخچە سەرەتا پێویستی بە دەستنیشانکردنی پێداویستی و هۆکارەکانی پرۆگرامەکەیە، توێژەر

بابەتەکانی بە پێی بوارەکانی تاقیکردنەوەکە و سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو دەستنیشان کرد کە بۆ هەر بوارێک دوو بابەت ئامادە کراوە. لە خشتەی (10) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (10)**

**دەستنیشانکردنی بابەتەکانی پڕۆگرامی ڕاهێنان**

| بوارەکانی بەها ئابوورییەکان | بابەتەکان |
|---|---|
| هۆشیاری بەکارهێنانی ئاو | 1. گرنگی ئاو لە ژیانماندا.<br>2. چۆنیەتی پاراستنی ئاو بۆ یارمەتیدانی زەوی. |
| هۆشیاری بەکارهێنانی خۆراک | 1. بەهای خۆراکەکان بزانە.<br>2. خۆراک بەفیڕۆ مەدە. |
| هۆشیاری بەکارهێنانی کارەبا | 1.کارەبا ژیانمان بەردەوام دەکات و پەرەی پێدەدات.<br>2. شانۆیی دادگاییکردنی مرۆڤ لەسەر زیاد بەکارهێنانی کارەبا. |
| هۆشیاری بەکارهێنانی کات | 1. کات بە نرخە.<br>2. کاتە بەتاڵەکانم بەیاری بەسەر دەبەم. |
| هۆشیاری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا | 1.گرنگی تەکنەلۆژیا لە ئاسانکردنی کارەکاندا.<br>2. دییە چاوی سووربۆتەوة. |
| پاشەکەوتکردن | 1. بە پاشەکەوتککردنی پارە کاتی خۆش بەسەر دەبەین.<br>2. دەخیلەی بیرۆکەکان. |

**هەنگاوەکانی داڕشتنی پرۆگرامەکە :**

توێژەر بە سوود بینین لە توێژینەوەی ( محمود، 2014) ، ( ابراهیم، 2018) ، (کاطع ، 2018) چەند پرۆگرامێکی ڕاهێنانی پرۆگرامەکەی ئامادە کرد ، وە دیاریکردنی بابەتەکان و ئامانجەکان و کەرەستەکانی پرۆگرامەکە کە گونجاوە بۆ منداڵانی باخچە کە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

**أ.دیاریکردنی ئامانجی پرۆگرامەکە:**

_ ئامانجی گشتی: ئەو ئامانجانەن کە لەلایەن توێژەرەوە دانراوە لە پرۆگرامەکەدا بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە تەمەن (5) ساڵ و زیاد کردنی زانیاری منداڵ و سوود بینینی منداڵ لە ژیانی داهاتوویدا.

_ ئامانجی ڕەفتاری:

1. بەشداری کردنی منداڵ لە دانیشتنەکاندا.
2. دیاریکردنی کاتی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە.
3. بەدەستهێنانی منداڵ بۆ وەرگرتنی بەها ئابوورییەکان و جێبەجێ کردنی لە ژیانی ڕاستەقینەدا لە کات و بارودۆخی جیاوازدا.

**ب. شێوازی ڕاهێنانەکان :**

لەهەر دانیشتنێکدا چەند شێواز و ستراتیژییەک بەکارهاتووە بە پێی ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک کە پێکهاتوون لە ستراتیژییەکانی ( فێربوونی هەرەوەزی ، گفتوگۆ ، ڕۆڵبینین، چارەسەر کردنی کێشەکان ، بیرپژان ، فێربوون بە دۆزینەوە ، فێربوون بە یاری ، گێڕانەوەی چیرۆک).

**ج. وەسفی پرۆگرامەکە :**

پرۆگرامە پێکهاتووە لە (14) دانیشتن ، لە هەفتەیەکدا (2) دانیشتن جێبەجێکراوە و هەر دانیشتنێک ماوەی (30) خولەکی خایاندووە.

**د.هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکە :**

لە پرۆگرامی ڕاهێناندا پێویستە توێژەر هەڵسەنگاندن بکات تا بزانێت ڕادەی فێربوون و تێگەیشتن و فێربوونی فێرخوازەکان لە چ ئاستێکدا یە، کە ئەویش سێ جۆر هەڵسەنگاندن دەگرێتەوە کە ئەمانەن:

**هەڵسەنگاندنی پێشەکی** : بە تاقیکردنەوەی فێرخوازەکان لەسەر تاقیکردنەوەی وێنەیی بەها ئابوورییەکان پێش جێبەجێ کردنی پرۆگرامەکە، وە هەڵسەنگاندن بۆ فێرخوازەکان پێش دەستپێکردنی هەر دانیشتنێک.

**هەڵسەنگاندنی پێکهاتەیی:** هەڵسەنگاندنی هەر چالاکییەک لە کاتی جێبەجێ کردنی پرۆگرامەکەدا.

**هەڵسەنگاندنی کۆتایی:** لە کۆتایی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکەدا دووبارە تاقیکردنەوەی پێوەری وێنەیی بەها ئابوورییەکان دەکرێت.

**ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پرۆگرامەکە :**

مەبەست لەوەیە کۆمەڵێک لە پسپۆڕان و شارەزایانی بوارەکە هەڵسەنگاندن بۆ پرۆگرامەکە دەکەن تاوەکو بڕیار لەسەر گونجاوی و نەگونجاوی ڕاهێنان و ئامانج و چالاکییەکانی پرۆگرامەکە دەدەن کە تا چەند لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتی دانیشتنەکان یەکدەگرێتەوە و گونجاوە.

توێژەر پرۆگرامەکەی لەگەڵ پێوەرەکەدا هاوپێچ کرد و بەسەر (11) لە شارەزاکان لە بواری (پەروەردە و دەروونناسی و ڕێگاکانی وانەووتنەوە) دابەش کرد تا ڕای شارەزاکان وەربگرێت

سەبارەت بە کۆ دەنگی پسپۆڕانی بوارەکە لە بارەی گونجاوی ڕاهێنانەکان لەگەڵ بابەتی دانیشتنەکان. پاشکۆی (6) خراوەتەڕوو.

پاشان توێژەر وەڵامی شارەزاکانی وەرگرتەوە و توێژەر (ڕێژەی سەددی ) بەکارهێنا بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی پرۆگرامەکەی ، بە کۆدەنگی شارەزاکان ڕاستگۆیی بۆ پرۆگرامەکە دەرکرد کە گەیشتە (100%) واتە هەموو شارەزاکان کۆ دەنگ بوون لەسەر پرۆگرامەکە ، ئەمەش واتای ڕاستگۆیی پرۆگرامەکە دەگەیەنێت .

**جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە :**

دوای ئەنجامدانی ڕێکارییەکان و دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگیری بۆ پێوەرەکە و دەرهێنانی ڕاستگۆیی بۆ پرۆگرامەکە و، دیاریکردنی ئەو باخچەیەی کە پرۆگرامەکەی تێدا جێبەجێدەکرێت، پاش دیاریکردنی نمونەکە و دیزاینی ئەزمونی و دیاریکردنی کەرەستە و ئامرازی پێویست بۆ چالاکی و ڕاهێنانەکان، توێژەر هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1. توێژەر داوای لە بەڕێوەبەری باخچەکە کرد کە پێویستی بە دوو گروپە کە هەر گروپێک پێویستە (12) منداڵ بێت، گروپی ( ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو ) کە پێویستە هەر گروپە و بە جیا لە پۆلێک بێت هەر گروپێک پێکهاتبێت لە (6 کوڕ و 6 کچ).

2. توێژەر ڕۆژێک پێش دەسپێکردنی پرۆگرامەکە تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ هەردوو گروپ ئەنجامدا (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو).

3. توێژەر هەوڵیدا ژوورێک بەکاربهێنێت کە داتاشۆوی تێدا بێت هەروەها گونجاو بێت لەگەڵ دانیشتنەکان و ڕاهێنانەکان، ژووری هەنگ بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژێردرا چونکە داتاشۆوی تێدا بوو وە گەورەش بوو گونجاو بوو بۆ ڕاهێنانەکان، وە جگە لەوەی کە هەندێ کات هۆڵی شانۆ و باخچەی باخچەکە بەکاردەهات بۆ چالاکییەکان.

4. توێژەر (2022/10/15) تاقیکردنەوەی پێشەکی ئەنجامدا.

5. توێژەر (2022/10/16) یەکەم دانیشتنی ئەنجامدا کە بریتی بوو لە دانیشتنی یەکتر ناسین کە توێژەر خۆی بە منداڵەکان ناساند و وە زانینی ناوی منداڵەکان ، توێژەر لە هەمان ڕۆژدا هەردوو گروپی دەبینی بەڵام گروپی کۆنترۆڵکراو تەنها بابەتەکەیان بە (شێوازی ئاسایی پێدەوترا و ڕاهێنانەکانیان پێنەدەکرا.

6. توێژەر کۆتا دانیشتنی لە (2022/12/1) کرد.

7. توێژەر لە (2022/12/3) تاقیکردنەوەی پاشەکی ئەنجامدا.

**شەشەم: ئامرازە ئامارییەکان:**

**1. تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ (Independent Sample T_test)**

بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی و گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو .

$$\text{ت}_{(\text{ن}_1 + \text{ن}_2 - 2)} = \frac{\bar{\text{س}}_1 - \bar{\text{س}}_2}{\sqrt{\dfrac{(\text{ن}_1 - \text{ن}_2)\text{ع}_1^2 + (\text{ن}_2 - 1)\text{ع}_2^2}{\text{ن}_1 + \text{ن}_2 - 2}} \times \left(\dfrac{1}{\text{ن}_1} + \dfrac{1}{\text{ن}_2}\right)}$$

**2. تاقیکردنەوەی (مربع كاي) (Chi –Squared test)**

بۆ دۆزینەوەی هاوتایی نێوان گروپەکان لە ڕووی گۆڕاوی (ڕیزبەندی منداڵ لە خێزاندا ، دەستکەوتی خوێندنی دایک و باوک ، پیشەی دایک و باوک).

$$\chi^2 = \sum \frac{(O - E)^2}{E}$$

### 3. هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Pearson)

بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەرەکە بە ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە و نیوەکردن.

$$\text{ر س ص} = \frac{\sqrt{\text{ن} \times \text{مج (س} \times \text{ص)} - (\text{مج س} \times \text{مج ص})}}{\sqrt{(\text{ن} \times \text{مج (س}^{٢}) - (\text{مج س})^{٢}) \times (\text{ن} \times \text{مج (ص}^{٢}) - (\text{مج ص})^{٢})}}$$

### 4. هاوکۆلکەی ئاسانی و گرانی (معامل السهولة_ معامل الصعوبة)

بە مەبەستی دۆزینەوەی ئاستی گرانی و ئاسانی بڕگەکانی پێوەری بەها ئابورییەکان.

$$\text{هاوکۆلکەی ئاسانی} = \frac{\text{ژمارەی نمرە ڕاستەکانی هەردوو گرووپەکە}}{\text{کۆی ژمارەی خوێندکاران}}$$

### 5. هاوکۆلکەی جیاکاری (معامل التمییز)

بە مەبەستی دیاریکردنی ئاستی جیاکاری بڕگەکانی پێوەرەکە.

$$\frac{\text{س} - \text{ص}}{\frac{١}{٢}\ \text{ن}}$$

### 6.هاوکۆلکەی ئاماری (کۆهن):

بەمەبەستی دیاریکردنی قەبارەی کاریگەری گروپی ئەزمونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی.

$$\text{قەبارەی کاریگەری} = \sqrt{\frac{\text{ت ٢ (١- ر)}}{\text{ن}}}$$

# بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان

دەرئەنجامەکان

ڕاسپاردەکان

پێشنیارەکان

# بەشی چوارەم

## ( خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان )

ئەم بەشە تایبەتە بە شیکردنەوەی داتاکان و خستنەڕووی ئەنجامەکان بە گوێرەی ڕیزبەندی ئامانجەکان و گریمانەکانی توێژینەوەکە کە لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا دیاری کراوە ، وە ڕاڤەکردنی دەرئەنجامەکان ، لە کۆتاییدا دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان خراوەتەڕوو.

**1. خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی یەکەم:**

گریمانەی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە : (جیاوازی ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) لەنێوان نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە سەر پێوەری بەها ئابوورییەکان لە تاقیکردنەوەی پێشەکی).

بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی ئەم گریمانەیە توێژەر تاقیکردنەوەی (T) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ بەکارهێناوە (Independent Samples T.test) لە خشتەی (11) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (11)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی دوو نمونە (Independent Samples T.test) بۆ نمرەکانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بەها ئابوورییەکان**

| گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | پلەی ئازاد | بەهای ت - هەژمارکراو | بەهای ت - خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | 12 | 13.2500 | 3.74469 | 20 | 0.126 | 0.90 | بەڵگەدارنییە |
| کۆنترۆڵکراو | 12 | 13.4167 | 2.64432 | | | | |

وەک لە خشتەی (11) دەردەکەوێت کە بەهای (T) هەژمارکراو یەکسانە بە (0.126) وە بەهای خشتەیی یەکسانە بە (0.90) ، وە پلەی ئازادی بریتییە لە (20) ، لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)،

لەبەر ئەوە بەهای (T) هەژمارکراو بچوکترە لە بەهای خشتەیی ، وە ناوەندی ژمێرەیی هەردوو گروپی( ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) یەکسانن، دەردەکەوێت کە جیاوازی نییە لە نێوان نمرەکانی گروپی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو ) لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بەها ئابورییەکان.

ئەم ئەنجامەش هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (کاطع ،2018) کە لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بەها ئابورییەکان ئاستییان نزم بووە.

توێژەر ئەم دەرئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە منداڵی باخچە گرنگی بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەدات، دیارترینیان یاریکردن و خود سەنتەرییە ، وە سەبارەت بە بابەتی ئابووری و بەها ئابوورییەکان گرنگی پێنادات ئەمەش بەندە بە ڕۆشنبیری خێزانی ئەو منداڵانەی تاقیکردنەوەیان کراوە، هەروەها بەکارنەهێنانی ووشەی (بەهای ئابووری ) لەلای منداڵ، وە لەوانەش گرنگتر جێبەجێنەکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانە کە لەوانەیە کاریگەری هەبێت یاخود نەبێت، کەواتە بە پێی ئەو ئەنجامەی پێیگەیشتووین ئەم گریمانەیە پەسەند دەکرێت.

### 2. خستەڕووی ئەنجامی گریمانەی دووەم:

گریمانەی دووەمی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە : (جیاوازی ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) لە نێوان نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لەسەر پێوەری بەها ئابوورییەکان لە تاقیکردنەوەی پاشەکی).

بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی ئەم گریمانەیە توێژەر تاقیکردنەوەی (T) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ بەکارهێناوە (Independent Samples T.test) لە خشتەی (12) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (12)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی دوو نمونە (Independent Samples T.test) بۆ نمرەکانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بەها ئابوورییەکان**

| گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | پلەی ئازاد | بەهای ت | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزمونی | 12 | 26.6667 | 1.49747 | 20 | 16.781 | 0.00 | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | 12 | 13.3333 | 2.30940 | | | | |

وەک لە خشتەی (12) دەردەکەوێت کە بەهای (T) هەژمارکراو یەکسانە بە (16.781) وە بەهای خشتەیی یەکسانە بە (0.00) ، وە پلەی ئازادی بریتی یە لە (20) ، لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) ، لەبەرئەوەی بەهای (T) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەیی ، وە جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی گروپی (گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بەها ئابورییەکان ، دوای ئەوەی کە گروپی (ئەزمونی) پرۆگرامەکەی لەسەر جێبەجێکرا وە گروپی (کۆنترۆڵکراو) یش بۆ شێوازی ئاسایی بە جێهێڵدرا بۆیە دەرکەوت کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی (پێشەکی و پاشەکی ) لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونی.

ئەم دەرئەنجامەش پێچەوانەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (فراج ،2019) ، (رمضان، ،2018) ، (منسي واخرون ، 2020) ، (شرف، 2017) ، (ابراهيم، 2018).

ئەم ئەنجامەش لەگەڵ بۆچوونی (پیاجێ) دا هاوتەریبە کە جەخت لەسەر دوو پرۆسەی تەواوکاری گەشەکردنی مەعریفی منداڵ دەکاتەوە کە ئەوانیش (مژین و خۆگونجاندنن) کە بەرپرسیارە لە ناساندنی ژینگە و توخمەکانی بۆ ناو نەخشەی ڕەفتاری ئێستای تاک وەک

خۆی، وە گۆڕین و ڕێکخستنەوەی نەخشەی مەعریفی تاک بۆ گونجاندنی لەگەڵ پێداویستییەکانی ژینگەی دەرەکیدا.

لێکدانەوەی توێژەر بۆ ئەم دەرئەنجامە ئەوەیە کە پێشکەشکردنی کارامەیی بەها ئابوورییەکان بۆ گروپی ئەزمونی کە لەڕێگەی پڕۆگرامەکەوە ئەنجامدرا کە هاندان و پاداشتی باش و فیدباک گرنگی خۆی هەبوو لە پەرەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی گروپی (ئەزمونی)، کە ئەمەش پشتڕاستی دەکاتەوە کە ڕاهێنان و چالاکی یارمەتیدەر بۆ چڕکردنەوەی سەرنجی منداڵان لەکاتی جێبەجێکردنی پڕۆگرامەکەدا، واتە بە پێی ئەو ئەنجامە ئەم گریمانەیە ڕەتدەکرێتەوە.

### 3. خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی سێیەم:

گریمانەی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە : (جیاوازی ئاماری نییە لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) لە نمرەکانی گروپی ئەزموونی لە سەر پێوەری بەها ئابوورییەکان لە تاقیکردنەوەی پێشەکی  و پاشەکی ).

بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی ئەم گریمانەیە توێژەر تاقیکردنەوەی (T) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ بەکارهێناوە (Independent Samples T.test) لە خشتەی (13) خراوەتەڕوو.

## خشتەی (13)

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی دوو نمونە (Independent Samples T.test) بۆ نمرەکانی گروپی ئەزمونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بەها ئابوورییەکان**

| گروپی ئەزمونی | ژمارە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | پلەی ئازاد | بەهای ت | | نرخی کۆهن | قەبارەی کاریگەری | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | | |
| پێشەکی | 12 | 13.2500 | 3.74469 | 23 | 11.524 | 2.69 | 4.70 | بەهێزە | بەڵگەدارە |
| پاشەکی | 12 | 26.6667 | 1.49747 | | | | | | |

وەک لە خشتەی (13) دەردەکەوێت کە بەهای (T) هەژمارکراو یەکسانە بە (11.524) وە بەهای خشتەیی یەکسانە بە (2.69) وە پلەی ئازادی بریتیە لە (23) ، وە لەئاستی بەڵگەداری (0.05) ، لەبەرئەوەی بەهای (T) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەیی وە جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو هەیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی گروپی (ئەزمونی) لە تاقیکردنەوەی (پێشەکی و پاشەکی ) بەها ئابورییەکان دوای جێبەجێ کردنی پرۆگرامەکە لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی (پاشەکی).

وەک لە سەرەوە دەردەکەوێت کە نرخی (کۆهن) بریتییە لە (4.70) کە ئەمەش قەبارەیەکی بەهێزە ، بە پێی ڕاڤەی کۆهن ئەگەر قەبارەی کاریگەرییەکە لە نێوان (0_0.20) بوو ئەوە کاریگەرییەکەی بێهێزە ، وە ئەگەر کاریگەرییەکەی (0.20_0.50) بوو ئەوا مامناوەندە، بەڵام ئەگەر (0.50) بەرەو سەرەوە بوو ئەوا کاریگەرییەکەی بەهێزە.

ئەم دەرئەنجامەش هاوتایە لەگەڵ تویژینەوەی (کاطع،2018)، (جمعە،2020) کە لە تاقیکردنەوەی پاشەکیدا ئاستی بەها ئابورییەکان بەرز بووە.

ئەم دەرئەنجامەش کە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە پڕۆگرامەکە کاریگەری باشی هەبووە لەسەر ئەو گروپەی پڕۆگرامەکەی لەسەر جێبەجێکراوە کە گروپی (ئەزمونییە) و بەها ئابوورییەکان لای منداڵ پەرەی پێدراوە، ئەم ئەنجامەش بە پێی بۆچوونی (پیاجێ )یە کە تیۆری کارلێک کردنە کە منداڵی باخچە وەک بوونەوەرێکی زیندوو دەبینێت کە بەردەوام لەگەڵ ئەوانی تردا کارلێک دەکات وە ئەم کارلێکە بەردەوام و دینامیکییە ئاسانکاری بۆ پەروەردەکار دەکات بۆ چاندنی ئەو بەهایانەی کە دەبێت پەرەپێبدرێت لە منداڵدا، واتە بە پێی ئەو ئەنجامەی کە پێیگەیشتووین ئەم گریمانەیە ڕەتدەکرێتەوە.

**4. خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی چوارەم:**

گریمانەی چوارەمی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە : (جیاوازی ئاماری نییە لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05) لە نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو لەسەر پێوەری بەها ئابوورییەکان لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی).

بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی ئەم گریمانەیە توێژەر تاقیکردنەوەی (T) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ بەکارهێناوە (Independent Samples T.test) لە خشتەی (14) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (14)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی دوو نمونە (Independent Samples T.test) بۆ نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بەها ئابوورییەکان**

| گروپی کۆنترۆڵکراو | ژمارە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | پلەی ئازاد | بەهای ت | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| پێشەکی | 12 | 13.4167 | 2.64432 | 22 | 0.08 | 0.93 | بەڵگەدارنییە |
| پاشەکی | 12 | 13.3333 | 2.30940 | | | | |

وەک لە خشتەی (14) دەردەکەوێت کە بەهای (T) هەژمارکراو یەکسانە بە (0.08) وە بەهای خشتەیی یەکسانە بە (0.93) وە پلەی ئازادی بریتیە لە (22) ، لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) ، لەبەر ئەوەی بەهای (T) هەژمارکراو بچوکترە لە بەهای خشتەیی ، بۆیە لەم خشتەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەکانی (پێشەکی و پاشەکی ) گروپی کۆنترۆڵدا نییە چونکە پرۆگرامەکەیان لەسەر جێبەجێنەکراوە.

ئەم دەرئەنجامەش هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەی (توفیق ،2018) کە لە تاقیکردنەوە (پێشەکی و پاشەکی ) دا ئاستیان نزم بووە.

بە پێی ئەو ئەنجامەی کە پێیگەیشتووین کە گروپی کۆنترۆڵکراو پرۆگرامەکەی لەسەر جێبەجێنەکراوە بۆیە توێژەر ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە سروشتی ئەو پرۆگرامەی کە لە باخچەی منداڵان دەخوێندرێت و توێژەر بە گروپی کۆنترۆڵکراوی خوێندووە لەسەر بنەمای خستنەڕووی چالاکی و ڕاهێنان و هاندانی ووروژێنەر نەبووە بۆ منداڵەکان بەڵکو لەسەر شێوازی ئاسایی (نەریتخوازی) بووە ، واتە کاتێک منداڵ بەشداریکی چالاکانەی نەبێت و سەنتەری پرۆسەی فێربوون نەبێت ، ئەوا بەم شێوەیە منداڵ ناتوانێت لە زانیاری زانستی تێبگات و پەرەیپێبدات لەگەڵ پێشکەش کردنی پرۆگرامێکی باشی ڕاهێناندا ، کە ئەمەش لەلایەن بۆچوونی (اوزوبل) پشتڕاستکرایەوە کە ئاماژە بە گرنگی ئەو ئامڕازە پەروەردەییانە دەکات کە پەروەردەکار بۆ منداڵی دابین دەکات بۆ ئەوەی ئەو بەهایانە لە منداڵدا بچێنرێت و بۆ فێربوونی مانادار بەکاریان بهێنێت، واتە بە پێی ئەو ئەنجامەی کە پێیگەیشتووین ئەم گریمانەیە پەسەند دەکرێت.

**دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە :**

توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1. ئاستی منداڵانی باخچە سەبارەت بە زانیاری دەربارەی بەها ئابوورییەکان لە ئاستێکی لاوازدایە.

2. تاقیکردنەوەی پاشەکی بەها ئابوورییەکان دەرخەری ئەو ڕاستییە کە پڕۆگرامەکە کاریگەری هەبووە لەسەر گرووپی ئەزمونی.

3. پڕۆگرامی ڕاهێنان پڕۆگرامێکی سەرنجڕاکێشە و کاریگەری هەبووە بە شێوەیەکی ئەرێنی بەهۆی بوونی چەندەها (چیرۆک و چالاکی و ڕاهێنان و یاری) کە ئەمانەش خۆشەویستن لەلای منداڵی ئاستی قۆناغی باخچە.

4. توێژەر گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە منداڵی باخچە توانای فێربوون و وەرگرتنی بەهێزە ئەگەر پڕۆگرامی باش و پڕ و زانیاری و چالاکی تێدا بێت بۆ منداڵ.

**ڕاسپاردەکان:**

لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان ، توێژەر چەند ڕاسپاردەیەک دەخاتە ڕوو ، کە ئەمانەن:

1. ئومێد دەکەم وەزارەتی پەروەردە سوود ببینێت لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەی ئێستا کاری پێبکات و پڕۆگرامی ڕاهێنان لە سەر ستراتیژییای فێربوونی چالاک بخاتە ناو پڕۆگرامی باخچەکانەوە ، تا ببێتە هۆکارێک بۆ بەهێزکردنی توانا و لێهاتووییەکانی منداڵ و زانینی منداڵ بۆ گرنگی بەها ئابوورییەکان و جێبەجێکردنی لە ژیانی ڕاستەقینەدا کە گرنگە بۆ بنیادنانی نەوەیەکی تەندروست بۆ داهاتووی خۆی و خێزان و وولاتەکەی.

2. کردنەوەی خولی فێرکاری بۆ مامۆستایانی باخچە لەبارەی پڕۆگرامە چالاکەکانەوە لەهەر جۆرێک بێت (ڕاهێنانی ، فێرکاری ، هتد...) کە بە شێوازێک بێک چالاک بێت و بەدوور بێت لە شێوازی (نەریتخوازی) ، کە بتوانێت گرنگی بەکارهێنانی شتەکانی چواردەوری منداڵ ڕوونبکاتەوە ، تا منداڵ لە ڕێیەوە بەها و گرنگی ئەو شتانە بزانێت کە بەکاریاندەهێت وە پاراستنی ماڵ و سامانی گشتی.

3. باخچەکان سوود ببینن لە ئەنجامی توێژینەوەی ئێستا لە زیاد کردنی چالاکی لە ناو باخچەکاندا نەک تەنها منداڵ لەسەر کورسییەک دابنرێت ، چونکە فێربوونی چالاکانە هۆکارە بۆ فێربوونی زیاتر و زۆرتر.

**پێشنیارەکان:**

توێژەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان پێشنیازی ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی توێژینەوەکەی دەکات وەک:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە قۆناغەکانی دیکەی خوێندن.

2. کاریگەری پرۆگرامی ڕاهێنانی لەسەر ستراتیژییای فێربوونی چالاک بۆ زانینی منداڵ دەربارەی گرنگی ژینگە.

3. کاریگەری فیلمی فێرکاری بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە.

4. ئەنجامدانی توێژینەوی هاوشێوە لە باخچە ناحکومییەکان بۆ بەراورد کردنی ئەنجامەکەی بە باخچە حکومییەکان.

5. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە بۆ جۆرەکانی دیکەی بەهاکان(ئاکاری، جوانی، زانستی).

# <u>لیستی سەرچاوەکان</u>

<u>سەرچاوەکان بە زمانی کوردی :</u>


- أحمد ، خەرمان عثمان ، (2021) ، **کاریگەری فیلمی فێرکاری لە پەرەپێدانی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی باخچە** ، توێژینەوەی ماستەر بڵاوکراوە ، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی سلێمانی.
- بۆکانی ، سابیر بەکر ، (2016) ، **میتۆدی توێژینەوەی زانستی** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی.
- بۆکانی ، سابیر بەکر ، (2020) ، **میتۆدی توێژینەوەی زانستی** ، چاپی دووەم ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی.
- بۆکانی ، سابیر بەکر، (2020) ، **ئینسایکلۆپیدییای زانستە دەروونییەکان** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی.
- عبدالکریم ، هەرێم محمد ، (2022) ، **کاریگەری بەرنامەیەکی ڕاهێنانی پێشنیازکراو بۆ گەشەپێدانی گونجانی دەرونی و کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان** ، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە ، "کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ، زانکۆی سلێمانی.
- عەزیز ، کەریم ئەحمەد ، (2014 ) ، **بنەما گشتییەکانی ڕێگاکانی وانەووتنەوە** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی نارین ، هەولێر.
- قادر ، رەمەزان حمەدەمین ، (2020) ، **دەروونزانی پەروەردە و گەشە** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی سایە ، سلێمانی.
- قەرەچەتانی ، کەریم شەریف ، (2018) ، **پێوانە و هەڵسەنگاندن لە بواری پەروەردە و دەرونزانی** ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تهران ، ئێران .

## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:


- ابراهيم ، هبة حسن حسن ، (2018) ، **فعالية برنامج قائم على استراتيجية خرائط المفاهيم في اكتساب طفل الروضة بعض المفاهيم الأقتصادية ، كلية رياض الأطفال** ، ادارة البحوث والنشر العلمي (المجلة العلمية) ، جامعة أسيوط.
- ابن ياسين ، ثناء محمد و احمد ، ( 2013) ، **استراتيجيات التعلم النشط وتنمية عمليات العلم ، : الأهمية والمعوقات من وجهة نظر معلمات العلوم** ، بحوث ومقالات ، دراسات تجريبية في التربية وعلم النفس – السعودية ، مجلد ع44 ، ج2.
- أبو زيد ، سالم عطية ، (2013) ، **الوجيز في أساليب التدريس** ، ط1 ، دار جرير للنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن.
- أبو شمس ، منال خيري ، (2016) ، **أثر استخدام استراتيجية حل المشكلات في تنمية الأمن الفكري لدى طلبة الصف العاشر الأساسي في محافظة طولكرم** ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية الدراسات العليا ، جامعة النجاح الوطنية.
- أبو غزال ، معاوية محمود ، (2015) ، **علم النفس العام** ، ط2 ، دار وائل للنشر و التوزيع ، عمان ، الأردن.
- أبو يزيد ، (2012) ، **التخطيط للمحاضن التربوية (دليل العلمي)** ، ن1.
- أبوجلغيف ، محمود ابراهيم احمد ، (2007) ، **أثر استخدام كل من التعلم التعاوني والعصف الذهني في تنمية التفكير الابداعي والاحتفاظ بمهاراته من خلال تدريس مفاهيم السيرة النبوية لطلبة المرحلة الأساسية في الأردن** ، اطروحة دكتورا منشورة ، جامعة عمان العربية للدراسات العليا.
- أبورزق ، ابتهال محمود و الوائلي ، سعاد عبدالكريم ، (2020) ، **أثر استراتيجية السرد القصصي في تحسين مهارات التحدث لدى طلبة الصف الرابع الابتدائي في دولة الامارات العربية المتحدة** ، جامعة العين.

- أبوهدروس ، ياسرة محمد ايوب و الفرا ، معمر ارحيم ، (2011) ، **أثر استخدام بعض استراتيجيات التعلم النشط على مستوى دافعية الانجاز والثقة بالنفس والتحصيل الدراسي لدى التلاميذ بطيئي للتعلم** ، مجلة جامعة الأزهر بغزة ، سلسلة العلوم الانسانية ، المجلد 13 ، العدد 1 .
- **أثر استراتيجية التعلم التعاوني في تنمية مستوى التحصيل ومهارات التفكير الناقد لدى عينة من طلاب كلية التربية بمحافظة عفيف في المملكة العربية السعودية** ، مجلة كلية التربية ، جامعة الأزهر ، العدد : (170 الجزء الثالث).
- احمد ، نرمين عوني محمد ، (2008) ، **استخدام بعض استراتيجيات التعلم النشط وتأثيره على تنمية مهارات التفكير الجماعي لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية** ، اطروحة دكتوراه غير منشورة ، كلية التربية ، جامعة الاسكندرية.
- الأزهر ، رشا رزق ، (2015) ، **فاعلية برنامج تدريبي في اكساب مهارات التدريس بطريقة التعلم التعاوني** ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية التربية ، جامعة تشرين.
- الأسطل ، محمد زياد، (2010) ، **أثر تطبيق استراتيجتين للتعلم النشط في تحصيل طلاب الصف التاسع في مادة التأريخ وفي تنمية تفكيرهم الناقد** ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية العلوم التربوية ، جامعة شرق الأوسط.
- أسعد ، فرح ، (2017) ، **استراتيجيات التعلم النشط** ، دار ابن النفيس للنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن.
- الأغا ، مراد هارون سليمان ، (2009) ، **أثر استخدام استراتيجية العصف الذهني ، في تنمية بعض مهارات التفكير الرياضي في جانبي الدماغ لدى طلاب الصف الحادي عشر** ، رسالة ماجستير منشورة ، الجامعة الاسلامية –غزة.
- آل غيهب ، حصه عبداللطيف ، (2019) ، **ممارسات معلمات رياض الأطفال في اكساب الثقافة الغذائية لطفل الروضة أثناء فترة الوجبة** ، مجلة العلوم التربوية و النفسية ، العدد الرابع – المجلد الثالث.

- برقان ، فدوى سالم ، (2009) ، **أثر استراتيجية لعب الدور في التحصيل والتفكير الاستقرائي لدى طلبة الصف الثالث الأساسي في مبحث التربية الاجتماعية والوطنية بمدارس مدينة عمان الخاصة** ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية العلوم التربوية ، جامعة الشرق الأوسط للدراسات العليا.
- بكري ، سهام عبدالمنعم ، (2015) ، **التعلم النشط** ، ط1 ، دار الكتب ، القاهرة.
- بنى فواز ، سامر محمود عبدالرحمن ، (2019) ، **أثر استخدام استراتيجية العصف الذهني على التحصيل الدراسي لطلبة الصف العاشر الأساسي في مدرسة عنجرة الثانوية الشاملة للبنين في محافظة عجلون** ، كلية التربية النوعية ، جامعة المنيا.
- التركاوي، كيندة حامد، (2010)، **التربية الاقتصادية في الاسلام واهميتها للنشئ الجديد**، رسالة ماجستير منشورة، مركز ابحاث فقه المعاملات الاسلامية، دار احياء للنشر الرقمي.
- توفيق ، مروة الحسينى محمد ، (2018) ، **توظيف الأنشطة التعبيرية في تنمية بعض المفاهيم الأقتصادية لدى طفل الروضة في ضوء متطلبات العصر** ، مجلة الطفولة ، العدد التاسع والعشرون.
- جابر ، وليد أحمد ، (2005) ، **طرق التدريس العامة ، تخطيطها وتطبيقاتها التربوية** ، ط2 ، دار الفكر ناشرون و موزعون، عمان ، الأردن.
- الجابري ، نهيل ، ( 2011) ، **طفل الروضة في عصر التكنلوجيا المعلومات** ، جامعة البترا.
- جمعه ، فايزة احمد محمد ، (2020) ، **فعالية برنامج قائم على التعلم النشط لتنمية بعض القيم الأقتصادية لدى طفل الروضة** ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية التربية ، جامعة مدينة السادات.
- الجمل ، سمية حلمي محمد ، (2017) ، **فاعلية برنامج تدريبي مقترح قائم على استراتيجيات التعلم النشط في تنمية مهارات التدريس الابداعي لدى معلمي الرياضيات في مرحلة التعليم الأساسي** ، رسالة ماجستير منشورة ، الجامعة الاسلامية – غزة.
- جواد ، شيماء محمد ، (2017) ، **ترشيد استهلاك الماء واجب ومسؤولية وطنية** ، كلية التربية الأساسية ، الجامعة المستنصرية.

- جيوسي ، مجدي راشد نمر ، (2020) ، **أثر الألعاب التعليمية في تنمية التفكير الابداعي لدى الأطفال الملتحقين برياض الأطفال في مدينة طولكرم** ، مجلة العلوم النفسية والتربوية .
- حريرة ، أمنية راغب حسن ، (2015) ، **برنامج مقترح لتنمية بعض مهارات ادارة الوقت لأطفال ماقبل المدرسة** ، مجلة البحث العلمي في التربية ، العدد السادس عشر لسنة.
- حسن ، عبدالباسط محمد ، (1982) ، **اصول البحث الاجتماعي** ، ط8، مكتبة الوهبة ، القاهرة.
- حسن ، مرتضى عباس و العطار ، زيد بدر محمد ، (2016) ، **أثر استراتيجية المناقشة النشطة في الأداء التعبيري لدى طالبات الصف الرابع العلمي** ، مجلة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والانسانية ، جامعة بابل.
- الحسناوي ، موسى عبد خضير ، (2021) ، **فاعلية طرائق التدريس الحديثة في تنمية الاتجاهات العلمية** ، ط1 ، دار ابن النفيس للنشر والتوزيع ، عمان ، الاردن.
- حسيب ، هيام محمد عبدالمنعم و ياقوت ، مروى حسن أنور ، (2015) ، **دراسة مقارنة لبعض المتغيرات المرتبطة بالأنفاق الاستهلاكى الغذائي الأسرى في بعض قرى محافظتى الأسكندرية والبحيرة** ، مجلة الاسكندرية للتبادل العلمي –( مجلة 36 العدد 1).
- الحمود ، هناء قاسم ، (2010) ، **دور معلمة الروضة في بناء القيم الاقتصادية لدى أطفال الرياض ما بين سن (5-6) سنوات** ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية التربية ، جامعة دمشق.
- الختاتنة ، نسرين عبدالله ، (2013) ، **أثر استخدام الألعاب التعليمية في تحصيل طلبة الصف الرابع الأساسي في مادة التربية الاجتماعية والوطنية في محافظة الكرك** ، رسالة ماجستير منشورة ، جامعة مؤتة.
- الخضر ، خلود بنت فهد ، (2021) ، **واقع دور الأسرة السعودية في التربية الأقتصادية للأولاد في ضوء تداعيات العولمة** ، كلية التربية ، جامعة أسيوط ، المجلد السابع والثلاثون – العدد الرابع.

- خضور ، ابراهيم ، (2009) ، **التربية والتغير الاجتماعي** ، مجلة جامعة دمشق – المجلد 25 – العدد الأول – الثاني.
- الخفاجي ، عدنان عبدطلاك ، (2008) ، **أثر التعلم التعاوني في تحصيل طلاب الصف الثاني متوسط في قواعد اللغة العربية** ، كلية التربية للبنات ، جامعة الكوفة ، العدد الثامن.
- خليفة ، أحمد حسن ، 2011 ، **أثر تدريس العلوم بطريقة الاكتشاف الموجه في المختبر على التحصيل الدراسي ( دراسة تجريبية على عينة من تلاميذ الصف السادس الابتدائي في مدارس مدينة تبوك)** ، كلية التربية ، جامعة دمشق ، المجلد 27 – العدد الثالث + الرابع.
- خليفة ، عبداللطيف محمد ، (1992) ، **ارتقاء القيم (دراسة نفسية)** ، سلسلة كتب ثقافية شهرية يمدرها المجلس الوطني للثقافة و الفنون والآداب الكويت.
- خيري ، لمياء محمد أيمن ، (2018) ، **التعلم النشط** ، ط1 ، مؤسسة يسطرون للطباعة و النشر و التوزيع ، الجهزة.
- داود ، وسام حسن ، (2019) ، **أثر استخدام استراتيجية التعلم باللعب في تدريس اللغة العربية في تنمية مهارات التفكير الناقد لدى طلبة السادس الأبتدائي في محافظة بغداد** ، مجلة الجامعة العراقية ، العدد (44ج3).
- **دور رياض الأطفال في توعية طفل الروضة بمفاهيم الثقافة الصحية من وجهة نظر المعلمات وأمهات الأطفال في ضوء بعض المتغيرات** ، (2016)، مجلة كلية التربية ، جامعة الأزهر ، العدد : (169 الجزء الأول).
- رفاعي ، عقيل محمود ، (2012) ، **التعلم النشط ( المفهوم والاستراتيجيات ، وتقويم نواتج التعلم )**، دار الجامعة الجديدة للنشر ، الاسكندرية.
- رمضان ، مضاوي عبدالرحمن ، (2019) ، **فاعلية برنامج تدريبي باستخدام استراتيجيات التعلم النشط في تنمية بعض مهارات التنمية البشرية لدى معلمة الروضة** ، المجلة العلمية لكلية رياض الاطفال ، جامعة المنصورة ، المجلد الخامس – العدد الرابع.

- رمضان، هناء احمد فؤاد، (2019)، **برنامج قائم على الانشطة الفنية لتنمية بعض القيم الاقتصادية لطفل الروضة** ، مجلة العلمية لكلية رياض الاطفال، جامعة المنصورة، المجلد الخامس، العدد الثالث.
- السامرائي ، قصي محمد و الخفاجي ، رائد ادريس ، ( 2014) ، **اتجاهات الحديثة في طرائق التدريس** ، ط1، دار دجلة ، عمان ، الأردن.
- سامي ، نابتي و عبدالنور ، موساوي ، (2009) ، **دور برامج تدريب الموارد البشرية في تحسين نوعية الخدمة بالمؤسسة : محاولة دراسة حالة بالمركز الاستشفائي الجامعي – الحكيم بن باديس بقسنطينة CHUC**، رسالة ماجستير منشورة ، كلية العلوم الاقتصادية والعلوم التسيير ، جامعة منتوري قسنطينة.
- سعادة ، جودت أحمد واخرون ، (2011) ، **التعلم النشط بين النظرية و التطبيق** ، ط1 ، دار الشروق للنشر و التوزيع ، عمان ، الأردن.
- سعد ، صالحة احمد محمد ، (2010) ، **مركز الضبط والقدرة على حل المشكلات والعلاقة بينهما في ضوء بعض المتغيرات لدى بعض طلبة المدارس الثانوية في قرية أبوسنان** ، رسالة ماجستير منشورة ، جامعة عمان العربية للدراسات العليا.
- سعد ، علي راضي واخرون ، (2019) ، **أثر التعلم النشط في تحصيل تلاميذ الصف الخامس الابتدائي في مادة الرياضيات** ، مجلة ابحاث الذكاء ، العدد (28) ، المجلد (13).
- سفيان ، بوعطيط ، (2012) ، **القيم الشخصية في ظل التغير الاجتماعي وعلاقتها بالتوافق المهني ، اطروحة دكتورا منشورة ، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية** ، جامعة منتوري – قسنطينة.
- السفياني ، هلال محمد على ، (2021) ، **طرائق التدريس العامة** ، ط1 ، كلية التربية ، محافظة المهرة ، جامعة حضرموت ، اليمن.
- سماحة ، هاني خالد و أبوطالب ، تغريد فتحي ، (2018) ، **أثر برنامج تدريبي قائم على استراتيجيات التعلم النشط في اكتساب طلبة الصف الثالث الأساسي في الأردن لمفاهيم حقوق الطفل** ، العلوم التربوية ، المجلد 45، العدد4، ملحق 7.

- السميري ، عبد ربه هاشم عبد ربه ، (2006) ، **أثر استخدام طريقة العصف الذهني لتدريس التعبير في تنمية التفكير الابداعي لدى طالبات الصف الثامن الأساسي بمدينة غزة** ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية التربية ، الجامعة الأسلامية.
- سيد ، أسامة محمد و الجمل ، عباس حلمي ، (2012) ، **أساليب التعليم والتعلم النشط** ، ط1 ، دار العلم والايمان للنشر والتوزيع ، دسوق.
- شاهين ، عبدالحميد حسن عبدالحميد ، (2011) ، **استراتيجيات التدريس المتقدمة واستراتيجيات التعلم وأنماط التعلم ، أطفال الخليج ذوي الأحتياجات الخاصة** ، موقع ومنتدى دراسات وبحوث المعوقين ، كلية التربية بدمنهور ، جامعة الاسكندرية.
- شبيب ، محمود محمد ، (2019) ، **البرامج التدريبية في البحوث التربوية (بنائها – تطبيقاتها )** ، ط1 ، عالم الكتب ، القاهرة.
- شرف ، ايمان عبدالله ، (2017) ، **فاعلية برنامج تعليمي الكترونى في تنمية الثقافة البصرية والمفاهيم الأقتصادية لأطفال الروضة** ، المجلة العلمية كلية رياض الأطفال ، جامعة المنصورة ، المجلد الثالث – العدد الرابع.
- شهاب ، اسراء رافت محمد على ، (2019) ، **فاعلية برنامج قصصي لتنمية الوعي الصحي لدى أطفال الروضة ذوي الاعاقة العقلية البسيطة** ، مجلة الطفولة ، العدد الثاني والثلاثون.
- الصرايره ، محمد شاكر ، (2011) ، **أثر التدريس بأستخدام الألعاب التعليمية في تنمية المفاهيم الجغرافية لدى طلبة الصف السابع الأساسي في محافظة الكرك** ، رسالة ماجستير منشورة ، جامعة مؤتة.
- الصيفي ، عاطف ، (2009) ، **المعلم واستراتيجيات التعليم الحديث** ، ط1 ، دار أسامة للنشر والتوزيع ، عمان ، الاردن.
- العادلي ، عادل مجيد ، (2013) ، **مساهمة التعليم في عملية الانماء الأقتصادي في البلدان العربية ، مركز الدراسات التربوية و الابحاث النفسية** ، جامعة بغداد ، مجلة كلية بغداد للعلوم الأقتصادية الجامعة ، العدد الخامس والثلاثون.

- العازمي ، عائشساير ، (2002) ، **أثر طريقة التعلم التعاوني في الاستيعاب القرائي لدى طلاب الصف السادس الابتدائي في المملكة العربية السعودية** ، رسالة ماجستير منشورة ، قسم المناهج والتدريس.
- عبدالسلام ، محمد ، (2021) ، **استراتيجيات التعلم النشط** ، دار الكتب ، مكتبة نور.
- عبدالقادر، بان أنور ، (2018) ، **فاعلية استخدام احدى استراتيجيات التعلم النشط في التوافق الشخصي والاجتماعي لدى أطفال رياض الأطفال** ، المؤتمر العلمي الدولي الاول ، مركز التطور الاستراتيجي الاكاديمي جامعة دهوك ، العراق.
- عبدالله ، هيام مصطفى ، (2019) ، **فاعلية برنامج قائم على استراتيجية لعب الدور في اكساب أطفال الروضة بعض سلوكيات الأمن والسلامة** ، مجلة الطفولة ، العدد الثاني والثلاثون.
- عبود ، مصطفى احمد ، (2016) ، **أثر استخدام طريقة التعلم التعاوني على التحصيل والدافعية نحو تعلم الرياضيات في الأردن** ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية العلوم التربية ، جامعة آل البيت.
- العتابي ، جعفر جلو ، (2008) ، **بناء برنامج تدريبي وفقاً لنظرية الذكاء الناجح لمدرسي علم الأحياء وأثره في كفايات الأقتصاد المعرفي لديهم والتفكير عالي الرتبة لطلبتهم** ، أطروحة دكتورا منشورة ، كلية التربية العلوم الصرفة / ابن الهيثم ، جامعة بغداد.
- عتريس ، محمد عيد ، (2020) ، **استراتيجية مقترحة للأدوار المتوقعة لأدارة المدرسة الثانوية في نشر ثقافة ترشيد استخدام المياه كمدخل لتحقيق التنمية المستدامة** ، مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية والنفسية ، المجلد الرابع عشر ، الاصدار السادس.
- عثمان ، زينب محمد ابراهيم محمد ، (2016) ، **فاعلية طريقة العصف الذهني في تدريس مقرر الرياضيات لطلاب الصف الثاني الثانوي** ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية التربية ، جامعة السودان للعلوم والتكنلوجيا.
- العجمي ، فالح حمد فالح ، (2016) ، **درجة امتلاك معلمي اللغة العربية للمرحلة الثانوية في الكويت لمهارة حل المشكلات من وجهة نظرهم** ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية العلوم التربوية ، جامعة آال البيت.

- عرقاوي ، ايناس ابراهيم محمد ، (2008) ، **أثر اسلوبي التعلم التعاوني و التنافسي في التحصيل الدراسي والاحتفاظ بمهارات الفهم القرائي للسعر العربي لدى طلبة الصف العاشر الأساسي** ، رسالة ماجستير منشورة، كلية دراسات العليا ، جامعة النجاح الوطنية.
- عزاوي ، رحيم يونس كرو ، (2008) ، **مقدمة في منهج البحث العلمي** ، ط1 ، دار دجلة للنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن .
- عطية ، خليل عطية ، (2012) ، **أسس التربية** ، ط1، دار البداية ناشرون و موزعون ، عمان ، الأردن.
- عطية ، سعدي جاسم واخرون ، (2018) ، **الخبرات والأنشطة لأطفال التمهيدي KG2** ، ط5 ، وزارة التربية ، المديرية العامة للمناهج.
- عقل ، بدير عبدالنبي بدير ، ( 2016) ، **أثر برنامج قائم على أسلوب العصف الذهني في تنمية مهارات التفكير الابداعي و التعبير الكتابي لدى عينة من الطلاب ذوى صعوبات التعلم** ، المجلة العلمية كلية التربية النوعية ، العدد السادس.
- على ، محمد السيد ، (2011) ، **موسوعة المصطلحات التربوية** ، ط1 ، دار المسيرة للنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن.
- علي ، فاتن أحمد ربيع ، (2021) ، **فاعلية برنامج متعدد الأنشطة لتنمية بعض أبعاد التربية الأقتصادية للطفل بمرحلة الطفولة المبكرة في ضوء رؤية مصر 2030** ، المجلة العلمية لكلية رياض الأطفال ، جامعة بورسعيد.
- علي ، محمد السيد ، (2010) ، **اتجاهات وتطبيقات حديثة في المناهج و طرق التدريس** ، ط1 ، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة ، عمان ، الأردن.
- العماوي ، جيهان أحمد ، (2009) ، **أثر استخدام طريقة لعب الأدوار في تدريس القراءة على تنمية التفكير التأملي لدى طلبة الصف الثالث الأساسي** ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية التربية ، الجامعة الاسلامية – غزة.

- عمران ، نوفل طعمة وعبدالله ، الطيب الحاج ابراهيم ، (2018) ، **أثر برنامج تدريبي مقترح لتطوير دقة الارسال في التنس الارضي ، كلية التربية البدنية والرياضة** ، جامعة السودان للعلوم والتكنلوجيا ، مجلة العلوم التربوية ،(2) vol 19 .
- العمراني ، عبدالغني محمد اسماعيل ، (2012) ، **أصول التربية** ، ط1، دار الكتاب الجامعي ، صنعاء ، اليمن.
- العناني ، حنان عبدالحميد ، (2005) ، **تنمية المفاهيم الاجتماعية و الدينية و الأخلاقية في الطفولة المبكرة** ، ط1 ، دار الفكر ناشرون وموزعون ، الأردن.
- العويد ، نورة بنت ناضرة، (2013) ، **التحليل القيمي لبرامج الرسوم المتحركة الموجهة لطفل ماقبل المدرسة** ، المحاضرة ، مجلة كلية التربية ببنها ، جامعة الأمير سطاميتعيد العزيز.
- العيد ، محيي الدين عاطف ، (2007) ، **أثر برنامج تعليمي محسوب مقترح قائم على التعلم التعاوني في تحصيل طلبة المرحلة الأساسية العليا في مبحث الجغرافية واتجاهاتهم نحوه** ، رسالة ماجستير منشورة ، جامعة عمان العربية للدراسات العليا.
- الغوالبي ، نشوى عبدالحميد على، (2012) ، **فعالية استخدام برنامج من الألعاب التعليمية في تنمية ميل تلاميذ الصف الرابع الابتدائي (البنين) نحو مادة الأقتصاد المنزلي** ، رسالة ماجستير منشورة ، مجلة كلية التربية ، جامعة بورسعيد ن العدد الحدي العشر.
- فراج ، عبير بكري ، (2019) ، **فاعلية برنامج دراما ابداعية في تنمية بعض القيم الأقتصادية لدى طفل الروضة** ، مجلة الطفولة ، العدد الثاني والثلاثون.
- الفقى ، ابراهيم ، (2009) ، **ادارة الوقت** ، ابداع وقلوب للأعلام والنشر ، القاهرة.
- فلية ، فاروق عبده و الزكي ، أحمد عبدالفتاح ، (2004) ، **معجم مصطلحات التربية لفظاً و اصطلاحاً**، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر ، الاسكندرية.
- القيسي ، ماجد أيوب ، (2018) ، **المناهج وطرائق التدريس** ، ط1 ، دار أمجد للنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن.

- كاطع ، زينب محمد ، (2018) ، **أثر البرنامج القصصي في تنمية القيم الأقتصادية لدى اطفال الرياض** ، كلية الآداب ، جامعة عين شمس ، المجلد 46.
- كرامش ، بلال ، (2018) ، **دور أسلوب العصف الذهني في تحقيق الابداع الاداري – دراسة حالة مجمع صيدال لصناعة الأدوية في الجزائر** - ، أطروحة دكتوراه منشورة ، كلية العلوم الاقتصادية والتجارية ، جامعة فرحات عباس سطيف.
- الكساب ، علي ، (2013) ، **أثر استخدام استراتيجية العصف الذهني في تحصيل طلبة كليات التربية في الجامعات الأردنية في مساق التربية الوطنية واتجاهاتهم نحوها** ، مجلة جامعة النجاح للأبحاث (العلوم الأنسانية)، قسم التربية ، جامعة أم القرى ، مكة المكرمة السعودية ، المجلد 27 (10).
- الكناني ، محسن جلوب ، (2016) ، **القيم السلبية في اعلانات القنوات الفضائية العربية دراسة في أخلاقيات الاعلان الرقمي** ، وقائع المؤتمر العلمي الدولي الأول كلية الدراسات الانسانية الجامعة 19-20 نيسان.
- محمد ، بن كعبة و أحمد ، مسعودي ، (2018) ، **سوسيولوجيا القيم : قراءة في علاقة القيم بالفعل الاجتماعي** ، مجلة الرواق ، مجلد 4 – عدد 1.
- محمد ، عايده ذيب ، ( 2015) ، **درجة فاعلية استراتيجية القصة في تنمية بعض المهارات الحياتية لدى الأطفال** ، المجلة الدولية للبحوث الاسلامية والانسانية المتقدمة ، المجلد 5 – العدد 9.
- محمود ، بولا عبدالصمد ، (2014) ، **فعالية برنامج تدريبي قائم على بعض استراتيجيات التعلم النشط في تنمية الحكم الخلقي لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية في الجمهورية العراقية** ، أطروحة دكتوراه غير منشورة ، كلية التربية ، جامعة الاسكندرية.
- المصري ، دينا جمال ، (2010) ، **أثر استخدام لعب الأدوار في اكتساب القيم الاجتماعية المتضمنة في محتوى كتاب لغتنا الجميلة لطلبة الصف الرابع الأساسي** ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية التربية ، جامعة الاسلامية – غزة.

- المصري ، لينا أحمد سليم ، (2014) ، **أثر تطبيق استراتيجيات التعلم النشط على تصميم الغرف الصفية في مدارس التعليم الأساسي بقطاع غزة** ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية الهندسة ، الجامعة الاسلامية – غزة.
- المعلوف ، لينا ماجد سليمان و العوامرة ، عبدالسلام فهد نمر ، (2018) ، **دور رياض الأطفال في غرس قيم التربية الأخلاقية لدى أطفالها من وجهة نظر المعلمات والمديرات في محافظة عمان العاصمة** ، دراسات العلوم التربوية ، المجلد 45 ، العدد 4، ملحق 2.
- المعنونة ، مي أبو عواد ، (2015) ، **أثر استخدام استراتيجية حل المشكلات في الطلبة في مادة علم الأحياء والارض واتجاهاتهم نحوها** ، رسالة ماجستير منشورة ، قسم المناهج وطرائق التدريس.
- منسي ، ايمان جمال واخرون ، (2020) ، **برنامج الكتروني لتنمية بعض المفاهيم الأقتصادية لدى أطفال الروضة، المجلة العلمية لكلية رياض الأطفال** ، جامعة بورسعيد.
- ميمونة ، عفت ، (2008) ، **تنمية مهارة الكلام باستخدام طريقة تمثيل الأدوار بالتطبيق على مدرسة المعلمات الاسلامية "بيت الأرقم" بالونج جمبير نموذجا** ، رسالة ماجستير منشورة ، جمهورية اندونيسيا مالانج ، الجامعة الاسلامية الحكومية.
- النجار ، عفاف أحمد ، (2011) ، **البرامج التدريبية وأثرها على أداء موظفي وزارة التربية والتعليم الفلسطينية في محافظة الخليل : واقع وطموحات** ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية الدراسات العليا و البحث العلمي ، جامعة الخليل .
- نعمان ، رياض أحمد محمد ، ( 2016) ، **استخدام استراتيجية حل المشكلات ابداعياً في تدريس العلوم لطلاب الصف السادس الأساسي وأثرها في اتجاهاتهم وتفكيرهم الاستقرائي** ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية العلوم التربوية، جامعة شرق الأوسط.
- النكلاوي ، شوق عباده أحمد ، (2020) ، **القيم التربوية في مسرح الطفل (مسرحية بائعة الكبريت نموذجا) ، مجلة البحوث في مجالات التربية النوعية** ، جامعة المنيا ، جمهورية مصر العربية.

- هاشمي ، جميلة محمد جميل و اخرون ، (2019) ، **دور معلمات رياض الأطفال في نشر ثقافة الغذاء الصحي خلال فترة الوجبة الغذائية للأطفال في مندينة جدة** ، مجلة الطفولة ، العدد الحادي والثلاثون.
- هزيم ، آنيه ماهر أحمد ، (2011) ، **أثر استخدام استراتيجية الاكتشاف الموجه بالوسائل التعليمية في التحصيل والتذكر وانتقال اثر التعلم في الرياضيات لطلبة الصف الثامن الأساسي في محافظة قلقيلية** ، رسالة ماجستير منشورة ، **كلية الدراسات العليا** ، جامعة النجاح الوطنية .
- هنانو ، عبدالله محمد ، (2008) ، **مهارات العصف الذهني ودورها في تنمية التفكير الابداعي عند الطلاب.**
- هنداوي ، صفوت توفيق ، (2021) ، **استراتيجيات التدريس** ، المحاضرة ، الفصل الثاني.
- الهويدي ، زيد ، (2008) ، **الأساليب الحديثة في تدريس العلوم** ، ط2 ، دار الكتاب الجامعي ، القاهرة.

## سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان :.

- امل احمد ، (2019)، **ترشيد استهلاك المياه** ، 17 مارس ، 6:42 دقيقة.

https://bo7ooth.info/2019/03/17/%D8%AA%D8%B1%D8%B4%D9%8A%D8%AF-%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D9%87%D9%84%D8%A7%D9%83-%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%8A%D8%A7%D9%87/#:~:text=Amal%20Ahmed,%D9%85%D8%A7%D8%B1%D8%B3%2017%2C%202019

- لارا عبيات ، (2018) ، **ترشيد استهلاك الطاقة**، 2 يناير ، 11:00 دقيقة.

https://mawdoo3.com/%D8%AA%D8%B1%D8%B4%D9%8A%D8%AF_%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D9%87%D9%84%D8%A7%D9%83_%D8%A7%D9%84%D8%B7%D8%A7%D9%82%D8%A9#:~:text=%D8%AA%D9%85%D8%AA%20%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%AA%D8%A7%D8%A8%D8%A9%20%D8%A8%D9%88%D8%A7%D8%B3%D8%B7

%D8%A9,%D9%A2%20%D9%8A%D9%86%D8%A7%D9%8A%D8%B1
%20%D9%A2%D9%A0%D9%A1%D9%A8

- سناء الدويكات ،(2020) ، **بحث عن اهمية ترشيد استهلاك الماء والكهرباء** ، 28 يوليو ، 1:10 دقيقة .

https://mawdoo3.com/%D8%A8%D8%AD%D8%AB_%D8%B9%D9%86_%D8%A3%D9%87%D9%85%D9%8A%D8%A9_%D8%AA%D8%B1%D8%B4%D9%8A%D8%AF_%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D9%87%D9%84%D8%A7%D9%83_%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%A7%D8%A1_%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%83%D9%87%D8%B1%D8%A8%D8%A7%D8%A1#:~:text=%D8%AA%D9%85%D8%AA%20%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%AA%D8%A7%D8%A8%D8%A9%20%D8%A8%D9%88%D8%A7%D8%B3%D8%B7%D8%A9,%D9%A2%D9%A8%20%D9%8A%D9%88%D9%84%D9%8A%D9%88%20%D9%A2%D9%A0%D9%A2%D9%A0

- مجدي محمد الدسوقي ، (2010) ، **نماذج و نظريات الذكاء (نظرية ثورستون)** ، 22 ابريل ، 22:00.

((https://education.own0.com/t79-topic#:~:text=%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%AA%D8%

# پاشکۆکان

## پاشکۆی (1)

## نوسراوی لارینەبوونی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆگرامەکە لە باخچەی خونچە

---

| حکومەتی هەرێمی کوردستان | | حكومة إقليم كوردستان- العراق |
|---|---|---|
| ئەنجومەنی وەزیران | | رئاسة مجلس الوزراء |
| وەزارەتی پەروەردە | | وزارة التربية |
| ب. گ. پەروەردەی ڕاپەڕین | | المديرية العامة لتربية رابرين |
| بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیە | | مديرية تربية رانية |
| هۆبەی پلانی پەروەردەیی | | شعبة التخطيط التربوي |

ژمارە : ٧٠٣١ /

ڕێکەوت: / /٢٧٢٢ کوردی

العدد: /

التاريخ: ١٣ / ١٠ /٢٠٢٢

**بۆ/ باخچەکانی منداڵان خونچە**

**بابەت/لاری نەبوون**

بەنوسراومان ئاگاداری بەڕێزتان دەکەین لە چوار چێوەی ڕێنمایی و ڕێکارە پەروەردەییەکان لەکاتی هاتنی بەڕیز (شاجوان عبدالله احمد) پسپۆری باخچەکان و خوێندکاری ماستەر بۆ ناوەندەکەتان هاوکار و پاڵپشتی بکەن کە دەیەوێت بۆ ماوەی دوو مانگ بەرنامەکانی لە باخچەکەتان پراکتیزە بکات بەمەرجێك لاری نەبونی سەرپەرشتیاری باخچەکان و خودی باخچەکەی لەسەر بێت.

تێبینی/ ئەم نوسراوە تەنها بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣/٢٠٢٢ کاری پێدەکرێت

لاریان نیە
١٣/١٠/٢٠٢٢

**شۆڕش عزیز نەجیب**

**بەڕێوەبەری پەروەردە/وەکالەت**

پەیمان پاییز حاجی

وێنەیەک بۆ:-

- نوسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری پەروەردە
- یەکەی سەرپەرشتیاری بنەڕەتی و باخچەی منداڵان
- خولاو

هەرێمی کوردستان- ڕانیە – گەرەکی سەردەم

## پاشکۆی (2)

## وێنەی سەرەتایی

## فۆرمی ڕاپرسی شارەزایان لە ڕاستگۆیی پێوەری وێنەیی بەها ئابورییەکان

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی باخچەی منداڵان

خوێندنی باڵا_ ماستەر

ڕاپرسی شارەزایان

ڕاپرسی بەها ئابورییەکان لای منداڵانی باخچە

مامۆستای بەڕێز....................

پاش ڕێز و سڵاو..........................

توێژەر توێژینەوەیەک ئەنجام دەدات لەژێر ناونیشانی (کارامەیی پرۆگرامێکی ڕاهێنان لەسەر هەندێ لە ستراتیژییای فێربوونی چالاک بۆ گەشەپێدانی بەها ئابورییەکان لای منداڵی باخچە) بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە و تەواوکردنی ڕێکارییەکان، توێژەر تاقیکردنەوەی بەها ئابورریەکانی ئامادەکردووە بەسود وەرگرتن لە ڕوانگەی بەشێک لە زانایانی دەرونزانی و هەندێک لە تیۆرەکان کە ڕەفتار و توانا هزرییەکانی منداڵی باخچەیان ڕونکردۆتەوە، لە نێویاندا تیۆری (بیاجیە، ثورستون)، هەروەها توێژەر پێناسەکانی لەسەر بنەمای هەندێک لێکۆڵینەوە و ئەدەبیاتی پێشووتر کردووە، لەم ڕووەوە توێژەر بەها ئابوورییەکانی توێژینەوەکەی ئێستای پێناسە دەکات بە: کۆمەڵێک بەها و چەمک لەسەر بنەمای (هۆشیاری بەکارهێنانی ئاو، خۆراک، کارەبا، کات، تەکنەلۆژیا، پاشەکەوت) کە ئەمانە گونجاوترین بەها ئابورییەکانن بۆ منداڵانی باخچە، بەئامانجی (تاقیکردنەوەی پێشەکی) لەبەر ئەزموونی زانستی و زانیاری بەرێزت، توێژەر داوای یارمەتیت دەکات بە دەربڕینی تێبینییە زانستییەکان و بۆچوونە دروستەکانت سەبارەت بەم تاقیکردنەوە و ئەوەی کە بە گونجاو

دەزانیت وەک دەستکاریکردن، زیادکردن یان سڕینەوە کە پەرە بە تاقیکردنەوەکە دەدات یان باشتری دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی. هەروەها توێژەر بەگرنگی دەزانێت ڕاوبۆچوونی بەڕێزتان وەربگرێت، وەک پسپۆڕو شارەزایەک لە بارەی بڕگەکانی پێوەرەکە و ئاستی گونجانی لەگەڵ بوارەکەیدا هاوکاریتان جێگەی ڕێزو پێزانینە، لە خوارەوە ڕوونکردنەوەیەک بۆ چۆنیەتی وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەکە دەخەینەڕوو:

یەکەم: ڕێگای هەڵەچنی تاقیکردنەوەکە: شێوازی وەڵامدانەوە بابەتی و دیاریکراوە، کە (١) نمرەی لە حاڵەتی وەڵامدا دەدرێت بە (بەڵێ) و نمرەی (سفر) دەدرێت بۆ وەڵامێک بە نەخێر.

دووەم: دیاریککردنی کاتی وەڵامدانەوە لەسەر بڕگەکانی پێوەرەکە: دیارییکردنی کاتی وەڵامدانەوە بۆ هەر منداڵێک بە (١٥) خولەک. وە وەڵامی تاکەکەسی بۆ هەر منداڵێک، کە لەلایەن توێژەرەوە جێبەجێ دەکرێت.

| | |
|---|---|
| ناوی مامۆستا:...................................... | پلەی زانستی............................... |
| پسپۆڕی گشتی ..................................... | شوێنی کارکردن............................. |
| توێژەر | سەرپەرشتیار |
| شاجوان عبدالله احمد | پ.ی.د.عبدالصمد احمد محمد |

ڕاپرسی بەها ئابوورییەکان بەشێوەیەکی سەرەتایی

بەها ئابوورییەکان: ئەو جۆرە بەهایانەن کە سوورن لەسەر بەرژەوەندییە کردارییە ڕاستەوخۆکان و گەڕانەوەی ماددی کارەکە و هەموو ئەو شتانەی کە دەبێتە هۆی بەرژەوەندی و هێنانی قازانجی ماددی.

توێژەر تاقیکردنەوەی بەها ئابورییەکانی بە شەش بوار داناوە بەسود وەرگرتن لە خویندنەوەی ئەدەبیاتی تایبەت بەو بوارەو سود وەرگرتن لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی پێشوتر لەوانە:

١. توێژینەوەی کاطع (2018)

٢. توێژینەوەی جمعه (2020)

٣. توێژینەوەی رمضان (2010)

بوارەکانی تاقیکردنەوەکەش بریتین لە بواری هۆشیاری بەکارهینانی ئاو، خۆراک، کارەبا، کات، تەکنەلوژیا، پاشەکەوت.

**بواری یەکەم : بەهای بەکارهێنانی ئاو**

بڕگەی (1): ئاو یەکێکە لە گرنگترین توخمەکان بۆ ژیانی مرۆڤ، کە زۆربەی جەستەی مرۆڤ پێکدەهێنێت، بەبێ ئاو ژیان زۆر بەردەوامنابێت، وەک چۆن مرۆڤ دەتوانێت هەفتەیەکی زۆر بەبێ خۆراک بژی، ناتوانیت چەند ڕۆژێک بەبێ ئاو بژی، لەدەستدانی ئاو لە جەستەدا دەبێتە هۆی مردن خێراتر لە برسیەتی.

ئایا تۆ هەموو ڕۆژێک ئاوی پاک دەخۆیتەوە هەر کاتێک تینویت؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی (2) : هۆشیاری بەکارهێنانی ئاو گرنگە چونکە جەستەی ئێمە پاک دەکاتەوە پارێزراو دەبین لە بەکتریا و ڤایرۆس.

ئایا دەست و ددانەکانت دەشۆیت پێش و دوای نانخواردن و پێش خەوتن؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی (3) : هۆشیاری بەکارهێنانی ئاو دەرفەتی ژیان و گەشەکردن بە ڕووەک و گوڵەکان دەدات.

ئایا تۆ یارمەتی دایە دەدەیت لە ئاودانی گوڵەکان و ڕووەکەکانی ماڵەوەتان بۆ ئەوەی نەمرن؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی (4) : هۆشیاری بەکارهێنانی ئاو وادەکات کە مەلەوانگەکە پڕ ببێت لە ئاو، من و براکانم و خوشکەکانم بە خۆشی و ئاسودەیی یاری تێدا دەکەین.

ئایا مەلەوانگەتان هەیە لەماڵەوە؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |  |

بڕگەی (5) : هۆشیاری بەکارهێنانی ئاو لە ژیانماندا زۆر گرنگە و دەبێت بیپارێزین چونکە دەبێتە هۆی بەردەوامبونی ژیان ،بەڵام ئەم منداڵە لە وێنەکەدا ئاوەکە بەکراوەیی بەجێدەهێڵێت.

ئایا هەڵس و کەوتی ئەم منداڵە دروستە؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 1 | سفر | | |   |

**بواری دووەم : بەهای بەکارهێنانی خۆراک**

بڕگەی (1) : باوک و دایکم کە خواردن دەخۆن، ئەوەندە خواردن لە قاپەکەیان دەکەن کە پێیان دەخورێت، بۆیە کە تەواو دەبن هیچ خواردنێک لە قاپەکەیاندا نامێنێت.

ئایا تۆ هەموو ئەو خواردنەی لە قاپەکەتی دەکەیت دەیخۆیت؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی(2): لە ئەفریقا منداڵەکان خواردنی پێویستیان نییە و زۆربەی کات برسین. بۆیە پێویستە منداڵەکانی کوردستان خواردن بەفیڕۆنەدەن و منداڵەکانی ئەفریقایان لە بیر بێت!

تۆ خواردن فڕێدەدەیت؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی(3): باوکم نانمان بۆ پەیدا دەکات، بۆیە پێیەوە ماندوو دەبێت، تۆ بەبەفیرۆنەدانی خواردن و فڕێنەدانی خواردن ماندووبونی باوکت بەرز دەنرخێنی؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی (4): گیانلەبەران و باڵندەکانیش پێویستیان بەخواردنە، تۆ قەت هەوڵتداوە ئەو خواردنە زیادانەی ماڵەوەتان بدەیە ئەو باڵندانە؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی (5) : بۆ دابین کردنی خواردنەکان پێویستە پارە خەرج بکەین، جا ئەگەر ئەو خواردنانەی دەیان کڕین زیاتر لە پێویستیمان بن، ئەو پارەیەی بۆ خواردنە زیادەکان داومانە بە فیرۆ دەچێت.

ئایا تۆ خواردنی زیاد لە پێویست دەکڕیت؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

**بواری سێیەم : بەهای بەکارهێنانی کارەبا**

بڕگەی (1) : سەیری وێنەکەی بەردەمت بکە، ئەم منداڵە نیگەرانە چونکە کارەبا بڕاوە، چونکە بە هۆشیاری کارەبای بەکارنەهێنا.

ئایا پێشنیاری یاخود ئامۆژگاری هۆشیاری بەکارهێنانی کارەبای دەکەیت؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی (2) : هۆشیاری بەکارهێنانی کارەبا گرنگە لە ژیانماندا پێویستە پارێزگاری لێبکەین، وە بە کراوەیی جێهێشتنی دەرگای بەفرگرەکە کارەبای زۆر دەوێت کاتێک پێویستت بە بەفرگرەکە هەیە.

ئایا تۆ دەرگای بەفرگرەکە بەکراوەیی بەجێدەهێڵیت؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی (3) : هۆشیاری بەکارهێنانی کارەبا لە ماڵەکانماندا یارمەتی ڕووناککردنەوەی شەقامەکان دەدات.

ئایا تۆ دڵخۆشیت بە ڕووناککردنەوەی شەقامەکان لە شەودا؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |  |

بڕگەی (4) : ئەم گڵۆپە جوانە ئەڵێت بیرت نەچێت بەر لە جێهێشتنی ژوورەکەت بمکوژێنیتەوە ئەی پاڵەوان.

ئایا بە گوێی دەکەیت؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی (5) : هۆشیاری بەکارهێنانی کارەبا گرنگە، حکومەت دەتوانێت کارەبامان بۆ دابین بکات لە ووزەی خۆرەوە.

ئایا دەزانیت ئێمە کارەبا لە تیشکی خۆرەوە وەردەگرین؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

**بواری چوارەم: بەهای بەکارهێنانی کات**

بڕگەی(1): ئەنجامدانی کارەکان لە کاتی خۆیدا، وا دەکات باشتر و زووتر کارەکان بکەین؟

تۆ خشتەیەکت هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکانت؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی(2): هەندێک کار هەیە کە ئەگەر لەکاتی خۆیدا نەکرێت، ئیتر ناتوانین ئەنجامیان بدەین.

تۆ لە کاتی خۆیدا دەنوی و هەڵدەستی؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی(3) : ئەگەر هەموو ڕۆژێک پاسی باخچە 7:30 خولەک بەرێکەوێت، تۆ 7:31 خولەک بگەیتە شوێنی پاسەکە، پاسەکە جێت دەهێڵێت.

تۆ هەموو ڕۆژێک پێش 7:30 خولەک لەوێ ئامادە دەبی؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |     |

بڕگەی (4) : بۆ ئەوەی لەکاتی خۆی دا کارەکانمان بکەین دەبێ بزانین کات چەندە؟

تۆ بۆزانینی کات لە ئەندامانی ماڵەوەت دەپرسی یان کاتژمێر بەکاردێنی؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی(5) : بۆ ئەوەی بزانین کە چەند ڕۆژ و کام ڕۆژانە باخچە هەیە و کام ڕۆژانەش پشووە پێویستمان بە ڕۆژمێرە؟

لە باخچە وماڵەوە ڕۆژمێرتان هەیە؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |     |

## بواری پێنجەم : بەهای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا

بڕگەی(1) : ماڵی باوکی من لە دەرەوەی شارۆچکەکەمانە، بۆئەوەی ئاگاداری بارودۆخیان بین لە ڕێگەی کۆمپیوتەر و موبایل و ئایپاد قسەیان لەگەڵ دەکەین.

تۆ موبایل یان ئایپاد بەکاردێنی بۆ هەواڵ پرسینی کەسە نزیکەکانت؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی(2) : مامۆستا وێنەی پەپولەو باڵندە و ئاژەڵەکانتان نیشان دەدات بە داتاشۆ و، چونکە چاپ کردن و کێشانی ئەم وێنانە کاتێکی زۆر و پارەیەکی زۆری دەوێت. بۆیە لەئێستادا مامۆستا ئەو وێنانەتان لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەکەیەوە نیشان دەدات.

ئێستا باشتر گیانلەبەران دەناسی؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی(3) : نزیک کردنەوەی و موبایل و ئایپاد لە چاوەکان زیانیان پێدەگەیەنێت، ئایا تۆ کە سەیری تەلەڤزیۆن دەکەیت زۆر لێی نزیک دەبیەوە؟ یان کە موبایل و ئایپاد بەکاردێنی زۆر لە چاوەکانت نزیکیان دەکەیەوە؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی(4) : بۆ دروستکردنی کاغەز پێویستە دارەکانی دارستان ببڕدرێنەوە، بەڵام بە ئەنجامدانی ئەرکەکانی باخچەت لە سەر موبایل و ئایپاد، ڕێگە دەگریت لە برینەوەی دارەکان.

ئایا تۆ بەشدار دەبیت لە پاراستنی دارەکاندا؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی(5) : زۆر بەکارهێنانی موبایل و ئایپاد، یان سەیرکردنی تەلەڤزیۆن مێشک ماندوو دەکات و نەخۆشمان دەکات.

ئایا تۆ زیاتر لە دوو کاتژمێر ئەو ئامێرانە بەکاردەهێنیت؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |  |

**بواری شەشەم:  بەهای پاشەکەوتککردن**

بڕگەی (1): تێگەیشتن لە بەفیرۆدانی پارە، ئەو بوارە بۆ ماڵەوە دەرەخسێنێت کە ئەو شتانەی کە زیاتر گرنگن بکڕدرێن، ئایا یارمەتی باوکت و دایکت دەدەی بۆ پاشەکەوتکردنی پارە، بەوەی کە داوای یاری گرانبەها نەکەی؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی (2) : دەخیلەی پاشەکەوتککردنی ( کۆکردنەوەی) پارەت هەیە؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی(3) : گوێڕایەڵی دایە و بابە دەبیت کە پێت دەڵێن شتێک لە پارەی ڕۆژانەت پاشەکەوت بکە؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی (4) : ئایا تۆ دەڵێیت سوپاس دایە و بابە کاتێک پارەی ڕۆژانەت دەدەنێ ؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی (5) : ئایا بەشێک لە پارەی ڕۆژانەت بە خێر بە منداڵە هەژارەکان دەدەیت؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

## پاشکۆی (3)

## ناوی پسپۆڕان و شارەزایان بە پێی ڕیزبەندی پلەی زانستی بۆ دەرکردنی ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەی بەها ئابورییەکان و پرۆگرامی ڕاهێنان

| ژ | ناوی پسپۆڕان | پسپۆڕی | نازناوی زانستی | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | د.ئەیوب خسرو نادر | دەرونزانی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی پۆلتەکنیکی سلێمانی |
| 2 | د.کاروان کاکەبرا کاکەمەند | دەرونزانی زمانەوانی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سۆران |
| 3 | د.کریم احمد عزیز | ڕێگاکانی وانەووتنەوە | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی گەرمیان |
| 4 | د.مناضل عباس قاسم | پەروەردە و ڕێگاکانی وانەووتنەوە | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی گەرمیان |
| 5 | د.نەسرەدین ابراهیم محمد | دەرونزانی پەروەردەیی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی زاخۆ |
| 6 | د.کریم مدحت حاتم | دەرونزانی پەروەردەیی | مامۆستا | زانکۆی گەرمیان |
| 7 | د.هاوژین محمود عزیز | پەروەردە و دەرونزانی | مامۆستا | زانکۆی صەلاحەدین |
| 8 | د.گێلاس عبدالله | دەرونزانی پەروەردەیی | مامۆستا | زانکۆی سلێمانی |
| 9 | د.ئاڤان عبدالله حسن | پەروەردەی تایبەت | مامۆستا | زانکۆی سلێمانی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 10 | د.نزیره صالح محمد | پەروەردەی تایبەت | مامۆستا | زانکۆی سلێمانی |
| 11 | د.زانا عوسمان محمد | ڕێگاکانی وانەووتنەوە | مامۆستا | زانکۆی چەرمۆ |

## پاشکۆی (4)

### تاقیکردنەوەی وێنەیی بەها ئابوورییەکان بەشێوەی کۆتایی

برگەی (1) : باوک و دایکم کە خواردن دەخۆن، ئەوەندە خواردن لە قاپەکەیان دەکەن کە پێیان دەخورێت، بۆیە کە تەواو دەبن هیچ خواردنێک لە قاپەکەیاندا نامێنێت.

ئایا تۆ هەموو ئەو خواردنەی لە قاپەکەت دەکرێت دەیخۆیت؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی(2): لە ئەفریقا منداڵەکان خواردنی پێویستیان نییە و زۆربەی کات برسین. بۆیە پێویستە منداڵەکانی کوردستان خواردن بەفیڕۆنەدەن و منداڵەکانی ئەفریقایان لە بیر بێت!

ئایا تۆ خواردن فڕێدەدەیت؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |    |

بڕگەی(3): باوکم نانمان بۆ پەیدا دەکات، بۆیە پێیەوە ماندوو دەبێت، تۆ بە فڕێنەدانی خواردن ماندووبونی باوکت بەرز دەنرخێنی؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی (5) : بۆ دابین کردنی خواردنەکان پێویستە پارە خەرج بکەین، جا ئەگەر ئەو خواردنانەی دەیان کڕین زیاتر لە پێویستیمان بن، ئەو پارەیەی بۆ خواردنە زیادەکان داومانە بە فیرۆ دەچێت.

ئایا تۆ داوای کڕینی خواردنی زیاد دەکەیت؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |    |

بڕگەی (1) : سەیری وێنەکەی بەردەمت بکە، ئەم منداڵە نیگەرانە چونکە کارەبا بڕاوە، چونکە بە هۆشیاری کارەبای بەکارنەهێنا.

ئایا تۆ لە کاتی چوونە دەرەوەت گڵۆپ و ڕووناکییەکانی ماڵەوە دەکوژێنیتەوە؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی(2): هەندێک کار هەیە کە ئەگەر لەکاتی خۆیدا نەکرێت، ئیتر ناتوانین ئەنجامیان بدەین.

ئایا تۆ زوو دەنوی و زوو هەڵدەستی؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |     |

بڕگەی(1) : ماڵی باوکی من لە دەرەوەی شارۆچکەکەمانە، بۆئەوەی ئاگاداری بارودۆخیان بین لە ڕێگەی کۆمپیوتەر و موبایل و ئایپاد قسەیان لەگەڵ دەکەین.

تۆ موبایل یان ئایپاد بەکاردێنی بۆ قسەکردن لەگەڵ کەسە نزیکەکانت؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی (2) : دەخیلەی پاشەکەوتککردنی ( کۆکردنەوەی) پارەت هەیە؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |   |

بڕگەی(3) : گوێڕایەڵی دایە و بابە دەبێت کە پێت دەڵێن شتێک لە پارەی ڕۆژانەت پاشەکەوت بکە؟

| وەڵامی ڕاست (بەڵێ) | وەڵامی هەڵە (نەخێر) | گونجاوە | نەگونجاوە | وێنەی ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سفر | | |  |

## پاشکۆی (5)

## ڕاستگۆیی ڕواڵەتی تاقیکردنەوەی وێنەیی بەها ئابوورییەکان

| بوارەکان | برگەکان | ژمارەی شارەزا | ڕای شارەزا | | ڕێژەی سەدی | ئەنجام | چاککردنی دارشتنی ڕێزمانی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | گونجاو | نەگونجاو | | | |
| بەهای بەکارهێنانی ئاو | 1 | 11 | 9 | 2 | %81.8 | مایەوە | – |
| | 2 | 11 | 10 | 1 | %90.9 | مایەوە | – |
| | 3 | 11 | 11 | 0 | %100 | مایەوە | – |
| | 4 | 11 | 8 | 3 | %72.7 | مایەوە | – |
| | 5 | 11 | 11 | 0 | %100 | مایەوە | – |
| بەهای بەکارهێنانی خۆراک | 1 | 11 | 10 | 1 | %90.9 | مایەوە | چاککرا |
| | 2 | 11 | 11 | 0 | %100 | مایەوە | – |
| | 3 | 11 | 11 | 0 | %100 | مایەوە | چاککرا |
| | 4 | 11 | 11 | 0 | %100 | مایەوە | – |
| | 5 | 11 | 11 | 0 | %100 | مایەوە | چاککرا |
| بەهای بەکارهێنانی کارەبا | 1 | 11 | 9 | 2 | %81.8 | مایەوە | چاککرا |
| | 2 | 11 | 11 | 0 | %100 | مایەوە | – |
| | 3 | 11 | 9 | 2 | %81.8 | مایەوە | – |
| | 4 | 11 | 10 | 1 | %100 | مایەوە | – |
| | 5 | 11 | 9 | 2 | %81.8 | مایەوە | – |
| بەهای | 1 | 11 | 11 | 0 | %100 | مایەوە | – |
| | 2 | 11 | 11 | 0 | %100 | مایەوە | چاککرا |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەکارهێنانی کات | 3 | 11 | 11 | 0 | %100 | مایەوە | – |
| | 4 | 11 | 9 | 2 | %81.8 | مایەوە | – |
| | 5 | 11 | 10 | 1 | %90.9 | مایەوە | – |
| بەهای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا | 1 | 11 | 11 | 0 | %100 | مایەوە | چاککرا |
| | 2 | 11 | 10 | 1 | %90.9 | مایەوە | – |
| | 3 | 11 | 11 | 0 | %100 | مایەوە | – |
| | 4 | 11 | 10 | 1 | %90.9 | مایەوە | – |
| | 5 | 11 | 10 | 1 | %90.9 | مایەوە | – |
| بەهای پاشەکەوتککردن | 1 | 11 | 10 | 1 | %90.9 | مایەوە | – |
| | 2 | 11 | 10 | 1 | %90.9 | مایەوە | – |
| | 3 | 11 | 10 | 1 | %90.9 | مایەوە | – |
| | 4 | 11 | 10 | 1 | %90.9 | مایەوە | چاککرا |
| | 5 | 11 | 10 | 1 | %90.9 | مایەوە | – |

# پاشکۆی (6)

## فۆرمی شارەزایان لە ڕاستگۆیی پرۆگرامی ڕاهێنان

زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی باخچەی منداڵان

خوێندنی باڵا – ماستەر ڕاپرسی شارەزایان

هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی ڕاهێنان

مامۆستای بەڕێز. . . . . . . . .

پاش ڕێز و سڵاو.. توێژەر توێژینەوەیەک ئەنجامدەدات بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر بەم ناونیشانە (کارامەیی پرۆگرامێکی ڕاهێنان لەسەر هەندێ لە ستراتیژییای فێربوونی چالاک بۆ گەشەپێدانی بەها ئابورییەکان لای منداڵانی باخچە)، توێژینەوەی ئێستا پێویستی بە ئامادەکردنی پرۆگرامێکی تایبەت هەیە بۆ ئەم مەبەستە توێژەر پرۆگرامێکی ڕاهێنانی ئامادەکردووە لەسەر بنەمای هەندێک لە ستراتیژی فێربوونی چالاک، ئەم پرۆگرامە لە فۆرمی سەرەتاییدا لە (14) دانیشتن پێکدێت کە لە چەندین چیرۆک و چالاکی و یاری لە بەها ئابورییەکان لە خۆدەگرێت، کە لەماوەی (8) هەفتەدا پێشکەش دەکرێت بە دوو دانیشتن لە هەفتەیەکدا، هەر دانیشتنێک چەند چالاکییەک لە خۆدەگرێت، دانیشتنێک بۆ ناسین وەک دانیشتنێکی سەربەخۆ و ئازاد و دانیشتنی کۆتایی، بەلەبەرچاوگرتنی ئەزموونی ئێوە لە بواری پەروەردە و دەروونزانیی و ڕێگاکانی وانەووتنەوەدا، بۆ زیادبوونی دڵنیابوون لە دروستی ئامرازەکە و گونجاوییەکەی بۆ نموونەی توێژینەوەکە، توێژەر داوا لە بەڕێزتتان دەکات کە بیر و بۆچوون و تێبینییە زانستییەکانی خۆتان لەم بارەیەوە بخەنەڕوو.

ناوی مامۆستا: پلەی زانستی:

پسپۆڕی گشتی: شوێنی کارکردن:

توێژەر سەرپەرشتیار

شاجوان عبدالله احمد پ. ی. د. عبدالصمد احمد محمد

**هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پڕۆگرامەکە**

1. ناوی پڕۆگرامەکە:

پڕۆگرامێکی ڕاهێنان لەسەر هەندێ لە ستراتیژییای فێربوونی چالاک بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵی باخچە، تەمەن (5) ساڵ.

2. دیاریکردنی فەلسەفەی پڕۆگرامەکە:

فەلسەفەی پڕۆگرامەکە لەسەر بنەمای پەرەپێدانی بەها ئابورییەکان لای منداڵانی باخچە بنیاتنراوە، کە ئەمەش لەڕێگەی چالاکییەکانەوە ئەنجام دەدرێت، کە هەشت ستراتیژ بەکاردەهێنین لە چوارچێوەی ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاکدا، کە بریتین لە ستراتیژییەکانی فێربوونی هەرەوەزی و ستراتیژی ڕۆڵبینین و ستراتیژی گفتوگۆ و ستراتیژی بیرپژان و ستراتیژی چارەسەرکردنی کێشەکان و ستراتیژی فێربوون بە دۆزینەوە و ستراتیژی فێربوون بە یاری و ستراتیژی گێڕانەوەی چیرۆک. فێربوونی چالاک جەخت لەوە دەکاتەوە کە فێربوون دەبێت پەیوەندی بەژیان و واقع و پێداویستییەکانی فێرخوازەوە هەبێت، پێویستە ئاماژە بەوانە بکرێت کە فێردەکرێت و جێبەجێ دەکرێت لەوانە پاراستن و گرنگیدان بە بەکارهێنانی ئاو، خۆراک، کارەبا، کات، تەکنەلۆژیا، پاشەکەوتککردنی پارە کە پێویستە منداڵ فێری چۆنیەتی بەکارهێنانیان و مامەڵەکردن پێیانەوە ببێت تا بە دروستی بەکاریانبهێنێت. توێژەر پشت بەو تیۆرە دەبەستێت کە تیۆری (سبرانگر) نوێنەرایەتی دەکات.

3. دیاریکردنی ئامانجەکان:

یەکەم: ئامانجە گشتییەکان:

_گەشەپێدانی ڕۆشنبیری ئابوری بە منداڵی باخچە.

_ڕاهێنانی لەسەر لێهاتوویی گفتوگۆ و دیالۆگ.

_ گەشەپێدانی فێربوونی هەرەوەزی لای فێرخواز.

_ گەشەپێدانی توانای فێرخواز بۆ ڕۆڵبینین.

_ گەشەپێدانی لێهاتوویی فێرخواز بۆ خستنەڕووی چارەسەرکردنی کێشە و بیرپژان.

_گەشەپێدانی توانای فێربوونی فێرخواز بۆ دۆزینەوە لە ڕێگای فێربوون بە دۆزینەوە.

_گەشەپێدانی توانای فێربوونی فێرخواز بە فێربوون بە یاری و چێژوەرگرتن لێی.

_گەشەپێدانی توانا و حەزی گوێگرتنی فێرخواز لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆک.

دووەم: ئامانجە ڕێکارییەکان:

أ- ئامانجە مەعریفییەکان:

_ ئاشناکردنی منداڵان بە گرنگی ئابوری بۆ تاک و کۆمەڵگا.

_ئاشناکردنی منداڵان بە گرنگی کات.

_درککردنی منداڵان سەبارەت بەوەی کە بۆچی گرنگە خۆراک بەهەدەر نەدرێت.

_درککردنی منداڵان سەبارەت بەوەی کە بۆچی گرنگە پارەی زیارە خەرج نەکرێت.

-منداڵ جیاکاری بکات لە نێوان باش بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و خراپ بەکارهێنانی.

_درككردنی منداڵ بە گرنگی ئاو لە ژیاندا بۆ مرۆڤ و گیانلەبەر و ڕووەكەكان و پارستنی.

_درككردنی منداڵ بە گرنگی كارەبا لە ڕۆشنكردنەوەی ماڵەكانمان.

_ درككردنی منداڵ بە پەیوەندی نێوان ئاو و كارەبا.

_ درككردنی منداڵ بەسودی بەكارهێنانی تەكنەلۆژیا بەباشی و ڕێكخراوی.

_پێویستە منداڵان هەندێك لە بیرۆكەكانی خۆیان سەبارەت بە پاشەكەوتكردن و پلاندان بۆ داهاتووی خۆیان بخەنەڕوو.

_ پێویستە منداڵان جیاوازی لە نێوان پاشەكەوتكردن و لەدەستدان بكەن.

_درككردنی منداڵ بە جێبەجێكردنی كارەكان لەكاتی خۆیدا.

ب: ئامانجە ویژدانییەكان:

_دەبێت منداڵان دڵخۆش بن بە ئەنجامدانی چالاكییەكانی پرۆگرامەكە.

_ منداڵان چێژ لە ئەنجامدانی هەندێك چالاكی وەربگرن.

_ منداڵان گرنگی ئاو بەرزدەنرخێنن و ڕێنمایی بەكاربردنی دەكەن.

_ منداڵان ڕێزی كات دەگرن و چێژ لە كاتەكانیان وەردەگرن.

_ منداڵان سەرچاوەكانی ووزە (كارەبا) بپارێزن.

_ منداڵان حەزیان لە ناوەڕۆكی چالاكییەكان بێت.

_ منداڵان هەست بە سەركەوتن و گرنگی بكەن لەگەڵ چالاكییەكاندا.

_ منداڵان درك بە بەهای پارە بكەن و فێری هەوڵی بەدەستهێنانی بكەن.

ج- ئامانجە لێهاتووییەکان:

_بیرهێنانەوەی منداڵان ئاماژە بە گرنگی ئاو بکەن بۆ گەشەکردنی ڕووەکەکان و مانەوەیان بە زیندوویی.

_منداڵان دەبێت هەندێک چالاکی بکەن لەسەر ڕووەکەکان و ئاودانیان.

_منداڵان دەبێت بڕێک پارە لە پارەی ڕۆژانەیان پاشەکەوت بکەن.

_پێویستە منداڵان سەرچاوەی خەرجی ڕۆژانەیان دیاری بکەن (پێویستییەکان و ئەوەی دەیکڕن).

_بەبیرهێنانەوەی منداڵان بۆ ئەو پیشەیەی کە لە داهاتوودا هیوای بۆ دەخوازن.

_بەبیرهێنانەوەی منداڵان بۆ پاراستنی کارەبا بە کوژاندنەوەی گڵۆپی زیادە.

_ پێویستە منداڵان فێری بەکارهێنانی کاتژمێر ببن.

_ ئەنجامدانی چالاکییەکان لەکاتی خۆیدا لەلایەن منداڵەکانەوە.

_ منداڵ لەو کاتەی بۆیدیاریکراوە تەکنەلۆژیای زیرەک (ئایپاد- مۆبایل) زیاتر بەکارنەهێنێت.

_ سوود بینینی منداڵ بەلایەنە باشەکانی تەکنەلۆژیا.

_بۆ دەرخستنی ڕۆڵی بەها ئابورییەکان لە ژیانی منداڵدا نواندنێک بکەن.

_ منداڵان دەبێت بە پێی ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک، گرنگی بەها ئابورییەکان دەستنیشان بکەن.

_پێویستە منداڵان خۆراکی پاشماوە لەسەر زەوی جێنەهێڵن بیکەنە سەبەتەی خۆڵەوە.

_پێویستە منداڵان بەشداربن لە پلاندانان بۆ داهاتوو.

4. چوارچێوەی تیۆری پرۆگرامەکە:

لەبەر ڕۆشنایی پێداچوونەوەی توێژەر بە پرۆگرامە جۆراو جۆرەکان و لە ڕێگەی خوێندنەوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو، کە ڕۆڵی پرۆگرامەکە ڕوون دەکەنەوە، لە گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵی باخچە تەمەن (5)ساڵ.

5. دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوەکە:

نمونەکە بە شێوەیەکی مەبەستدار لە منداڵانی باخچە لە سەنتەری شاری ڕانیە وەردەگیرێت.

6. دیاریکردنی ناوەڕۆکی پرۆگرامەکە:

ناوەڕۆکی پرۆگرامەکە لە ڕێگەی چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو و هۆکارەکانی هەڵسەنگاندنی تایبەت بۆ گەشەپێدانی بەها ئابورییەکان لای منداڵانی باخچە دیاریدەکرێت، بێجگە لەو زانیارییانەی کە توێژەر لە میانی خوێندنی کۆرسات و مامەڵە کردنی بەردەوامی ڕۆژانە لەگەڵ منداڵدا، کۆیکردەوە و ئەو زانیارییانەی کە توێژەر لە کاتی سەردانیکردنی باخچەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ و کارگێڕی باخچەدا کۆیکردوونەتەوە، کە پرۆگرامەکەی تێدا جێبەجێدەکرێت بەپێی توانا و تەمەنییان بۆ پشتگیریکردنی پرۆگرامەکە و هەمەچەشنکردنی ڕێکارەکان بۆ یارمەتیدانی ڕاکێشانی سەرنجییان.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوانەشدا توێژەر ئەو پێوەرانەی دانا کە لە ئامادەکردنی چیرۆک و چالاکی و یاری هەڵوێستە ئابورییەکان کە پشتی پێبەستووە بریتین لە:

أ: گونجاو بێت لەگەڵ تەمەنی منداڵەکان:

توێژەر پێویستە وریا بێت کە ئەو چالاکی و یاری و چیرۆکانەی کە پێشکەشی بەشداربووەکانی دەکات گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی قۆناغی تەمەنی منداڵدا یەکبگرێتەوە.

ب: ڕەنگدانەوەی هەبێت لە ژیانی بەشداربووەکان:

بەجۆرێک کە چیرۆک و یاری و چالاکییەکان پەیوەندی بەژیانی تاکی بەشداربووەوە هەبێت لە ناو خێزانەکانیاندا، ئەوەی لە کۆمەڵگاکەیاندا دەگوزەرێت لە باروودۆخ و ڕووداوەکانی ئێستا کە سەرنجی ئەندامانی کۆمەڵگا ڕادەکێشێت.

ج: بۆ کۆتاییهێنان بە بارودۆخانەی کە نوێنەرایەتی ململانێی بەها ئابوورییەکان دەکەن:

هەرکاتێک توێژەر کۆتایی بەچیرۆک و چالاکییەکان هێنا کە خراوەتە بەردەم بەشداربووان بەدۆخێک کە نوێنەرایەتی نەگونجان لەگەڵ بەها ئابورییەکان دەکات کە یەک وەڵامی دروستی نییە، بەڵکو دۆخەکە مشتومڕ و ناکۆکی لە بۆچوونی بەشداربووان دەوروژێنێت.

د: ئەو چەمک و زاراوانەی کە تێیدا بەکارهاتووە ڕوون و پوخت بن:

خۆبەدوورگرتنی توێژەر لە دانانی ئەو چەمک و زاراوانەی کە قورسن، یاخود ناڕوونن بۆ بەشداربووان.

بۆ ئەوەی سەرنج و ئاگایی بەشداربووان ڕابکێشێت، توێژەر هەوڵیداوە بابەت و چیرۆک و شانۆ و چالاکییەکان لەهەندێک سەرچاوەی جیاوازەوە وەربگرێت لەوانە:

1. سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی ئینتەرنێت:

توێژەر هەندێک لە چیرۆک و بابەت و چالاکییەکانی لە ئینتەرنێت وەرگرتووە کە سەرچاوەیەکی باشە بۆ وەرگرتنی زۆرێک لە هەڵوێستە ئابورییەکان.

2. واقعی کۆمەڵگا:

کۆمەڵگا پڕە لە چەندین دۆخ و هەڵوێست بەتایبەت کۆمەڵگای کوردستان سەرنجڕاکێشە وەک بەفیڕۆدانی ئاو، کارەبا، کات، خۆراک، سامان، ناشارەزایی لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا..هتد. کە ئەمانە بابەتێکی باشن بۆ ناوەڕۆکی چالاکییەکان.

3. کێشە و بارودۆخە گریمانەییەکان:

دەکرێت هەندێک چیرۆک و بارودۆخ وەک ڕووداوی گریمانەیی پەیوەست بە کاراکتەرە خەیاڵییەکانەوە بەکاربهێندرێت، توێژەر (12) چیرۆک و بابەت و چالاکی و یاری ئامادە کردووە کە واقعی کۆمەڵگایە کە هەریەکەیان بە دۆخێک کۆتایی دێت کە گفتوگۆیەکی فراوان لە بەردەم بەشداربووەکاندا دەکاتەوە.

7. دیاریکردنی هۆکار و ئامڕازە جیاوازە بەکارهاتووەکان:

بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە پێویستمان زۆرێک لە ئامڕاز و هۆکاری فێرکاری هەیە، کە هەندێکیان وا پێویست بوو ئامادە بکرێن، وەک تەختەی سپی، داتاشۆو بۆ پیشاندانی وێنە و فیلم و ڤیدیۆ پەیوەند بە بابەتەکەوە، ئامڕازەکانی وێنەکێشان و ڕەنگکردن، هەندێک جل و بەرگ، شانۆی نواندن، چیرۆکی ڕەنگا و ڕەنگ، پارە، دەخیلە، سەعات، ئایپاد، هەندێ ئامڕازی دیکەی فێرکاری پێویست بۆ چالاکییەکان.

8. هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکە:

ئامانجی هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکە دیاریکردنی ڕادەی گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکانە لەنێوان منداڵە بەشداربووەکاندا، توێژەر ئەو چالاکییانەی کە بەکاریهێناوە بە هەشت ستراتیژی پشتگیری کردووە ئەوانیش بریتین لە: (فێربوونی هەرەوەزی، ڕۆڵبینین، گفتگۆ، چارەسەرکردنی کێشەکان، فێربوون بە دۆزینەوە، فێربوون بە یاری، گێڕانەوەی چیرۆک) بۆئەوەی لەگەڵ ئەو چالاکی و چیرۆکانەدا بگونجێت کە لەگەڵ ڕەهەندەکانی بەها ئابوورییەکاندا پێشکەش دەکرێت کە پێویستە پەرەی پێبدرێت وەک هۆشیاری بەکارهێنانی ئاو، خۆراک، کارەبا، کات، تەکنەلۆژیا، پاشەکەوتکردنی پارە.

9. ئەزموونکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانی پێشنیارکراو:

_دەستپێکردنی چالاکییەکان.

_خستنەڕووی ئەو چیرۆک و چالاکییانەی کە ڕەهەندی ئابوری لە خۆدەگرن بە ڕێگای جیاواز.

_لەبەرچاو گرتنی فاکتەری کات.

_ ڕاهێنانی منداڵەکان لە سەر ستراتیژی جیاواز بۆ فێربوونی چالاک.

_هەڵسەنگاندنی ئەدای منداڵەکان و ئاستی تێگەیشتنیان لە چالاکییەکە.

_تۆمار کردنی وەڵامی منداڵەکان و تێبینییە جیاوازەکان لەسەر ئەدای خۆیان.

10. چۆنیەتی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە:

ئەم پرۆگرامە لە (14) دانیشتن و چالاکی پێکدێت، کە هەر دانیشتنێک چەندەها چالاکی و یاری و جووڵە و نواندنی بە کۆمەڵ لە خۆدەگرێت و هەردانیشتنێک، یان زیاتر لەیەکێک تایبەتە بە گەشەپێکردنی بەها و چەمکە ئابوورییەکانی وەک (بەهای بەکارهێنانی ئاو، بەهای بەکارهێنانی کارەبا، بەهای بەکارهێنانی خۆراک، بەهای بەکارهێنانی کات، بەهای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، پاشەکەوتکردن). ئەم پرۆگرامە بەشێوە گروپ و تاکی جێبەجێ دەکرێت کە هەموو منداڵەکان کێشەی ئەوەیان هەیە کە بەهای شتەکان نازانن کە بەکاریدەهێنن، کە لەتەمەندا نزیکن لەیەکەوە و هەموویان لە قۆناغی باخچەی منداڵانن، پێویستە لەماوەی (6) هەفتەدا هەر (14) دانیشتنەکە تەواو بکرێت، لەگەڵ پابەندبوون بە کات و ئەو ڕێکاری و ڕێنماییانەی بۆ هەر دانیشتنێک دیاری کراوە، پێویستە پەلە نەکرێت و گرنگیش بە دووبارەبوونەوەی چالاکییەکان بدرێت، ئەم پرۆگرامە گرنگی بەدیاری و دەستخۆشی و هاندان دەدات بۆ منداڵەکان.

## دانیشتنی یەکەم

## یەکتر ناسین

ئامانجی گشتی دانیشتنەکە: ئامانجی گشتی ئەم دانیشتنە ئاشنا بوونی توێژەر و منداڵەکانە لەگەڵ یەکتری، هەروەها یەکترناسینە لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە بەشدارن لە توێژینەوەکەدا، بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە گشتییەکانیان.

* ئامانجە ڕێکارییەکانی دانیشتنەکە (ئامانجی تایبەت):

_بۆ ناسینی توێژەر لەگەڵ بەشداربووان.

_ بۆ زانینی ناوی بەشداربووان.

_ئاشنابوونی توێژەر لە ڕێگەی دانیشتنەکانەوە بە تایبەتمەندی تاکەکانی توێژینەوەکە و تواناکانیان.

* هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی دانیشتنەکە:

سەرەتای دانیشتنەکە بە کۆکردنەوەی منداڵانی بەشداربوو لە توێژینەوەکەدا لە پۆلدا دەستپێدەکات (دانیشتنی گشتی)، توێژەر خۆی بە شێوەیەک پیشانی بەشداربووان دەدات کە گرنگییان پێدەدات و خۆشی دەوێن، دەیەوێت فێری چەند شتێکی بە سوودییان بکات کە دوای ئاشنا بوونیان باش دەیزانن، توێژەر کورتەیەک لەبارەی ناوەکەی و کارەکەی و حەز و ئارەزوو خولیاکانی بۆ منداڵەکان باس دەکات، هەروەها توێژەر ئامانجی گشتی دانیشتنەکە باس دەکات، توێژەر ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ئاگادار دەکاتەوە کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەگەڵییان دەمێنێتەوە و ئەم سەردانە دووبارە دەبێتەوە، دانیشتنەکە لەلایەن توێژەرەوە بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو کۆتایی دێت لەگەڵ هەندێک هاندان وەک خەڵات و هەندێک یاری.

دانیشتنی دووەم

گرنگی ئاو لە ژیانماندا

*ئامانجە گشتییەکان:

_گەشەپێدانی لێهاتوویی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لە نێوان منداڵان.

_هۆشیاری منداڵەکان بۆ گرنگی ئاو لە ژیاندا و بەردەوامبوونی.

*ئامانجە ڕێکارییەکان:

_گرتنەوەی بەلوعەی ئاوەکە بەباشی دوای بەکارهێنانی.

_بەکارهێنانی کوپ لە کاتی ددان شۆردندا.

_بەپێی پێویست بەکارهێنانی ئاو لە کاتی خۆشۆردندا.

_دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاو بۆ ئاودانی گوڵەکان، یاخود بەکارهێنانی ئاوی باران.

_ئەنجامدانی چالاکییەکی دەستی لەگەڵ منداڵەکان سەبارەت بە پاراستنی ئاو.

* هۆکارە فێرکارییە بەکارهاتووەکان:

_لابتۆپ و داتاشۆ و بۆ نمایش کردن- فڵچە و مەعجون و پەرداخ- کارتی ڕەنگا و ڕەنگ، مقەست، ماجیک

_گوڵ و سەتڵ بۆ ئاودان.

*کاتی چالاکییەکان:

چالاکییەکان ماوەی (30) خولەک دەخایەنێت، (20) خولەک بۆ چالاکییەکان و (10) خولەک بۆ گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن.

* ناوەڕۆکی چالاکییەکان:

توێژەر سڵاو لە منداڵەکان دەکات و دەستدەکات بە پێشەکی چالاکییەکە، بە وروژاندنی مێشکی منداڵەکان بەرەو چالاکییە سەرەکییەکە و مەبەستی دانیشتنەکە، کە لەڕێگادا هاتم زۆر زۆر تینو بووم و ماندوو بووم هیچ ئاوێک نەبوو بیخۆم، کاتێک گەیشتمە ئێرە خێرا پەرداخێک ئاوم خواردەوە، هەستم کرد کە زۆر باشبووم و ماندوێتیم و تینوێتیم نەما، منداڵە خۆشەویستەکان ئەمە بابەتێکم بیردەخاتەوە کە ئەمڕۆ دەمەوێت بۆتانی باس بکەم، پاشان داتاشۆ و هەڵدەکەم و گرنگی بابەتەکەیان بەوێنە پیشان دەدەم، دەست دەکەم بە ڕوونکردنەوەی بابەتەکە و خستنەڕووی ڤیدیۆیەک.

* گرنگی ئاو لە ژیانماندا:

ئاو گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ژیانی هەموو بوونەوەرەکانی سەر ڕووی زەوی، یەکێکە لە گەورەترین نیعمەتەکان کە خودای گەورە بەسەرماندا بەخشیوە، ئێمە هەموو ڕۆژێک ئاو بەکاردەهێنین بۆ پێداویستییە جۆراوجۆرەکانمان، بۆ خواردنەوە، شۆردن، خۆشۆردن، و بۆ چێشت لێنان. بەبێ ئاو دوای چەند ڕۆژێک دەمرێت، ژیان بەبێ ئاو نامێنێت.

ئاو نزیکەی ٧٠%ی جەستەی مرۆڤ پێکدەهێنێت، هەروەها ٧٣%ی ڕووی زەوی پێکدەهێنێت، بۆیە ئاو نهێنی ژیانە لەسەر هەسارەی زەوی.

ئێمە بۆ خواردنەوە ئاو بەکاردەهێنین، ناتوانین بەبێ ئاو بژین، بەو پێیەی جەستەمان ڕۆژانە پێویستی بە ٨ پەرداخ ئاو هەیە، ئێمە بەشێوەیەکی سەرەکی ئاو بەکاردەهێنین بۆ ئامادەکردنی خۆراک، دەست دەشۆین و خۆمان دەشۆین و هەموو شتەکان پاک دەکەینەوە بە بەکارهێنانی ئاو، ڕووەکەکان بۆ ئەوەی بژین و میوە بەرهەم بهێنن پێویستیان بە ئاوە، ئێمە دەتوانین ئەو ئاوەی بۆ شۆردنەوەی میوە بەکاریدەهێنین دووبارە بەکاریبهێنینەوە بۆ ئاودانی گوڵەکان.

- خستەڕووی ڤیدیۆیەک سەبارەت بە ڕاست و هەڵەی بەکارهێنانی ئاو.

– توێژەر لەدوای خستەڕووی بابەتەکە داوا لە منداڵەکان دەکات کە هەریەکەیان بیروبۆچوونی خۆیان بڵێن دەربارەی بابەتەکە و قبوڵکردنی بیرو بۆچوونی یەکتر هەریەکەیان بە جۆرێک ڕای خۆی بڵێت لەسەر پاراستنی ئاو و گرنگی لە ژیانماندا گفتوگۆ بکەن لە نێوان خۆیاندا بەشێوەی تۆپی باسکە واتە لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر.

_توێژەر لەگەڵ منداڵەکان دەستدەکەن بە چالاکی دەست شۆردن و ددان شۆردن و ئاودانی گوڵ و چالاکییەکی دەستی لەسەر پاراستنی ئاو.

_توێژەر داوا لە منداڵەکان دەکات کە خێزان و هاوڕێکانیان هۆشیار بکەنەوە بە گرتنەبەری ڕێکارییەکانی پاراستنی ئاو.

_توێژەر داوا لە منداڵەکان دەکات کە ئەو چالاکییانەی کە کردیان، لە ماڵەوە ئەنجامی بدەن و وێنەی خۆیان بگرن بۆ توێژەری بنێرن.

هەڵسەنگاندن:

_توێژەر ئامادەکاری دەکات بۆ تەواوکردنی چالاکییەکان بە سوپاسکردنی منداڵەکان بۆ هەوڵەکانیان و یارمەتیدانی توێژەر، پێیان ڕادەگەیەنێت کە هەموو بیرۆکەکانتان و چالاکییەکانتان جوان و تازەن و هەمیشە دەیەوێت بە شێوازی جیاواز بیر بکەنەوە.

_ دابەشکردنی شیرینی لە لایەن توێژەرەوە بەسەر منداڵەکان و هاندان و دەستخۆشی لە لایەن توێژەرەوە بۆ منداڵەکان.

_توێژەر هەندێک لە بیرۆکەکانی منداڵەکان لە سەر تەختەکە دەنووسێت دەڵێت کە چی فێربوون لەم بابەتەوە؟

_حەزت لە چی بوو ؟ چیت بە دڵ نەبوو؟

دانیشتنی سێیەم

چۆنیەتی پاراستنی ئاو بۆ یارمەتیدانی زەوی

* ئامانجە گشتییەکان:

_گەشەپێدانی بیرپژان و بیرۆکەی نوێ لای منداڵەکان.

_پەرەپێدانی گوێگرتن لە چیرۆک لای منداڵەکان و دۆزینەوەی بیرۆکەی نوێ.

_پەرەپێدانی ڕۆڵبینین لای منداڵەکان.

* ئامانجە ڕێکارییەکان:

_هۆشیارکردنی منداڵ بە هەڵەی منداڵی ناو چیرۆکەکە و دووبارەنەکردنەوەی.

_ئاگادارکردنەوەی منداڵ بە هاوڕێکانی لە ڕەفتاری هەڵەی کەسایەتی ناو چیرۆکەکە.

_هاوکاری منداڵ لە گەڵ هاوڕێکانی بۆ نواندنی چیرۆکەکە.

* هۆکارە فێرکارییە بەکارهاتووەکان:

_لابتۆپ- داتاشۆ و بۆ نمایشکردنی چیرۆکەکە، وێنەی چاپکراوی گۆی زەوی، ستەیجی شانۆ، کاغەز و قەڵەم ڕەنگا و ڕەنگ.

* کاتی چالاکییەکان:

ماوەی ئەنجامدانی چالاکییەکان (30) خولەک دەخایەنێت کە (20) خولەک بۆ چالاکییەکان و (10) خولەک بۆ گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن.

* ناوەڕۆکی چالاکییەکان:

توێژەر سلاو لە منداڵەکان دەکات و دەستدەکات بە پێشەکی چالاکییەکە، بە وروژاندنی مێشکی منداڵەکان بەرەو چالاکییە سەرەکییەکە کە بریتییە لەمەبەستی دانیشتنەکە، دەڵێم ئەمڕۆ منداڵێکم بینی کە سۆندەی ئاوی هێنابووە دەرەوە بەبەردەوامی ئاو لە سۆندەکە دەڕۆیشت و یاری بە ئاوەکە دەکرد، ئەمە چیرۆکێکم بیردەخاتەوە کە دەمەوێت ئەمڕۆ بۆتان باس بکەم، پاشان دەستدەکەم بە خستنەڕووی چیرۆکەکە بۆ منداڵەکان.

چیرۆکی سەهەند و لاوی

- سەهەند: دووبارە سوپاس لاوی بۆ بانگهێشتکردنم ئەمشەو بۆ خەوتن زۆرم خۆشدەوێیت.

- لاوی: خەوتن.

-لاوی: ئۆو سەهەند پێویستە هەموو کاتێک ئاوەکە بگریتەوە کاتێک بەکاریناهێنیت.

- سەهەند: بەڵام چۆن ددانەکانم دەشۆم بە بێ ئاو؟

- لاوی: تەنها کەمێک پێویستە کە بەکاریبهێنیت بۆ تەڕکردنی فڵچەی ددانەکە بەم شێوەیە.

- سەهەند: بۆچی پێویستە ئەوە بکەم کە ئاو زۆرە و لە هەموو شوێنێک هەیە، دەریاکان و زەریاکان و ڕووبارەکان تەنانەت کاتێکیش باران دەباریێت ئاو زۆرە؟

- لاوی: ڕاستدەکەیت، بەڵام ئەو هەموو ئاوە بۆ ئێمە سەلامەت نییە بیخۆینەوە، خەیاڵ بکە ئەگەر هەموو ئاوەکە لە جیهاندا بهێنین و بیخەینە ناو یەک حەوزی گەورەوە بەم شێوەیە دەردەکەوێت؟

-سەهەند: سەیرکە پێم وتیت کە ئاو زۆرە.

-لاوی: ڕاستە ئاوێکی زۆرە و لەوانەیە زۆر بێت، بەڵام لە هەموو ئەو ئاوە تەنها کەمێکمان پێویستە بۆ خواردنەوە و بەکارهێنان هەموو ڕۆژێک.

– سەهەند: ئۆو ئەوە زۆرنییە بە هیچ شێوەیەک.

– لاوی: بۆیە دەبێت زیرەک بین سەبارەت بەوەی چۆن بەکاریدەهێنین.

– سەهەند: راستدەکەیت سەهەند بیرم لەوە نەدەکردەوە.

– لاوی: هەمیشە زیرەک بەو با ئاو پاشەکەوت بکەین.

–سەهەند: لە کوێی تر دەتوانین ئاو بەباشی پاشەکەوت بکەین.

– لاوی: دەتوانین ئاو پاشەکەوت بکەین بە خۆشۆردنێکی خێرا لە بری زۆر مانەوە لە حەمامدا، گسک دانی دەرەوە لە بری بەکارهێنای ئاو بۆ پاککردنەوە، داوا لە باوکم دەکەم بە چاککردنەوەی بەلوعەیەک کە تک تک ئاوی لێدێت چونکە ئاو زۆر بە فیڕۆ دەچێت.

–سەهەند: دەزانم وەک بەکارهێنانی سەتڵێک بۆ شۆردنی سەیارە کەی باوکت لە بری بەکارهێنانی سۆندە.

–لاوی: ڕاستە.

–سەهەند: کاتێک یارمەتی دایکم دەدەم بۆ شۆردنی ئەو جلانەی کە پێویستن لەیەک کاتدا.

–لاوی: ئەوانە بیرۆکەی زۆر باشن سەهەند.

–سەهەند: من هیچ بیرۆکەیەکم نەبوو کە زۆر ڕێگە هەیە بۆ پاراستنی و پاشەکەوتکردنی ئاو.

_توێژەر داوا لە منداڵەکان دەکات کە ڕۆڵی کەسایەتی ناو چیرۆکەکە ببینن وەک ئەوەی کە بینیوییانە و گوێیان لێبووە.

_توێژەر داوا لە منداڵەکان دەکات کە بیرۆکەی نوێ سەبارەت بە پاراستنی ئاو و پاشەکەوتککردنی بخەنەڕوو، هەریەکەیان بیرۆکەیەک دەخاتە ڕوو، بیرۆکەکان لەسەر تەختەکە دەنوسرێت و باشترین بیرۆکە و چارەسەر گفتوگۆی لەسەر دەکرێت لە لایەن توێژەر و منداڵەکانەوە.

* هەڵسەنگاندن:

_ توێژەر قەڵەم و لاپەڕەی ڕەنگاو ڕەنگ بەسەر منداڵەکاندا دابەشدەکات بۆ ئەوەی وێنەی ئەو کەسایەتییەی ناو چیرۆکەکە بکێشن کە پێی سەرسام بوون.

_ توێژەر گفتوگۆ دەکات لەگەڵ منداڵەکان بەوەی کە بۆ وێنەی ئەو کەسایەتییەی کێشاوە و بە چ شتێکی کاریگەر بووە،؟ چ چارەسەر و بیرۆکەیەکی دیکەی هەیە بیخاتە ڕوو؟

_ چیرۆکەکەت بەدڵ بوو ؟ بەلاتەوە خۆش بوو؟ چ شتێکیت بە لاوە ناخۆش بوو؟

_پاشان توێژەر سوپاسی منداڵەکان دەکات بۆ ئەو کارانەی کە بە ئەنجامیان گەیاند، _توێژەریش ئەو وێنانەی کە منداڵەکان کێشاویانە هەڵیاندەواسێت.

_ پاشان توێژەر هەڵدەستێت بە دابەشکردنی دیاری بەسەر منداڵەکاندا.

## دانیشتنی چوارەم

## بەهای خۆراکەکان بزانە

* ئامانجە گشتییەکان:

_گەشەپێدانی فێربوونی هەرەوەزی لای منداڵان.

_ گەشەپێدانی ڕۆڵبینین لای منداڵەکان.

* ئامانجە ڕێکارییەکان:

_مامەڵەکردنی منداڵ لەگەڵ خۆراکەکان بەڕێزەوە.

_منداڵ هەست بەوە بکات کە بە ئاسانی خۆراک بەدەستنایەت.

_دووبارە نەکردنەوەی کاری کەسایەتی ناو چیرۆکەکە.

_ هاوکاری منداڵ لەگەڵ هاوڕێکانی بۆ نواندنی چیرۆکەکە.

* هۆکارە فێرکارییە بەکارهاتووەکان:

_لاپتۆپ بۆ نیشاندانی چیرۆک، ئاژەڵی پلاستیکی.

* کاتی چالاکییەکان:

ماوەی ئەنجامدانی چالاکییەکان (30) خولەک دەخایەنێت (20) خولەک بۆ چالاکییەکان و (10) خولەک بۆ گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن.

* ناوەڕۆکی چالاکییەکان:

توێژەر لە پاش سڵاو کردن لەمنداڵەکان دەیانکات بە گروپات و هەر گروپە و ناو و هێمایەکییان دەداتێ، پاشان چیرۆکەکە بۆ منداڵەکان دەخاتە ڕوو.

بەهای خۆراکەکان بزانە

-کەروێشک: ئای، خواردنی زۆر بەتام داندراوە.

- پاندای کوڕ: من هەموو خواردنەکانم دەوێت.

-مەیمون: ئەوە هی منە.

- پاندای کچ: ئەو خواردنەی تێتکردووە دەتوانیت هەمووی بخۆیت.

-پاندای کوڕ و مەیمون: هیچ کێشە نییە.

-پاندای کوڕ و مەیمون: تەواو تێر بووین.

- پاندای کچ: هێشتا لە ناو قاپەکەتدا هەندێک خۆراک ماوە، پێویستە هەمووی بخۆن گوێم لێبگرن.

_گفتوگۆ دروست بوو لە نێوانیاندا کەروێشکیش وتی: کە پێویستە داوای یارمەتی لە (دوودوو) بکەین، پاشان بانگی (دوودوو) یان کرد، پاندای کچ وتی: سەیرکە کە مەیمون و پاندای کوڕ خواردنیان لەسەر قاپەکەیان بەجێهێشتووە نەیانخواردووە.

- دوودوو: بۆچی ئەو کارەتان کردووە؟

-پاندای کوڕ و مەیمون: تەنها کەمێکە.

- دوودوو: نەخێر کارێکی هەڵەیە، هەرچەندە خواردنێکی کەمیش بێت، ئایا دەزانن کە ئەم برنجە چۆن بەرهەمدێت؟

-پەنگوین: لەوانەیە کەسێک لێنابێت.

- کەروێشک: لەوانەیە لە مارکێتەوە بۆمان هاتبێت.

-مەیمون: من دەزانم بە دارەوە بووە.

-دوودوو: هەمووتان هەڵەن، وەرن لەگەڵم با بزانین چۆن بەرهەمدێت سەیرێک بکەین.

_هەموویان سواری ئەو فڕۆکەیە بوون کە (دوودوو) هێنابووی تا بچن سەیری بەرهەمهێنانی برنج بکەن.

_هەموویان: (دوودوو) ئێرە زۆر گەرم و شێدارە ناتوانین هیچ برنجێک ببینین.

_دوودوو: بەرهەمهێنانی برنج ئەوەندە کارێکی ئاسان نییە، چەند هەنگاوێک هەیە بۆ بەرهەمهێنانی برنج، سەرەتا تۆوەکان بڵاو دەکەینەوە، پاشان زەوییەکە دەکێڵین، دواتر

نەمامەکان بە شێوەی یەکسان لە ناو ئاو و گڵدا دەچێنین دواتر دەست بە گەشەکردن دەکەن و پێویستی بە ئاودانە و بە دەرمانی مێرووەکان، دواتر برنجەکە پێدەگات.

_پاشان (دوودوو) هەموو ئەو هەنگاوانەی بەرهەمهێنانی برنج بەکرداری بە هاوڕێ ئاژەڵەکانی دووبارە دەکاتەوە، زۆر ماندوو دەبن ئارەق دەکەن، بڕیار دەدەن کە چیتر خواردن بەفیڕۆ نەدەن.

-دوودوو: کاتی گەڕانەوەیە بۆ ماڵەوە.

-پاندای کوڕ: ئەوەندە کاری قورسی دەوێت بۆ ئەوەی برنج گەشە بکات، ئێستا من نامەوێت کە زیاتر بە فیڕۆی بدەم.

- مەیمون: بەڵێ تەواوی بکە تەنانەت دەنکێکیش بەجێمەهێڵە.

_توێژەر ئاژەڵە پلاستیکییەکان دابەش دەکات بەسەر هەریەک لە گروپەکاندا و داوایان لێدەکات نواندنی ئاژەڵەکانی ناو چیرۆکەکە بکەنەوە هەر گروپێک بە شێوازێکی باش ڕۆڵبینی و نواندنی کرد، ئەوە دەبێتە براوەی کێبڕکێکە.

* هەڵسەنگاندن:

_توێژەر داوا لە گروپەکان دەکات کە هەر گروپە و ئەو ئاژەڵە هەڵبژێرێت کە لای سەرنجڕاکێش بوو، لەبەر چ هۆکارێک؟

_توێژەر داوا لە منداڵەکان دەکات هەر ئاژەڵێکی خۆشدەوێت دەتوانێت لەگەڵ خۆی بیباتەوە بۆ ماڵەوە.

_ توێژەر سوپاسی منداڵەکان دەکات بۆ ئەوەی بە باشی ڕۆڵیان بینی.

دانیشتنی پێنجەم

خۆراک بە فیرۆ مەدە

* ئامانجە گشتییەکان:

_پەرەپێدانی چارەسەر کردنی کێشە لای منداڵ.

_ پەرەپێدانی ڕۆحی هاوکاری لای منداڵ.

_ پەرەپێدانی گفتوگۆ لای مناڵەکان.

* ئامانجە ڕێکارییەکان:

_ پێدانی خۆراکی زیادە بە باڵندە و ئاژەڵەکان.

_ ئاگادارکردنەوەی یەکتری لە ئەنجامدانی کاری هەڵە.

_ ئەنجامدانی چالاکی منداڵەکان لەگەڵ توێژەر بەدانانی ئەو خۆراکەی ئەو ڕۆژە ماوەتەوە بۆ باڵندەکان لە باخچەکەدا.

* هۆکارە فێرکارییە بەکارهاتووەکان:

_لاپتۆپ بۆ نمایشکردن، نان و سەموون و پسکیت، کاغەز و قەڵەمی ڕەنگا و ڕەنگ.

* کاتی چالاکییەکان:

ماوەی ئەنجامدانی چالاکییەکان (30) خولەک دەخایەنێت، (20) خولەک بۆ چالاکییەکان و (10) خولەک بۆ گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن.

* ناوەڕۆکی چالاکییەکان:

توێژەر پاش سڵاوکردن لە منداڵەکان، بۆ وروژاندنی هەستی منداڵەکان دەڵێت: ئەمڕۆ منداڵێکم بینی کە خواردنی کردە ناو سەبەتەی خۆڵەکەوە، بەڕاستی زۆرم پێناخۆش بوو، منداڵە ئازیزەکان ئەمە چیرۆکێکم بیردەخاتەوە کە ئەمڕۆ دەمەوێت بۆتان باس بکەم.. پاشان توێژەر هەڵدەستێت بە نمایشکردنی چیرۆکەکە.

خۆراک بە فیڕۆ مەدە..

(بڕوا) بە جریوەیەکی خۆش لە خەو هەستا، باڵندەیەکی جوان لەسەر درەختەکە دەژیا وا دیاربوو هەوڵی لەخەو هەڵساندنی ئاکاشی دابوو، بڕوا چووە لای پەنجەرەکە و هیوای بەیانی باشی بۆ خواست، پاشان ڕایکرد بۆ حەمام تا خۆی بشوات، کاتێک هاتە دەرەوە بینی نانی بەیانی لەسەر مێزەکەیە، دوو پارچەی لە نانەکە هەڵگرت و بردی بیدات بە باڵندەکان، فیکەی بۆ چۆلەکەکان لێدا و وتی: وەرن هاوڕێکانم، باڵندەکان هاتنە خوارەوە و خواردیان پاشان دەستیکرد بە نانی بەیانی و شیرەکەی هەمووی نەخوارد، هەڵیگرت بۆ پشیلەکەی، پاشان بەڕێکەوت بۆ قوتابخانە، لەڕێگادا سەگە بێسەرپەرشتەکانی بینی و پسکیتیدا بە سەگەکان، پاشان گەیشتە قوتابخانە و ڕۆیشتە ناو پۆلەکەیەوە، دەستی کرد بەوانە خوێندن، پاشان زەنگی پشوو لێیدا و خوێندکارەکان هاتنە دەرەوە بۆ گۆڕەپانەکە بۆ خواردن و پاشان یاریکردن.. بڕوا خواردنەکەی دەرهێنا و چوو دەستەکانی بشوات کاتێک گەڕایەوە بینی هاوڕێکەی بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی خواردنەکەیەتی، بڕوا دوو لەفەی پێبوو یەکێک لە لەفەکانی دا بەهاوڕێکەی، پاشان یەکێک لە هاوڕێکانی چرپەی کرد بەگوێی ئەکاشدا کە بەختیار سێ ڕۆژە خواردنەکەی دەکاتە ناو سەبەتەی خۆڵەکەوە بۆ سەلماندنی قسەکانیشی بڕوا ڕاکێشا تا سەیری ناو سەبەتەی خۆڵەکە بکات، کە بینی زۆری پێناخۆش بوو، پاشان چوونەوە ناو پۆلەکەیانەوە و مامۆستا دەستیکرد بە باسکردنی بابەتەکەی کە پێویستە خواردن فڕێنەدەن، ئەوەندە بخۆن کە پێتان دەخورێت، هەرگیز خۆراکی زیاد وەرمەگرن، ئەوەندە وەرگرن کە

پێتتان دەخورێت، کە تێر نەبوون ئەتوانن دووبارە داوای بکەنەوە، ئەو خۆراکەی کە مایەوە بیدەنە ئاژەڵەکان و باڵندەکان، یاخود زۆر کەسی هەژار هەیە کە توانای کڕینی خواردنیان نییە.. وانەکە تەواو بوو.

بڕوا ڕۆیشت بەدوای مامۆستاکەیدا و بانگی کرد، مامۆستاکە وتی چییە بڕوا؟

وتی مامۆستا بەختیار خەریکە کە خواردن فڕێدەداتە ناو سەبەتەی خۆڵەکەوە ماوەی 3 ڕۆژە.

بۆ ڕۆژی دواتر بڕوا لە ناو پۆلدا چاودێری بەختیار کرد تا بزانێت بۆچی خۆرادنەکەی فڕێدەدات، کاتێک بینی هاوڕێکەی خەریکە خۆراکەکەی فڕێدەدات یەکسەر وتی: راوەستە، بۆچی ئەو خواردنە فڕێدەدەیت؟ بەختیار وتی دایکم نان و ماستی بۆ ئامادە کردووم کە زۆر ڕقم لێیەتی.

_تویژەر ئەم چیرۆکە لە کۆتاییەکەیدا وەک کێشەیەک دەخاتە بەردەم منداڵەکان و بۆئەوەی هەست بەبوونی کێشەکە بکەن کە منداڵەکە خواردن فڕێدەدات، کە ئەمەش دەبێتە ورووژاندنی مێشکی منداڵەکان و هەریەکە لە منداڵەکان گریمانەیەک بۆ کێشەکە دەخەنە ڕوو.

_پاشان گفتوگۆ لەنێوان توێژەر و منداڵەکان دەستپێدەکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکە و پاشان ئاڵوگۆڕی زانیاری دەکەن.. توێژەر گونجاوترین چارەسەرەکان لەسەر تەختەکە دەنووسێت.

* هەڵسەنگاندن:

_توێژەر کاغەز و قەڵەمی ڕەنگا و ڕەنگ بەسەر منداڵەکاندا دابەش دەکات تا وێنەی کاراکتەرەکانی ناو چیرۆکەکە بکێشن کە خۆشیان دەوێت و گفتوگۆ دەکەن لەسەری.

_ توێژەر لە بەشداربووەکان دەپرسێت چی لەم دانیشتنەوە فێربوون؟

_پاشان توێژەر سوپاسی منداڵەکان دەکات کە هاوکاری بوون و دیارییان بەسەردا دابەش دەکات.

## دانیشتنی شەشەم

## کارەبا ژیانمان بەردەوام دەکات و پەرەیپێدەدات

* ئامانجە گشتییەکان:

_گەشەپێدانی فێربوونی هەرەوەزی لای منداڵ.

_گەشەپێدانی کارامەیی گفتوگۆ لای منداڵ.

* ئامانجە ڕێکارییەکان:

_زانینی منداڵ بۆ چۆنیەتی کارپێکردنی ئامێرەکان.

_هۆشیاری منداڵ بۆ وریابوون لە بەکارهێنانی کارەبادا.

_ئەنجامدانی چالاکی بەکارهێنانی ئامێرەکان بەهاوکاری توێژەر.

* هۆکارە فێرکارییە بەکارهاتووەکان:

_کارتی ڕەنگا و ڕەنگ کە وێنەی هەندێک لە ئامێرەکانی لەسەرە.

_هەندێک لە ئامێرە کارەباییەکان.

*کاتی چالاکییەکان:

- کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکان: ماوەی (30) خولەک دەخایەنێت کە (20) خولەک بۆ چالاکییەکان و (10) خولەک بۆ گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن.

* ناوەڕۆکی چالاکییەکان:

توێژەر پاش سڵاوکردن لە منداڵەکان، هەڵدەستێت بە گروپکردنی منداڵەکان، هەر گروپە و ناو و هێمایەکییان دەداتێ.

کارەبا ژیانمان بەردەوام دەکات و پەرەیپێدەدات

-کچەکە: دایە دایە تەلەفزیۆنەکە کار ناکات شکاوە.

- دایک: شکاوە؟ بەڵام ئێمە تازە کڕیومانە، ئایا سەیرتکرد بزانی بە پلاکەکەوە کراوە؟

- کچەکە: ئەوە مانای چییە دایە؟

-دایک: نەشکاوە، دەتوانم یارمەتیت بدەم، وایەرەکەی بکەیت بە پلاکەکەوە و تەلەفزیۆنەکە دابگیرسێنیت.

- کوڕەکە: باوکە ناتوانم ئایپادەکەم داگیرسێنم کارناکات چی بکەم؟

- باوک: سڵاو کوڕەکەم، ئایپادەکەت کاردەکات، تەنها زۆرت یاری پێکردووە و شەحنی تێدا نەماوە، پێویستە شەحنی بکەینەوە.. بابەتەکەیان بۆ دەخاتە ڕوو.

- کوڕەکە: چۆن ئەوە بکەین باوکە؟

-باوک: یارمەتیت دەدەم پێویستمان بەگەڕان دەبێت بەدوای شەحن پلاکدا.

دەبێت منداڵەکان ئەوە بزانن کە وەک چۆن پێویستمان بە خۆراردن و خواردنەوەیە تا وزەمان پێببەخشێت، ئەوا ئامێرەکانیش پێویستییان بە کارەبایە تا کاربکەن و کارەکان ئاسان بکەن، بەڵام نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کە پێویستە بەئاگا بین لە بەکارهێنانیدا و بەبێ ڕێنمایی گەورەکان بەکارینەهێنین، دەبێ بزانین کە کارپێکردنی یاریی منداڵانیش پێویستیان بە پاترییە، کە ئەویش وزەیە، ئامێرەکانی وەک لاپتۆپ و ئایپاد و مۆبایل پێویستییان بە کارەبایە بۆ

کارپێکردنیان، بەڵام ئەمانە لەو جۆرانەن کە دەتوانرێت شەحن بکرێت و بەبێ کارەبا بۆماوەی چەند کاتژمێرێک کاری پێبکەین.

_ توێژەر پاش ئەوەی منداڵەکان دەکات بەگروپات، هەر گروپەی کۆمەڵێک کارتیان بەسەردا دابەش دەکات، پرسیارییان لێدەکات دەبارەی وێنەکە، بۆ نمونە چۆنیەتی کارکردنی، یاخود بەکارهێنانی چ سودێکی هەیە؟

_ توێژەر گفتوگۆ لەنێوان منداڵانی گروپەکاندا دەستپێدەکات و هەر گروپێک زۆرترین پرسیاری زانی دەبێتە براوە و خەڵات دەکرێت.

* هەڵسەنگاندن:

_توێژەر هاوکاری منداڵەکان دەکات لە ئیشپێکردن و بەکارهێنانی هەندێک لە ئامێرەکاندا.

- توێژەر پرسیار دەکات لە منداڵەکان سەبارەت بەوەی چ شتێکت بەلاوە خۆش بوو؟ چ شتێکت پێناخۆش بوو؟ حەزت لە چییە؟

_توێژەر سوپاسی منداڵەکان دەکات و شیرینییان بەسەردا دابەش دەکات.

دانیشتنی حەوتەم

شانۆیی دادگاییکردنی مرۆڤ لەسەر زیاد بەکارهێنانی کارەبا

* ئامانجە گشتییەکان:

_گەشەپێدانی ڕۆڵبینین لای منداڵ و توانای بەرجەستەکردنی نواندنی ڕۆڵەکان لای منداڵ.

_گەشەپێدانی توانای گفتوگۆ لای منداڵ.

* ئامانجە ڕێکارییەکان:

_دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان ئاو و کارەبا و پاراستنیان.

_ دوورکەوتنەوە لە بەفیڕۆدان لای منداڵ کە سزای لەسەرە.

_ گرنگی بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکان بۆ جێبەجێکردن لە ژیانیدا بە شێوازێکی باش.

_گوێگرتن بۆ ڕاووبۆچوونی ئەوانی دیکە بۆ دەرخستنی ڕاستی.

* هۆکارە فێرکارییە بەکارهاتووەکان:

_جل و بەرگی پێویست بۆ نواندن، کەل و پەلی نواندن، تەختەی شانۆ.

* کاتی چالاکییەکان: ماوەی ئەنجامدانی چالاکییەکان (30) خولەک دەخایەنێت (20) خولەک بۆ چالاکییەکان و (10) خولەک بۆ هەڵسەنگاندن و گفتوگۆ.

* ناوەڕۆکی چالاکییەکان:

توێژەر پاش سڵاوکردن لە منداڵەکان بۆ وروژاندنی مێشکی منداڵەکان دەڵێت، کەسێک ئەگەر کارێکی هەڵە بکات پێویستە سزا بدرێت ئەمڕۆش کەسێک کە کارەبا و ئاوی زۆر بەفیڕۆ داوە سزای دەدەین.

شانۆیی دادگاییکردنی مرۆڤ لەسەر زیاد بەکارهێنانی کارەبا

– سکاڵاکار (کارەبا): سکاڵا لای تۆ دەکەم جەنابی دادوەر، لە خوای گەورە داواکارم مافی خۆم لێوەربگرێت لەسەرئەم کەسە بەفیڕۆدەرە، بەبێ ژماردن بەکاریهێنام و بەردەوام هەڵیکردم، لە بیری چوو فەرامۆشی کرد کە من یەکێکم لە بەخشیشەکانی خوای گەورە و دەبێت بمپارێزێت و ئاگادارم بێت.

– تۆمەتبار (کەسی بەفیڕۆدەر) قسەکان بە کارەبا دەبڕێت و دەڵێت: وامەڵێ درۆمەکە ئەی کارەبا، من تۆم بە پێی پێویستی بەکارهێنا.

–دادوەر: تکایە قسە مەکە تا ڕێگەت پێنەدرێت.

– دادوەر دەڵێت: قسەکانت تەواو بکە ئەی کارەبا.

– سکاڵاکار (کارەبا): پێویستی و گرنگی واتلێدەکات بەبەردەوام بە ڕۆژ و شەو نەمکوژێنیتەوە و بەفیڕۆم بدەیت، کاتێک ژوورێک پێویستت پێی نییە گڵۆپەکە بکوژێنەوە، تا ماڵێکی دیکە ڕووناکبکەیتەوە و سوودت بۆ دەوروبەر هەبێت، چونکە تۆ دەبیتە نموونەیەکی خراپ بۆ منداڵەکان و چاو لە تۆ دەکەن، کارەبا بەخشیشێکە ئەگەر پارێزگاری لێبکەین بەردەوام دەبێت.

– دادوەر: تۆ چی دەڵێیت لەم بابەتەدا ئەی کەسی بەفیڕۆدەر.

– تۆمەتبار (کەسی بەفیڕۆدەر): نەخێر وانییە جەنابی دادوەر، ئەوەی ئەم دەیڵێت زیادەڕەوییە، من بەردەوام پێویستم بە کارەبایە.

–سکاڵاکار (کارەبا): ئەم کەسە هەرگیز گڵۆپەکان ناکوژێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر لە ماڵیش نەبێت، بەردەوام ئامێرەکانیان ئیش دەکات.

– دادوەر: ئەی کارەبا تۆ شایەتحاڵت هەیە؟

– سکاڵاکار (کارەبا): بەڵێ جەنابی دادوەر لە دڵۆپی ئاو بپرسە.

– دادوەر: دڵۆپی ئاو تۆ دەڵێیت چی؟

–دڵۆپی ئاو: بەڵێ ڕاستە جەنابی دادوەر، ئەم کەسە زۆر بە فیڕۆدەرە و تەنانەت بەبەردەوامی ئاو دەکاتەوە و نایگرێتەوە و منداڵەکان یاری تێدا دەکەن.

– دادوەر: دوای گوێگرتن لە لێدوانی سکاڵاکار و تۆمەتبار و شایەتحاڵ بڕیار دەدات.

- دادوەر: لەگەڵ کەسەکانی نزیکی بە بێدەنگی گفتوگۆ دەکات و چەکوشەکە هەڵدەگرێت و دەیکێشێت بە مێزەکە دەڵێت: ئارام. . ئارام. . ئارام.. دوای گفتوگۆ بڕیارماندا بەوەی کە ئەم بابەتە زیادەڕۆییە بەرامبەر بەخششەکانی خوای گەورە بێڕێزییە.

- سکاڵاکار (کارەبا ) و (دڵۆپەی ئاو) دەستییان بەرزکردەوە و وتییان:

- بژی دادپەروەری، بژی دادپەروەری.

-دادوەر: پێویستە بەهای بەکارهێنانی کارەبا و ئاو بزانین و بیانپارێزین، بۆ ئەوەی توشی لێپرسینەوە و سزادان نەبین.

-تۆمەتبار (کەسی بەفیڕۆدەر): هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێت: من دانیپێدادەنێم تاوانبارم بە زیادەڕویکردن لە بەکارهێنانی کارەبا و ئاودا و هەرگیز هەڵەیەکی وا دووبارە ناکەمەوە، هیوادارم کە لێمببورن.

_ توێژەر دەستدەکات بە گفتوگۆ کردن لەگەڵ منداڵەکان دەربارەی ڕووداوەکانی نواندنەکە و ئەو هەڵانەی کە تێیدا ڕوویانداوە و هۆکارەکانی ڕاستکردنەوەیان.

* هەڵسەنگاندن:

_ توێژەر داوا لە منداڵەکان دەکات چی لە دانیشتنەکەدا فێربوون بیڵێن.

_پاشان توێژەر سوپاسی منداڵەکان دەکات و جەخت دەکاتەوە لەسەر پابەندبوون بە بەفیڕۆنەدانی ئاو و کارەباوە و پاراستنیان و گرتنی وێنەی وێنە و ڤیدیۆی خۆیان لەکاتی کوژاندنەوەی ڕووناکی زیادە و ناردنی بۆ توێژەر.

دانیشتنی هەشتەم

کات بە نرخە

* ئامانجە گشتییەکان:

_گەشەپێدانی بیرپژان و بیرۆکەی نوێ لای منداڵ.

_ گەشەپێدانی ڕۆڵبینین و نواندنی کەسایەتییەکان لای منداڵ.

_گەشەپێدانی کارامەیی گفتوگۆ لای منداڵ.

* ئامانجە ڕێکارییەکان:

_ توانای منداڵ بۆ ئەنجامدانی کارەکان لە کاتی خۆیدا.

_ توانای منداڵ بۆ بەرجەستە کردنی ڕۆڵی کەسەکانی ناو چیرۆکەکە.

_ئەنجامدانی چالاکی گۆرانی وتن دەربارەی گرنگی کات.

* هۆکارە فێرکارییە بەکارهاتووەکان:

-ئامێری مۆسیقا، کاتژمێری فێرکاری، کەلوپەلی نواندن، کاغەز و قەڵەمی ڕەنگا و ڕەنگ.

* کاتی چالاکییەکان:

ماوەی ئەنجامدانی چالاکییەکان (30) خولەک دەخایەنێت ماوەی (20) خولەک بۆ چالاکییەکان و (10) خولەک بۆ گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن.

* ناوەڕۆکی چالاکییەکان:

توێژەر پاش سڵاوکردن لە منداڵەکان، شێوازی دانیشتنی منداڵەکان دەکات بە شێوازی نیوە بازنەیی، پاشان بۆ وروژاندنی مێشکی منداڵەکان دەڵێت: ئەمڕۆ کە هاتم بۆ باخچە منداڵێکم بینی

بەجلی باخچەوە دانیشتبوو ئەگریا، لێم پرسی: بۆ ئەگریت؟ وتی لەبەرئەوەی درەنگ هەستام لەخەو، پاسی باخچە بەجێی هێشتم، ئەمە چیرۆکێکم بیردەخاتەوە، ئەمڕۆ دەمەوێت بۆتان باسبکەم.. پاشان توێژەر دەستدەکات بە خستنەڕوووی چیرۆکەکە.

کات بەنرخە

ئەلەند کوڕێکی زۆر تەمەڵ بوو هەمیشە کارەکانی دوادەخست، ڕۆژێک باوکی بانگی کرد و پێیوت: کە پێویستە تێبگات کە چەندە کات گرنگە و بە نرخ و بەبەهایە، نابێت هەرگیز کات بەفیرۆ بدەیت و کارەکانت دوابخەیت.

ئەلەند بەڵێنی بە باوکی دا کە هەرگیز کارەکانی دواناخات و گرنگی بە کاتەکانی بدات.

لەپڕ جەڕەسی تەلەفونەکە لێیدا کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی بوو، بە ئەلەندی ڕاگەیان کە لە پێشبڕکێی گۆرانی وتنی قوتابخانەدا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، پێویستە لە هەمان ڕۆژدا بچێت خەڵاتەکەی وەربگرێت.

وەک هەمیشە ئەلەند گرنگی بە قسەی بەڕێوەبەرەکەی نەدا و دوایخست بۆ ڕۆژی دواتر.. بۆ بەیانی چوو خەڵاتەکەی وەربگرێت.

بەڵام بەداخەوە ئێستا خەڵاتەکەی هیچ سوودێکی نییە، چونکە بلیتی سێرکێک بوو کە لەو ڕۆژەدا ئەنجامدەدرا کە پەیوەندی پێوەکرا بوو.

کەواتە ئەلەند وانەیەکی لەم ڕووداوەوە وەرگرت کە کات بە نرخە و پێویستە کارەکان لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت و دواینەخەیت.

_توێژەر دوای خستنەڕووی چیرۆکەکە پرسیارێکی گشتی لە منداڵەکان دەکات سەبارەت بەوەی چۆن بتوانین کارەکانمان لە کاتی خۆیدا ئەنجامبدەین؟

-بەم شێوەیە توێژەر وا لە منداڵەکان دەکات کە مێشکییان بجولێت و هەریەکە و بیرۆکەیەکی هەبێت و بیرۆکەی هەریەکە لە منداڵەکان لەسەر تەختەکە دەنوسێت و گرنگترین بیرۆکەکان گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

* هەڵسەنگاندن:

_ توێژەر داوا لە منداڵەکان دەکات کە نواندنی کەسایەتی چیرۆکەکە بکەن.

_توێژەر کاغەز و قەڵەم دەدات بە منداڵەکان کە وێنەی سێوێک بکێشن بە کاتێکی کەم، هەرکەسێک بە کەمترین کات تەواوی بکات خەڵات دەکرێت.

_توێژەر سوپاسی منداڵەکان دەکات جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگی کات و پێکەوە گۆرانی لەسەر کات دەڵێن.

دانیشتنی نۆیەم

کاتە بەتاڵەکانم بە یاریی بەسەر دەبەم

* ئامانجە گشتییەکان:

_گەشەپێدانی فێربوون لەڕێی یارییەوە لای منداڵ.

_ چێژ بینین لە ئەنجامدانی یارییەکان.

_چێژ بینین لە کاری هەرەوەزی.

* ئامانجە ڕێکارییەکان:

_ هۆشیاری منداڵ بۆ بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانی بە یاریی.

_پابەندبوونی منداڵ بە کات و یاسای یارییەکانەوە.

* هۆکارە فێرکارییە بەکارهاتووەکان:

_ژمارەیەک تۆپی سوور و زەرد، دوو سندوقی کارتۆن، یاریی پلاستیکی، سیدی پلەیەر بۆ مۆسیقا، شەش پاڵوی پلاستیکی (میکانۆ).

* کاتی چالاکییەکان:

ماوەی ئەنجامدانی چالاکییەکان (30) خولەک دەخایەنێت (20) خولەک بۆ چالاکییەکان و (10) خولەک بۆ گفتوگۆ.

* ناوەڕۆکی چالاکییەکان:

توێژەر پاش سڵاو کردن لە منداڵەکان پێیان ڕادەگەیەنێت کە ئەمڕۆ یاریی پێشبڕکێ ئەنجامدەدەین، توێژەر یاسا و کات و چۆنیەتی ئەنجامدانی یارییەکەیان بۆ ڕووندەکاتەوە و کە پێویستە پابەند بن پێوەی.

یاریی کۆکردنەوەی تۆپەکان

_ توێژەر منداڵەکان دەکات بە دوو گروپەوە و دوو کۆمەڵ تۆپ دەخاتە بەردەم منداڵەکان (سوور بۆ تیمی یەکەم و زەرد بۆ تیمی دووەم).

_پێویستە لەماوەی دیاریکراودا هەر گروپە و زۆرترین تۆپ کۆبکاتەوە، هەر منداڵە و بە ڕاکردن بیبات بیخاتە ناو ئەو سەبەتەیەی کە بۆیان دیاریکراوە، ئینجا بگەڕێتەوە و بچێتە دواوە، واتە دەبێت گروپی یەکەم تۆپە سوورەکان بخاتە ناو سەبەتەکەی خۆیان و گروپی دووەمیش تۆپە زەردەکان بەپێی ئەو کاتەی بۆیان دیاریکراوە.

_توێژەر یارییەکی پلاستیکی بچووک وەک دیاری و پاداشت دەدات بەو منداڵانەی کە پابەند بوون بە کات و ڕێنماییەکان.

_توێژەر و منداڵەکان چەپڵە بۆ تیمی براوە لێدەدەن کە زۆرترین تۆپییان کۆکردووەتەوە.

یاری دروستکردنی هەرەمەکان

_توێژەر لەبەردەم هەر گروپێک لەو دوو گروپە، کۆمەڵێک شەشپاڵوی گەورە و مامناوەند و بچووکی هەیە و شێوازی دروستکردنەکەیان سەرەتا فێردەکات.

_داوا لە گروپەکان دەکات هەر یەکە و هەرەمێک دروست بکات. دەبێت سەرەتا لە ژێرەوە شەشپاڵوە گەورەکان و لە کۆتایی لوتکەی هەرەمەکەش شەشپاڵووە بچووکەکان دابنێن، کام گروپەش بە خێرایی زوو هەرەمەکە دروست بکات ئەوە براوە دەبێت.

_توێژەر پاداشتی ماددی (شیرنەمەنی ) بە تیمی براوە دەدات و هەمان پاداشتیش بەوانە دەدات کە پابەند بوون بە کات و ڕێنماییەکان.

* هەڵسەنگاندن:

_ توێژەر لە منداڵەکان دەپرسێت کە ئایا دڵخۆش بوون بە ئەنجامدانی یارییەکان و گرنگی کاتییان بۆ دەرکەوت کە هەندێک کەس براوە بوون؟

_توێژەر داوا لە منداڵەکان دەکات کە ئەنجامدانی چالاکییەکی خۆیان لە کاتی دیاریکراودا ڤیدیۆ بکەن بۆ توێژەری بنێرن.

دانیشتنی دەیەم

گرنگی تەکنەلۆژیا لە ئاسانکردنی کارەکاندا

* ئامانجە گشتییەکان:

_گەشەپێدانی کارامەیی گفتوگۆ لای منداڵ.

_ کارامەیی گوێگرتن لە چیرۆک و ئامۆژگاری.

* ئامانجە ڕێکارییەکان:

_ توانای منداڵ بۆ وێناکردنی ژیان بەبێ تەکنەلۆژیا.

_هۆشیاری منداڵ بۆ سوودەکانی تەکنەلۆژیا.

_هۆشیاری منداڵ بۆ ئاسانکاری تەکنەلۆژیا و کەمکردنەوەی تێچوو و کاتی هەندێک شتی دیکە.

* هۆکارە فێرکارییە بەکارهاتووەکان:

_لاپتۆپ، مۆبایل، ئایپاد، کارتی رەنگا و ڕەنگ، وێنەی هەندێک لە ئامێرە کارەباییەکانی دیکەی لەسەرە.

* کاتی چالاکییەکان:

ماوەی ئەنجامدانی چالاکییەکان (30) دەخایەنێت (20) خولەک بۆ چالاکییەکان و (10) خولەک بۆ گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن.

* ناوەڕۆکی چالاکییەکان:

توێژەر پاش سڵاو کردن لە منداڵەکان دەستدەکات بە خستنەڕووی بابەتەکە بە گفتوگۆ و پرسیار کردن.

محەمەد و لۆنا

– محەمەد: بۆچی شتەکان هەمیشە دەشکێن؟

– لۆنا: محەمەد هەموومان هەڵە دەکەین، کەس بێ هەڵە نییە، تەنانەت کۆمپیوتەریش.

– محەمەد: بەڵام تەکنەلۆژیا دەبێت ژیان ئاسانتر بکات، وانییە؟

-لۆنا: بەڵێ وایە، ئاسانتری دەکات، هەندێک کەس دەڵێن: تەکنەلۆژیا ژیانی بەرەوپێش بردووین، بەهۆی خێرا ئەنجامدان و تەواو کردنی کارەکانی ڕۆژانەمان کە وادەکات کاتێکی زیاترمان پێدەدات بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە چێژییان لێوەردەگرین.

- محەمەد: چۆن وادەکات؟

- لۆنا: تۆ ئەمڕۆ دەتوانی خێراتر خواردن دروست بکەیت و قاپەکانیش بە قاپشۆر بشۆیت و جلەکان خێراتر بشۆی لە جاران، بەمەش خەڵک ئەو کاتە زیادەیە بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی سەرنجیان لەسەر شتە گرنگەکان بێت، وەکو بەسەربردنی کات لەگەڵ خێزانەکانیان، تەکنەلۆژیا ئاسانکاری کردووە بۆ هەموو کەسێک لە پەیوەندی کردن لەگەڵ خزمەکانمان لە هەموو شوێنێکدا لەڕێگەی نامە و تەلەفۆن و کامێراوە. لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دەتوانین ژیانی نەخۆش ڕزگار بکەین بەهۆی پێشکەوتنی ئامێری پزیشکییەوە، تەنانەت دەتوانین ئەرکەکانی باخچە و قوتابخانەش بە مۆبایل و ئایپاد و کۆمپیوتەر ئەنجامبدەیت، بەمەش کەمتر کاغەز بەفیڕۆ دەدەین و تێچووی ئەوەمان بۆ دەگەڕێتەوە.

- محەمەد: هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کە تەکنەلۆژیا ئەوەندە گرنگ بێت لە ژیانماندا و کارەکانمان بۆ ئاسان بکات.

- لۆنا: چۆن تەکنەلۆژیا کاریگەریی لەسەر ژیانی تۆ هەبووە؟

- محەمەد: من تێبینی ئەوەم کردووە فێربوونی شتە نوێیەکانی ئاسانتر کردووە بۆم.

- لۆنا: چۆن وایکردووە؟

-محەمەد: کاتێک من پێویستم بە فێرکاری وێنەکێشانە، ڕاستەوخۆ لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە فێرکارییەکەی فێردەبم.

– لۆنا: ڕاستە ژیان بەردەوام لە پێشکەوتندایە و تەنکەلۆژیا ئامڕازێکە یارمەتیمان دەدات لە پێشکەوتنی کۆمەڵگادا، بەڵام نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کە زۆر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا پێویستی بە پارەی زۆر هەیە پێویستە بەپێی پێویستی بەکاریبهێنین.

_ توێژەر شێوازی دانیشتنی منداڵەکان دەکات بە شێوازی پیتی U.

_پاشان توێژەر کارتی چاپکراوییان پیشان دەدات تا ئامێرەکان بناسن.

_ پاشان توێژەر بە پرسیارێک دەسپێدەکات کە ئایا ئەگەر تەکنەلۆژیا نەبووایە ژیان چۆن دەبوو؟

_ دواتر هەریەک لە منداڵەکان وەڵامێکی دەبێت و گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لە نێوان منداڵ و منداڵ یاخود توێژەر منداڵ دەستپێدەکات.

* هەڵسەنگاندن:

_توێژەر بۆ هەر منداڵێک ناوی ئامێرێک دەهێنێت و داوا دەکات شێوازی کارکردن و سوودەکانی بڵێت.

_توێژەر لە منداڵەکان دەپرسێت چ ئامێرێکت حەزت لێیە و بۆچی؟

_ پاشان توێژەر سوپاسی منداڵەکان دەکات کە هاوکاری بوون و دیارییان بەسەردا دابەش دەکات.

دانیشتنی یانزەیەم

دییە چاوی سووربۆتەوە

* ئامانجە گشتییەکان:

_ گەشەپێدانی ڕۆڵبین لای منداڵ و توانای بەرجەستە کردنی ڕۆڵەکان.

_گەشەپێدانی فێربوون بە دۆزینەوە لای منداڵ.

_توانای چارەسەری کێشە لای منداڵ.

* ئامانجە ڕێکارییەکان:

_بەکارهێنانی تەلەفزیۆن و مۆبایل و ئایپاد لە دوورەوە و لەکاتی پێویستدا و بە ڕێکخراوی.

_هەستکردن بە هەڵە بەکارهێنانیان و لێکەوتنەوەی ئەو دەرئەنجامە خراپە.

* هۆکارە فێرکارییە بەکارهاتووەکان:

_کەلوپەلی جوانکاری بۆ ڕەنگکردنی چاوی منداڵەکە.

_مۆبایل و ئایپاد.

*کاتی چالاکییەکان:

ماوەی ئەنجامدانی چالاکییەکان (30) خولەک دەخایەنێت (20) خولەک بۆ چالاکییەکان و (10) خولەک بۆ هەڵسەنگاندن و گفتوگۆ.

* ناوەڕۆکی چالاکییەکان:

_توێژەر پاش سڵاوکردن لە منداڵەکان و بۆ وروژاندنی مێشکی منداڵەکان، چەند پرسیارێک ئاڕاستەی منداڵەکان دەکات بەوەی ئایا ڕۆژی چەند کاتژمێر مۆبایل و ئایپاد بەکاردەهێنی؟ ئایا زۆر نزیکی دەکەیتەوە؟ دواتر توێژەر دەڵێت ئەمڕۆ کەسێکتتان نیشان دەدەم کە چاوی سووربۆتەوە با بزانین هۆکارەکەی چییە.

_ توێژەر یەکێک لە منداڵەکانی هەڵبژاردووە و کەل و پەلی جوانکاری داوە لە چاوی تا ئامادە بێت بۆ نواندنەکە.

_ پاشان منداڵەکە دەگری و دەڵێت چاوم ئازاری هەیە.

_توێژەر داوا لە منداڵەکان دەکات کە لێی نزیک ببنەوە تا هۆکاری سووربوونەوەی چاوی منداڵەکە بدۆزنەوە.

_توێژەر سەرەتا منداڵەکان سەربەست دەکات لە دۆزینەوەی هۆکارەکە.

_پاشان کە نەیانزانی توێژەر ئاڕاستەیان دەکات بە دۆزینەوەی نیمچە ئاڕاستەکراو و ئاڕاستەکراو کە وردە وردە بەرەو دۆزینەوەی کێشەکە دەڕۆن و هۆکارەکەی دەدۆزنەوە بە خستنەڕووی مۆبایل و ئایپاد بۆ ئاسانکاری دۆزینەوە بۆ منداڵەکان.

* هەڵسەنگاندن:

-_ توێژەر لە منداڵەکان دەپرسێت ئایا چارەسەرتان لایە تا بەم شێوازەتان لێنەیەت؟ منداڵەکانیش وەڵامدەدەنەوە و توێژەر وەڵامەکانیان گفتوگۆ دەکات.

_ منداڵ پێویستە باس لە کێشەیەک بکات کە لە ژیانی خۆی، یاخود کەسانی چواردەوری ڕوویداوە سەبارەت بە خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و ئایپاد.

_توێژەر سوپاسی منداڵەکان دەکات و دیارییان بەسەردا دابەش دەکات.

دانیشتنی دوانزەیەم

به پاشەکەوتکردنی پارە، کاتی خۆش بەسەر دەبەین

* ئامانجی گشتییەکان:

_ پەرەپێدانی گوێگرتن لە چیرۆک و فێربوون لێوەی لای منداڵەکان.

_گەشەپێدانی لێهاتوویی گفتوگۆ لای منداڵەکان.

_دانانی ئامانج بۆ داهاتوو.

* ئامانجە ڕێکارییەکان:

_ پاشەکەوتکردنی بڕێک لە پارەی ڕۆژانە لای منداڵ.

_هۆشیاری منداڵ بۆ بەدەستهێنانی شتێک کە حەزی لێیەتی بەهۆی خەرجنەکردنی هەموو پارەکەی.

_گوێڕایەڵیکردنی باوک و دایک بۆ بەهەدەرنەدانی هەموو پارەی ڕۆژانە.

_ سوود بینین لە کاری باشی هاوڕێکەی کە پارەی پاشەکەوتکردووە.

* هۆکارە فێرکارییە بە کارهاتووەکان:

_کارتی ڕەنگا و ڕەنگ کە وێنەی منداڵانی ناو چیرۆکەکەی لەسەر چاپککراوە.

_دەخیلەی منداڵان.

_هەندێک یاریی ژمارە بۆ زانینی لێدەرکردنی پارەی منداڵەکان.

_پارە.

* کاتی چالاکییەکان:

ماوەی ئەنجامدانی چالاکییەکان (30) خولەک دەخایەنێت کە (20) خولەک بۆ چالاکییەکان و (10) خولەک بۆ گفتوگۆ.

* ناوەڕۆکی چالاکییەکان:

_توێژەر پاش سڵاوکردن لە منداڵەکان لێیان دەپرسێت کە ئایا هەر یەک لە ئێوە دەخیلەی هەیە؟ ئایا پارە دەکەنە ناو دەخیلەکانتانەوە؟ ئایا سوودتان لە پارەکەی بینیوە تا شتی جوانی

پێبکرێن؟ هەریەکە و وەڵامێکی دەبێت و توێژەر دەڵێت دەمەوێت ئەمڕۆ چیرۆکێکتان بۆ بگێڕمەوە لەسەر دوو منداڵ کە پارەکەیان خستە ناو دەخیلەکەیان تا گەشتێکی خۆشی پێبکەن لەگەڵ دایک و باوکییاندا.

چیرۆکی ئەژین و سارا

-باوک: ئەمە خەرجی هەفتانەی تۆیە، دڵنیابە لە ماوەیەکی کەمدا هەموو پارەکانت خەرج نەکەیت و شتی بێکەڵک نەکڕیت، چونکە پێشدەستپێکردنی هەفتەی داهاتوو هیچ پارەیەکی ترت دەستناکەوێت.

-ئەژین: یەکێک لە هاوڕێکانم وتی هەموو ڕۆژێک ئەوەی پێویستی پێیەتی لە خەرجییەکانی دەیکڕێت و باقی پارەکەی پاشەکەوت دەکات، دواتر لەکاتی پێویستدا سوودی لێوەردەگرێت، بیرۆکەیەکی زۆر باشە، منیش هەمان شت دەکەم.

-سارا: بیرۆکەیەکی زۆر باشە، پێتچۆنە هەندێک پارە پێکەوە پاشەکەوت بکەین لە کۆتایی ساڵدا پارە بدەین بە دایک و باوکم تا بتوانین گەشتێکی خۆش ئەنجامبدەین.

-ئەژین: من ڕازیم.

-سارا: فەرموو باوکە.

- باوک: ئەمە چییە.

- ئەژین: بڕە پارەیەکی تێدایە کە ڕەنگە زۆر نەبێت، من و سارا کۆمانکردۆتەوە و پاشەکەوتمان کردووە، بۆ ئەوەی بتوانین بچینە گەشتێکی خۆشی هاوینە.

- باوک: ئەوە بیرۆکەیەکی زۆر جوانە بچکۆلانەکەم.

- دایک: تەنها بیرکردنەوە و پاشەکەوتککردنی زۆرترین پارە بۆ ئەنجامدانی کاری بەسوود بیرۆکەیەکی زۆر باشە.

- باوک: دەتانەوێ پشووی هاوین لە کوێ بەسەر ببەن؟

- سارا: دەمانەوێت بڕۆین بۆ لای ڕووبارەکە.

- دایک: بیرۆکەیەکی جوانە و شوێنێکی خۆشە.

- ئەژین: ئێمە دەچین بۆ مەلەکردن.

- دایک: بەڵام نابێت زۆر دوور بڕۆن و دەبێت لە قەراغی ئاوەکە یاریی بکەن.

- باوک: ڕاتان چییە لەسەر دروستکردنی قەڵای خۆڵ.

- ئەژین: من دەچم دروستی دەکەم.

- دایک: چ خۆرئاوا بوونێکی نایابە.

-ئەژین: چ قەڵایەکی جوانمان دروستکرد.

- باوک: گەشتێکی خۆش بوو بەهۆی ئەو پارەیەی پاشەکەوتتان کردبوو کاتێکی خۆشمان بەسەر برد.

- سارا: کەواتە من و ئەژین هەموو ڕۆژێک پارە پاشەکەوت دەکەین بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژێک بێینە ئێرە.

_ توێژەر بڕێک پارە دابەشدەکات بەسەر منداڵەکاندا و دەخیلەکە دادەنێت داوا لە منداڵەکان دەکات کە بیکەنە ناو دەخیلەکە و لەو پارەیە کە پاشەکەوت دەبێت، دیارییەکی جوانی پێبکڕن بۆ باخچەکەیان.

_توێژەر یارییەک دەخاتە بەردەم منداڵەکان ژماردنی ئەویان بۆ دەکات کە بڕێک لەو پارەیەی کە ڕۆژانە هەیانە پاشەکەوتی بکەن چەندی دەمێنێتەوە.

* هەڵسەنگاندن:

_ توێژەر گفتوگۆ لەگەڵا منداڵەکان دەکات کە ئایا چیرۆکەکەی ئەمڕۆیان بەدڵ بوو؟ چ شتێکی سەرنجڕاکێش بوو بەلایانەوە؟ منداڵەکانیش هەریەکە بیرۆکەیەکی دەبێت وگفتوگۆی دەکەن.

_ توێژەر بە منداڵەکان دەڵێت: کە بەڵێنبدەن لەمەودوا ئەو بڕە پارەیەی کە زیادە پاشەکەوتی بکەن شتی بێکەڵکی پێنەکڕن تا سوود لەو پارەیە ببینن و شتی باشی پێبکڕن و کاتی خۆشی پێبەسەر ببەن.

_ توێژەر بە منداڵەکان دەڵێت: ئایا ئێوە هاوکاری دایە و بابە دەکەن بە پاشەکەوتککردنی بڕێک لە پارەی ڕۆژانەتان.

_ توێژەر سوپاسی منداڵەکان دەکات و دیارییان بەسەردا دابەش دەکات.

## دانیشتنی سیانزەهەم

## دەخیلەی بیرۆکەکان

* ئامانجە گشتییەکان:

_ گەشەپێدانی فێربوونی هەرەوەزی لای منداڵ.

_ گەشەپێدانی لێهاتویی گفتوگۆ لای منداڵ.

* ئامانجە ڕێکارییەکان:

_ هۆشیاری منداڵ بۆ ئەوەی کە هەر شتێک بیرۆکە بوو، یاخود وێنە کە گرنگ بوو لە لایان دەتوانن لە دەخیلەکانیاندا بیپارێزن.

_پاراستنی دەخیلەکەیان لە شوێنێکی باش و گونجاو.

_ گەشەپێدانی کاری هەرەوەزی بۆ ئەنجامدانی کاری بە کۆمەڵ.

_ دروستکردنی چەند دەخیلەیەک لە لایەن توێژەر و منداڵەکانەوە.

* هۆکارە فێرکارییە بەکارهاتووەکان:

_کارتی ڕەنگا و ڕەنگی چاپکراو بە وێنەی کەسایەتی چیرۆکەکە.

_کۆمەڵێک یاریی فێرکاری، پارە.

_هەندێک کارتۆن و قتوی بەتاڵی ناو ماڵ، قردێلەی ڕەنگا و ڕەنگ، گوڵی دەستکرد.

_چەسپ، مقەستی بچووکی پلاستیکی، کاغەزی ڕەنگا و ڕەنگ.

* کاتی چالاکییەکان:

ماوەی ئەنجامدانی چالاکییەکان (30) خولەک دەخایەنێت کە چیرۆک و چالاکی دەستی لە خۆ دەگرێت.

* ناوەڕۆکی چالاکییەکان:

توێژەر پاش سڵاوکردن لە منداڵەکان، منداڵەکان دابەش دەکات بەسەر چەند گروپێکدا، هەر گروپەش ناو و هێمایەکییان بۆ دادەنێ و چیرۆکێکیان بۆ دەگێڕێتەوە لەسەر دەخیلەی بیرۆکەکان.

دەخیلەی بیرۆکەکان

ئاوات دەخیلەکەی دەرهێنا و بە پێکەنینەوە وتی: ئێستا کە باخچەم تەواو بووە دەتوانم ئەوەی تێدایە دەریبهێنم، ئەوەی حەزم لێیە بیکرم. پاشان کردییەوە و پارەکەی دەرهێنا.

پاشان ئاوات دەخیلەکەی کردە ژێر جێگای نووستنەکەیەوە، پێش ئەوەی بڕواتە دەرەوە لە ژوورەکەی گوێی لە دەنگێک بوو کە دەخیلەکەی بوو پێی وت: دەتەوێت دەستبەردارم بیت ئاوات؟

- ئاوات: نا ئەزیزم هەرگیز واز لە تۆ ناهێنم.

- دەخیلەکە: ئەی بۆچی بەم شێوەیە لە ژێر جێگاکە فڕێم دەدەیت؟

- ئاوات: نا تا ساڵی نوێی خوێندن دەکرێتەوە و دەچمە قوتابخانە تۆ لێرە بەجێدەهێڵم.

-دەخیلەکە: من حەزم لەوە نییە کە ماوەیەکی درێژ بە بێ کار لێرە بەردەوام بم، هەروەها ڕاهاتووم هەموو ڕۆژێک بە بینینی تۆ ئاوات، ناتوانم ئەوەندە ماوەیە جێت بهێڵم.

- پاشان ئاوات دەخیلەکەی هەڵگرت و لەسەر مێزەکەی دانا و بیری لە قسەکانی دەخیلەکە دەکردەوە لە ناکاو دەنگی هاوڕێکەی هات، بەختیار بیرکردنەوەکەی پچڕاند، هاتە لای و بانگی ئاواتی کرد وتی: وەرە بابچینە کتێبخانە فیستیڤاڵی خوێندنەوە کراوەتەوە بۆ هەمووان.

ئەو دوو هاوڕێیە گەیشتنە کتێبخانەکە و هەریەکەیان سەیری ناونیشانی کتێبەکانیان دەکرد، ئاوات کتێبێکی بەدڵ بوو و هەندێک زانیاری بەدڵبوو، چووە لای کارمەندی کتێبخانەکە و داوای پارچە کاغەزێکی بچووکی لێکرد بۆ ئەوەی زانیارییەکانی لەسەر بنووسێت.

ئاوات گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی بۆ ئەوەی بەدوای شوێنێکدا بگەڕێت بۆ هەڵگرتنی ئەو کاغەزانەی کە لە کتێبخانەکەدا زانیاری لەسەر نووسیبوون، لەپڕ گوێی لە دەنگی دەخیلەکەی بوو دەیوت: سەرت لێنەشێوێت ئاوات چونکە من ئەو شوێنەم کە تۆ بەدوایدا دەگەڕێیت.

ئاوات زەردەخەنەی کرد و وتی: بەڕاستی دەخیلە ئازیزەکەم تۆ باشترین شوێنی سەلامەتیت و دەرفەتێکە بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژێک بتوانم بتبینم.

بۆیە بەردەوام ئاوات زانیاری بیرۆکەی لە کتێبەکان کۆدەکردەوە و دەکردە ناو دەخیلەکەیەوە تا کاتی کرانەوەی قوتابخانە هات و پێشبڕکێیەک لە قوتابخانەکە دەستی پێکرد، بۆ باشترین وێنە کە بە دیواری قوتابخانەکەدا هەڵبواسرێت، ئاوات تابلۆکەی خەڵاتی یەکەمی بەدەستهێنا، وا بڕیارە ئاوات خەڵاتەکەی بخاتە ناو دەخیلەکەوە؟

–ئاوات: نەخێر بەڕێز من دەخیلەکەمم هێناوە کە شایەنی خەڵاتەکەیە لەگەڵمان.

– بینەرەکان بە سەرسوڕمانەوە وتیان: ئەوە چۆنە ئاوات؟

–ئاوات زەردەخەنە دەکات و چیرۆکەکەی دەخیلەی هاوڕێی بۆ هەمووان دەگێڕێتەوە.

_توێژەر لەپاش ئەوەی منداڵەکانی کرد بە گروپات و چیرۆکەکەی بۆ خوێندنەوە، باسی لە گرنگی دەخیلە کرد بۆ هەر منداڵێک.

_کەرەستەی پێویستی دروستکردنی دەخیلە بەسەر هەموو گروپەکاندا دابەش دەکات و هاوکارییان دەبێت لە دروستکردنیدا.

_هەر گروپێک جوانترین دەخیلەی دروستکرد، دەبێتە براوەی پێشبڕکێیەکە.

* هەڵسەنگاندن:

_ توێژەر پرسیار لە منداڵەکان دەکات ئایا چیرۆکەکەت بەلاوە خۆش بوو؟ چ شتێکی سەرنجی ڕاکێشاییت؟ چ شتێکیت بەدڵ نەبوو؟

_ ئایا هیچ بیرۆکەیەکی ترت هەیە بۆ پاشەکەوتکردن؟

ـ توێژەر داوا لە منداڵەکان دەکات بە هاوکاری دایک و باوکییان دەخیلەیەکی جوان دروست بکەن و بیهێنن بۆ باخچە.

ـتوێژەر سوپاسی منداڵەکان دەکات بۆ ئەوەی کە هاوکاری بوون و دیارییان بەسەردا دابەش دەکات.

دانیشتنی چواردە

کۆتایی

* ئامانجە گشتییەکان:

ـ سوپاس و پێزانینی توێژەر لە هاوکارییکردنی توێژەر.

* ئامانجە ڕێکارییەکان:

ـ زانینی منداڵ بۆ ئەو چەمک و بەها ئابورییانەی کە لە پڕۆگرامەکەدا بوونیان هەبوو کە لەکاتی دانیشتن و چالاکییەکانی پڕۆگرامەکەدا پراکتیزە کراون.

* ئامانجە مەعریفییەکان:

ـزانینی منداڵ بۆ گرنگیدان و پاراستن بەو بەهایانەی کە لەکاتی جێبەجێکردنی پڕۆگرامەکەدا هەبووە.

ـزانینی منداڵ بۆ ئەوەی کە بەهەدەردان و بە هۆشیاری بەکارنەهێنانیان خراپ بەکارهێنانیان کارێکی نەگونجاوە.

ـ پراکتیزە کردنی لە ژیانی خۆیدا.

* پڕۆسەی چالاکییەکان:

_ توێژەرەکە بەبۆنەی تەواوبوونی پڕۆگرامەکە لەگەڵ منداڵەکان سوپاسیان دەکات بۆ هاوکارییکردنیان لە دانیشتنەکاندا ستایشی بۆچوونەکانیان دەکات، گرنگی ئەو ڕەفتارانەیان بۆ ڕووندەکاتەوە کە فێری بوون، پێویستی پابەندبوونیان بە بەها ئابوورییەکانیان بۆ ڕووندەکاتەوە لە ژیانی کرداری خۆیاندا.

_توێژەر دیاری دابەش دەکات بەسەر منداڵەکاندا و ئاهەنگ دەگێڕێت.

_ توێژەر ڕۆژی دواتر تاقیکردنەوەی پاشەکی منداڵەکان ئەنجامدەدات.

حكومة أقليم كردستان – العراق

وزارة التعليم العالي و البحث العلمي

جامعة السليمانية

كلية التربية الأساسية

قسم رياض الأطفال

# فعالية برنامج تدريبي قائم على بعض استراتيجية التعلم النشط لتنمية القيم الاقتصادية لدى طفل الروضة

رسالة ماجستير

مقدمة الى مجلس كلية التربية الاساسية في جامعة السليمانية وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في قسم رياض الأطفال / تخصص رياض الأطفال

من قبل :

**شاجوان عبدالله احمد**

بأشراف :

**أ.م.د.عبدالصمد احمد محمد**

2723 كردي | 2023 ميلادي | 1440هجري

## ملخص البحث

يهدف البحث الى معرفة فعالية بناء برنامج تدريبي لتنمية القيم الاقتصادية لدى طفل الروضة. ثم وضعت الباحثة أربع فرضيات رئيسية لأهداف البحث. لقد تكون حدود البحث من الاطفال الرياض الذين تتراوح أعمارهم بين (5) سنوات للعام الدراسي (2022 – 2023).

ولتحقيق هدف البحث استخدمت الباحثة المنهج التجريبية الذي يعتمد على المجموعتين (التجريبية والضابطة). لقد تكون مجتمع البحث من (3587) طفل الروضة في مديرية تربية رانيه ، وأختيرت (24) طفلا و طفلة كعينة البحث ، (12) طفلا للمجموعة التجريبية ، و (12) طفلا للمجموعة الضابطة . قامت الباحث من اعداد أداة البحث مقياس القيم الأقتصادية المصور التي تكونت من (30) فقرة موزعة على (6) مجالات تحتوى كل منها على (5) فقرات.

وبعد ذلك تم التأكد من صدق وثبات المقياس تم تطبيقه على عينة البحث . أما لبناء البرنامج تدريبي لتنمية القيم الأقتصادية لدى طفل الروضة اعتمدت الباحثة على استراتيجيات التعلم النشط التي تتكون من استلااتيجياته (التعلم التعاوني، المناقشة، لعب الادوار، حل المشكلات، العصف الذهني، التعلم بالأكتشاف، التعلم باللعب، سرد القصص)، أعتمدت الباحثة من الدراسات السابقة ، فقد تكون البرنامج من (14) جلسة ، جلستان في الاسبوع ، واستغرقت (30) دقيقة لكل جلسة.

ومن أهم الوسائل الاحصائية اختبار (T) للعينتين (Independent Samples T.test) للأختبار (القبلي و البعدي) المجموعتين ( التجريبية و الضابطة).

وقد توصل البحث الى أن :

1.البرنامج التدريبي على استراتيجية التعلم النشط ، لها تأثير على تنمية القيم الأقتصادية لدى طفل الروضة.

2. وجود الفرق بين الاختبار ( القبلي و البعدي ) للمجموعة التجريبية أن البرنامج كان فعالاً لصالح الاختبار البعدي.

3.عدم وجود فرق بين الاختبار القبلي و البعدي للمجموعة الضابطة حيث اظهرت الى ان طريقة التدريس التقليدية لم تحدث اي تغير في نتائج اختبار المجموعة.

الكلمات المفتاحية: البرنامج التدريبي، التعلم النشط، القيم الاقتصادية.

## Summary of Research

The aim of this study is to determine the effectiveness of a training program to develop economic values among kindergarte orchild. The researcher set four main hypotheses in order to achieve the objectives of the study. The scope limit of this study is kindergarten children aged (5) years for the academic year (2022-_2023).

In order to achieve the objective of the study, the researcher used an experimental method that relies groups (experimental and controlled). The study popalation consists of (3587) kindergarten children in Ranya Education Directorate. The sample consisted of 24 children,12 boys and12 girls, 12 children for the experimental group and 12 children for the control group. The research tools consist of preparing a pictorial scale of economic values, the scale consists of (30) items and the items are divided into (6) areas that contain (5) items for each area. experiential) is Then the researcher developed a training program to develop economic values among kindergarten childrent,The researcher relied on active learning strategies consisting of ( Cooperative learning,Discussion strategy, Role playing, Brainstorming, problem Solving, Discovery strategy, Play strategy,Story stategy). For this purpose, the researcher used previous research. The program consisted of 14 sessions, 2 sessions per week and, 30 minutes for each session.

SPSS was used in the statistical analysis of data and results. The most important statistical tools used were the (Independent Samples T.test) for the preliminary and post hoc tests of the experimental and control groups. . . . .

The most important results of the study were:

1. Training programs on active learning strategies have an impact on the development of economic values in kindergarten children.

2.The difference between the preliminary and post test of the experimental group showed that the program was effective in favor of the post test.

3. The lack difference between the preliminary and post test of the control group reflects the fact that the traditional teaching method did not make any change in the results of the group.
Key words: Training Program , Active Learning , Economic Values.

KURDISTAN REGION – IRAQ
MINISTRY OF HIGHER EDUCATION AND SCIENTIFC RESEARCH UNIVERSITY OF SULAIMANI COLLEGE OF BASIC EDUCATION KINDERGARTEN DEPARTMENT

# The Effectiveness of a Training Program based on some Active Learning Strategy to develop the Economic Values of the Kindergarten Child

A THESIS

Submitted to The Council of the College of Basic Education , University of Sulaimani as a Partial Fulfilment for the Requirements of the Master Degree in Kindergarten department / Kindergarten

By

**Shajwan Abdulla Ahmed**

Supervised by

Asst.Prof.Dr. Abdullsamad Ahmed Muhammed

1444AIH 2023AD 2723k